## پیرۆزبایی سەرۆکی کوردستان بۆ گەلی کۆماری باشوری سۆدان:


# ئەو ئەزموونەی ئێوە ئەزموونێکی زیندووە و سەلماندی کە هەر میللەتێک ئیرادەی سەربەخۆبوونی هەبێ هەر دەبێ رۆژێک لە رۆژان بگاتە ئەو ئامانجە

بەبۆنەی راگەیاندنی دەوڵەتی کۆماری باشـــوری سۆدان، بەرێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاســـتەی بەریز ســـیلفا کیر ســـەرۆک کۆماری دەوڵەتی باشوری سۆدان کرد، ئەمەش دەقی پیرۆزبایی نامەکەیە:

**بەرێز سیلفا کیر**
**سەرۆکی کۆماری باشووری سودان**
**سڵاو ورێز**

ئەمرۆ رۆژێکی پرشنگدارە نەک هەر لە مێژووی گەلی باشووری سودان بەڵکو لە مێژووی گەلانی گشت جیهاندا، بە تایبەتی ئەو گەلانەی کە خاوەن خەباتێکی دوور و درێژن بۆ گەیشـــتن بە ســـەربەخۆیی خۆیـــان، ئەوانەی کە مێژوو رۆژێک لـــە رۆژان غەدری لێکردن و نەیانتوانی ســـەربەخۆیی خۆیان وەدەست بێنن.
زۆر بە پەرۆشەوە پێشوازی لە راگەیاندنی سەربەخۆیی باشووری سودان دەکەین کە دوای پێنج دەیە لە ململانێ گەلی باشوور ئاهەنگی بوونیان بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ گێڕا.
بەم بۆنەیەوە بە ناوی خۆم و گەلی کوردســـتان پیرۆزبایی لە بەرێزتان و تەواوی گەلی باشـــووری ســـودان دەکەم کە ئەمەیش لە ئەنجامی خەباتی ئێوەیە کە چەندین ســـاڵە لـــە پێناو ئەو ئازادی و سەربەخۆبوونە ئەنجامتان داوە.
بە راســـتی ئەو ئەزموونەی ئێـــوە ئەزموونێکی زیندووە و ســـەلماندی کە هـــەر میللەتێک ئیرادەی سەربەخۆبوونی هەبێ هەر دەبێ رۆژێک لە رۆژان بگاتە ئەو ئامانجە.
من بە چاوێکی رێزەوە ســـەیری خەباتی ئێوە و گەلی باشووری ســـودان دەکەم، لە هەمان کاتدا بە ئیعجابەوە ســـەیری جورئەتی سەرکردایەتی کۆماری ســـودان دەکەم کە بەو پەڕی لە خۆبوردییەوە رێز لە بڕیاری گەلی باشـــووری گرت لەو راپرســـییەی کە بۆ ئەم مەبەســـتە لە سەرەتای ئەمساڵدا ئەنجام دراو زیاتر لە ٩٨٪ ی هاوڵاتیانی باشـــوور دەنگیان بۆ ســـەربەخۆیی دا، بۆیە هیوادارم لە هەموو شوێنێک بەو نەفەســـە بەرزە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئیرادەی هەر میللەتێک بکرێ کە ئارەزووی سەربەخۆبوونی هەیە.
دووبارە ئەم رۆژە لە ئێوەی بەرێز و گەلی باشووری سودان پیرۆز بێت و ئامادەیی هەرێمی کوردستانیش دەردەبڕم لە پێشکەشـــکردنی هەر هاریکارییەک کە لە توانایدا بێت و ئومێدیش دەخوازم کە گشـــت پێکهاتەکانی ئەم کۆمارە بە گیانێکی پڕ لە خۆشی و شادمانی و پێکەوە ژیانی برایانە بژین.


**لەگەڵ رێزدا**
**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١١/٧/٩**













# دەوڵەتی کۆماری باشووری سۆدان نەخشەی ڕێگە


ڕۆژی شەمەی ڕابردوو کۆماری باشووری سۆدان بەڕەسمی سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاندو بووە دەوڵەتی ژمارە **١٩٣** لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆماری سۆدانی باکووریش بەفەرمی دانی بەم کۆمارە تازەیەدا ناو، لەسەر باڵیۆزخانەکەی لەخەرتوم ئاڵای کۆماری باشووری سۆدان هەڵکرا، ئەم ڕووداوە کە بە یەکەم ڕووداوی مێژوویی بۆ نەتەوە غەیرە عەرەبەکانی نێو دەوڵەتانی عەرەبی لە قەڵەم دەدرێت، ئاماژە بۆ کۆمەڵێك پێشهاتی گەش دەکات کە موژدەی هەمان ئایندە بە نەتەوە بێ دەوڵەتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دەدات، هەروەها چەند ئاماژەیەکی گرنگی لێدەخوێنرێتەوە کە دەکرێت بڵێین ئەوەی لە نەتەوەکانی سەدەی ڕابردوو چ لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاو چ لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ڕوویدا، ئەوا لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە دەبێتەوەو دروست بوونی دەوڵەتی کۆماری باشووری سۆدان یەکەم دەوڵەتی تازەنابێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵکو چەندین دەوڵەتی دیکەی بەدوادا دێت، هەموو مەزندەکانیش بەو ئاڕاستەیەن، بارودۆخی ئێستای کوردستان بۆ ئەم ئایندەیە لە نەتەوەکانی دیکەو تەنانەت فەلەستینیش لەبارترە، لەم چوارچێوەیەدا، دەکرێت پێشبینی گۆڕانکاری گەورە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت:

١- لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کاتێك گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا دەستی پێکرد، ڕێکخستنەوەی بارودۆخەکە پێویستی بەلەدایك بوونی چەند دەوڵەتێکی تازە هەبوو، لەسەرەتاوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر لەدژی ئەوەبوو دەوڵەتی تازە دروست بێتەوە، بەڵام ڕەوتی گۆڕانکارییەکان گەیشتە ئەو ئاستەی کە سیاسەتی نێودەوڵەتی بڕیار بدات، دروست بوونی دەوڵەت بۆ نەتەوە جیاوازەکان تەنیا ڕێگەچارەسەرەو دەبێت ئەو چارەسەرەش قبوڵ بکرێت. هەر ئەم چارەسەرە وایکرد کە ئاشتی و سەقامگیری بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی بەڵکان کە ئەو ناوچەیە هۆکاری هەڵگیرسانی هەردوو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی بووە.

٢- ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆماری باشووری سۆدان بەبێ شەڕ و دانپێدانانی کۆماری باکووری سۆدان بە کۆماری باشووری سۆدان، ئاماژەیەکی دیکەی پۆزەتیڤانەیە بۆ ئەوەی هەنگاوی دیکەی بەدوادا بێت و هۆکارێکی گرنگە بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی دارفۆرو گەڕانەوەی ئاشتی و سەقامگیری بۆ سۆدان، کەماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە لەباری شەڕێکی خوێناویدایە، لەوانەیە سەربەخۆیی کۆماری باشووری سۆدان ببێتە هۆکارێکی ئیجابیانە بۆ ئەوەی کۆماری باکووری سۆدانیش زیاتر










# بۆ چارەسەری کێشەی (نەتەوە) بێ دەوڵەتەکان

بەخۆیدا بچێتەوە.

٣- سەربەخۆیی کۆماری باشووری سودان ڕاستییەکی گرنگی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەلماند، کە فیدراڵیزم چارەسەری کێشەی نەتەوە جیاوازەکان ناکات، بۆیە ئەگەر فیدراڵی یەکێتیەکی ئارەزوومەندانە بێت، ئەوا پێویستە شێوازی چارەسەری فیدراڵیزم بەسەر هیچ نەتەوەیەکدا فەرز نەکرێت، ڕاپرسیەکەی باشووری سۆدان پیشانی جیهانیدا، وێڕای ئەوەی بەپێی ڕێکەوتنی ئاشتی نێوان باشووری سۆدان لەگەڵ خەرتووم، باشووری سۆدان مافی فیدراڵی پێدرابوو، بەڵام کاتێك ڕاپرسی بۆ سەربەخۆی ئەنجامدرا، بە هاوشێوەی ڕیفراندۆمە نافەرمیەکەی ساڵی ٢٠٠٥ی هەرێمی کوردستان، ڕێژەی ٪٩٩-٩٨ دەنگیان بۆ سەربەخۆیدا، ئەمە مانای ئەوەیە ئەگەر شێوازی فیدراڵیزم یان ئۆتۆنومی بەسەر نەتەوە بێ دەوڵەتەکاندا فەرز نەکرێت، ئەوا هیچ نەتەوەیەك بەو چارەسەرانە ڕازی نابێت.

٤- سەربەخۆیی کۆماری باشووری سۆدان، دەبێتە نەخشەی ڕێگە بۆ ئەوەی چیدیکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دەسکاریکردن و دووبارە داڕشتنەوەی سنوورە دەستکردەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەترسێت، هەروەها ئەو وەهمە کۆتایی بێت، کە پارێزگاریکردن بەو سنوورە دەستکردانەوە، هۆکارێکن بۆ ئاشتی و سەقامگیری هەرێمی و نێودەوڵەتی، بەپێچەوانەوە، سەربەخۆیی باشووری سۆدان دەیسەلمێنێت، مانەوەی سنوورە دەستکردەکانی سایکس بیکۆ و بەپیرۆز ڕاگرتنی ئەو سنوورانە هۆکاری سەرەکی هەموو ئەو کێشە خوێناویانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن کە لەماوەی سەد ساڵی ڕابردوو ڕوویانداوە.

٥- سەرەتای بونیادی پێوەندییەکی باش لەگەڵ کۆماری باشووری سۆدان لەلایەن کۆماری باکووری سۆدان و میسرەوە، دەبێتە سەرەتای هاریکارییەکی هەرێمی لەناوچەکە و گرێدانەوەی بەرژەوەندی میسر و باکووری سۆدان بەدەوڵەتانی دیکەی ئەفریقیاوە، ئەمانە وادەکات، شێوازێکی دیکەی پێوەندی سیاسیی و ئابووری هەرێمی لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبی و دەوڵەتانی ناوەڕاستی ئەفریقیا دروست بێت.

ئاماژەکردن بۆ لایەنە ئیجابیەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆماری باشووری سۆدان، ئاماژەکردنە بۆ نەخشەی ڕێگە بۆ چارەسەری کێشە نەتەوەییەکان بەرێگەیەکی ڕاست و دروست، چەند کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوار بە پیادەکردنی ئەم ڕێگە ڕاستە بدات، بۆچارەسەری کێشە نەتەوەییە چارەسەرنەکراوەکان، هێندە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست زیاتر هەنگاو بەرەو سەقامگیری و ئاشتی هەڵدەگرێت، زیاتریش بەرەو کرانەوەو دیموکراتی هەنگاو هەڵدەگرێت.



زۆرن ئەو جارانەی کە تیایاندا، سیاسەتمەدارو رووناکبیرانی کوردستان جەختیان لەسەر کۆبوونەوەی هەموو لایەك کردۆتەوە لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، لە پێناوی بەرژەوەندی باڵای گەلی کوردستاندا.

بەڵام ئاشکرایە کە بەرژەوەندیی هاوبەش و، چارەنووسی هاوبەش و کۆك بوون لەسەر خاڵە هاوبەشەکان، هەر هەموویان ئەو چەمکە مەعنەوی و واتاییانەن، کە بۆ بەرجەستە کردنیان لە ژیانی رۆژانەدا پێویستییەکی زۆرمان بە دۆزینەوەی میکانیزمی هاوبەش هەیە، چونکە چوار چێوە هاوبەشەکانن کە بەرژەوەندیی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەش دەپارێزن.

یەکێك لەو میکانیزمانەی کە خەڵکێك لە دەوری خۆیدا کۆ دەکاتەوەو، چارەنووسیشیان بەیەکەوە گرێ دەدات و، خەمی هاوبەش و هیوای هاوبەشیان بەرجەستە دەکات، بوونی (ئاڵا)یە.

(ئاڵا) گەرچی لە رەنگێك یان چەند رەنگێك و، لە مەترێك یان زیاتری پارچە قوماشێك دروست دەکرێت، بەڵام لە واقیع دا چەترێکەو، لە سێبەریدا هەزاران کەس و، لەسەر سەدان کیلۆمەتری چوار گۆشەش لە خاك و ئەرز، هاو ئومێدو هاوخەم پێکەوە دەژین.

هاووڵاتییانی خاوەن یەك ئاڵا، هەست بەبوونی نیشتمانی خۆیان دەکەن و، پەیوەندی نێوان ئاڵا لاوەکییەکانی وەك ئاڵای حزب و ئاڵای رێکخراوەو، ئاڵای کۆمپانیاو، ئاڵای یانەو، ئاڵای دەستەو کۆمەڵەکانیش، پتەوتر دەکات و، هەر هەمووشیان لە سێبەری خۆیدا کۆدەکاتەوەو لە ئامێز دەگرێت.

ئەمە جگە لەوەی کە فاکتەرێکی بەهێزە بۆ ناساندنی کیان و قەوارەی سیاسیی هەر گەل و نەتەوەیەك بە کۆمەڵگەی جیهانیی و گەلانی دونیا.

لێرەوەو لەم پێشەکییە پێویستەوە، بوونی ئاڵا، زەرورەتێکی نیشتمانیی و مێژوویی ئەوتۆیە کە ئیسلامیش کە جەخت لەسەر پێویستیی ئیمان و، بەرژەوەندیی خەڵك و، بەها باڵاکانی مرۆڤایەتی دەکات و، میکانیزم و جۆری پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەو گەلانیشی بۆ خۆیان بەجێ هێشتووە، بۆ ئەوەی ئارەزوومەندانەو لەبەر رۆشنایی بەرژەوەندیی هەمووواندا، چوارچێوەکان دیاری بکرێن، لەم بوارەدا، لە لای رەوایە کە نەتەوەو گەلانی موسڵمان لەژێر سایەی ئیسلام دا، (ئاڵا)ی تایبەت بەخۆیان هەبێت، چونکە (ئاڵا) فاکتەری کۆکردنەوەی خەڵك و جەماوەرە، هەر لەبەر ئەمەشە لەگەڵ پێکهێنانی دەوڵەت دا لەلایەن پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) لە (مەدینە)دا، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، بوونی (ئاڵا) یەکی بە زەروورەت زانی، بۆیە (ابن عباس) دەڵێت: (كانت راية النبي (صلى الله عليه وسلم) سوداء، ولواءه أبيض) رواه الترمذي وابن ماجه.

ئیمامی (الشوكاني) دەڵێت:- (اللواء وهو الراية ويسمى العلم، وكان الاصل أن يمسكها رئيس الجيش ثم صارت تحمل على رأسه) پاش دەڵێت: (قال ابو بكر ابن العربي: اللواء غير الراية فاللواء مايعقد في طرف الرمح ويلوي عليه والراية ما عقد فيه، ويترك حتى تصفقه الرياح) کەواتە (الرايه) و (اللواء) واتە (ئاڵا) بەڵام (اللواء) واتە ئاڵای پێچراوە، (الرايه)ش واتە ئاڵای کراوە، وەکو ئەوانەی کە ئەمرۆ دەبینرێن.

بەم شێوەیە ئاڵای پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) رەش بووەو، (ليوا) کەشی واتە ئاڵا پێچراوەکەش سپی بووە.

ئەم ئاڵا ناوەندییەو سەرەکییەی دەوڵەتی ئیسلامیش نەبۆتە رێگر لە بەردەم بوونی ئاڵای تایبەتی هۆزو گەلانی دیکەدا، بۆیە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) رێگەی دەدا کە هەرگەل و هۆزێك ئاڵای تایبەتی خۆیان هەبێت لە پاڵ ئاڵای ناوەندیدا .

(ابن كثير) لەبارەی چۆنیەتی چوونە ناو (مەککە)



# ئاڵا و ئایین



عەبدولڕەحمان سدیق

وە دەڵێــت: (ومرت القبائــل على راياتهــا) واتە (هەر هۆزێك لەژێر ئاڵای خۆیدا چوونە مەككەوە). هەر هۆزو تیرەیەكیش ئارەزوومەندانە ڕەنگ و شێوەی ئاڵای خۆیان دیاری كردووە، ئەوەتا (بنو سليم) داوایان كرد كە ئاڵاكەیان (ســوور) بێت، (ابن كثير) دەڵێت:- ((فلما كان عام الفتح خرجت بنو سليم، فلقوا رسول الله (صلى الله عليه وسلم) بقديد وهم ســبعمائة، ويقال كانوا ألفا فأســلموا، وقالوا اجعلنا في مقدمتك واجعل لواءنا أحمر) (أنصار)ەكانیش كە موسڵمانانی مەدینە بوون، ئاڵاكەیان (زەرد) بوو.

(ابن حجر) دەڵێت (وعقد رســول الله (صلى الله عليه وسلم) رايات الانصار وجعلها صفراء).

لەمانەی پێشەوە دەگەینەوە ئەو ئەنجامەی كە دەوڵەتی ئیســلامیی دەوڵەتێكی كراوەی لە چەشنی كۆنفیدراڵییە كــە تیایــدا (ناوەند) ڕێگــە دەدات گــەلان و نەتەوەی خاوەن تایبەتمەندێتی، حكومەت و ســوپاو ئاڵای تایبەت بەخۆیانیان هەبێت.

بۆیە كە عەبباســییەكان ئاڵای ڕەســمی خەلافەتیان (ڕەش) بــوو بەڵام لە چوارچێوەی ئــەو وڵاتە فراوانەدا، (صلاح الدين) دەوڵەتی (ئەیووبی) هەبوو كە رووبەرەكەی لەنێوان كوردستان و (میسر)و (یەمەن) دا بوو، ئەم دەوڵەتە خاوەنی ئاڵای خۆی بوو.

(محەمەد ئەمین زەكی بەگ) لە (كوردو كوردستان) دا سەبارەت بە شوورەی (قاهیرە)و قەڵاكەی دەڵێت: (واقعا ئەم شورەیە زۆرجار (تعمیر)و (تغییر) كرا، بەڵام عەلامەتی بە بەیداخی ســلتان (واتە صلاح الديــن) كە هەڵۆیەكی (سوور) لەســەر زەمینێكی (زەرد)بوو، ئێستاكەش بەسەر یەكێ لەدیوارەكانی قەڵاكەوە ماوە).

ئەمەش لە رووانگەی ئەوەی كە پێغەمبەر (صلى الله عليه وســلم) پێی باش بووە كە هەموو گەل و نەتەوەیەك لەژێر ئاڵای خۆیان دا ئیسلامەتی پەیڕەو بكەن.

عن عمار بن یاســر (رضي الله عنه): ان رســول الله (صلى الله عليه وسلم) كان يستحب للرجل ان يقاتل تحت رايــه قومه) رواه احمد. واتە: پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) پێی خۆش بوو كە هەموو كەسێك لەژێر ئاڵای قەوم و هۆزی خۆیدا بجەنگێت. دیارە ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە مرۆڤ – هــەر مرۆڤێك – لەژێر ئاڵای نەتەوەی خۆی و، لە نێوان خزم و ناســیاوی خۆیدا حەز دەكات ئازایەتی و كارامەیــی خۆی بنوێنێ، هــەر لەوێش دا حەز دەكات كــەم و كوڕیی و كەمتەرخەمی لێ دەرنەكەوێت، ئەمەش ڕاڤەكردنی دەقی قسەی ئیمامی (الشوكانی)یە كە دەڵێت: (انما كان ذلك مشروعا لما يتكلفه الانسان من اظهار القوة والجلادة اذا كان بمرأى من قومه ومسمع، لما جلبت عليه النفوس من محبه ظهور المحاســن بين العشــيرة وكراهة ظهور المساويء بينهم ولهذا أفرد الرسول (صلى الله عليه وســلم) كل قبيله من القبائل التي غزت معه غزوة الفتح بأميرها و (راياتها) كمــا يحكى ذلك فى كتب الحديث والسيرة).

لەبەر ڕۆشــنایی هەموو ئەمانەی پێشــەوە، كوردستان مافی شەرعی خۆیەتی كە دەوڵەت بێت و ئاڵای دەوڵەتی سەربەخۆیشی هەبێت، بەڵام ئەگەر بەرژەوەندی زلهێزانی ســەردەم و سیاســەتی ئەمــڕۆی جیهــان و هەندێك لە وڵاتانی ئیقلیمی، ئەو مافە شەرعی و خوا پێداوەی پێ ڕەوا نەبینن، ئەوا هەتا ئەو ڕۆژە دادێت كە هەموومان پێی شاد دەبین، ئێستا جێگەی خۆیەتی كە هەرێمی كوردستان لە رووانگەی ئەو تایبەتمەندێتییەی كە هەیەتی، خاوەنی ئاڵای خــۆی بێت لە عێراقێكی فیدراڵدا، ئاڵایەك كە لە سایەیدا تەواوی (ڕەنگ) و (دەنگ)ەكان ئازادانە پێكەوە بژین.

ئاڵایەك كە لە سێبەریدا ململانێی نێوان ڕەنگەكان هێور بێتەوە.

ئاڵایەك كە لە هەر شوێنێكدا بەرز بكرێتەوە، ناسنامەی گەلەكەمان و پێناسەی وڵاتمان بێت.



# کێشەی کورد لە تورکیا لە دووڕیانێکدایە؟

# نێچیرڤان بارزانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا کۆمەڵێک بۆچوونی نوێی خستۆتە بەرچاو، تێگەیشتنێکی نوێی تێدا دەخوێندرێتەوە

ئاسۆ کەریم

- کاك نێچیرڤـان بارزانـی لـە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ حەسـەن جەمال-ی پەیامنێـری ڕۆژنامەی «میللیەت»دا، کۆمەڵێ تێبینـی و بۆچوونی نوێی خستنەبەرچاو سەبارەت بە هەنگاونان بۆ چارەسـەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا، کە بەپەرۆشـبوون و تێگەیشتنێکی نوێ هاوکێشـەکانی تێـدا دەخوێندرێتەوە کە تیایـدا دەبێژێ: «تۆپەکـە لە مەیدانی ئەنقەرەیە».

- دیـارە ئـەم هەڤپەیڤینـە دوای دەرکەوتنـی ئەنجامەکانـی هەڵبژاردنی ١٢ی حوزەیران بووە، کـە هەموو لایەك بە کوردیشـەوە بە بەشی خۆیان ڕازی و دڵخۆش بوون. هەرچەند ئەو خۆشحاڵییە زۆری نەخایاند و دەستەی باڵای هەڵبژاردن YSK ئەندامەتی لە کاندیدی سەربەخۆ و هەڵبژێردراوی بازنەی دیاربەکر«محەمەد خەتیب دیجلە» ستاندەوەو، دادگای باڵای دەستووریش تێهەڵچوونەوەی ئەم بڕیارەی YSK ڕەتکـردەوە کە لەلایـەن ناوبراوەوە پێشکەش بە دادگەی دەستووری کرابوو. هەروا دادگە ڕەتیکردەوە کە (٥) کاندیدە براوەکەی تری پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP ئازاد بکات کە بە تۆمەتی پێوەندیی بە (کەجەکە)ەوە، وەکو حەپسی ئیحتیاتی ڕاگیراون.

- لە ٦/٢٨دا، پەرلەمەنتارانی ئاق پارتی AKPو مەهەپە MHP سوێندیان خوارد و دەست بەکاربوون و، جەمیل چیچەك- یان، بە بێ ئامادەبوونی (١٣٥) پەرلەمەنتاری جەهەپە CHPی ئۆپۆزیسـیۆن و (٣٥) پەرلەمەنتاری سـەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP، بە سەرۆکی پەرلەمان هەڵبژارد. دیـارە پەرلەمەنتارانی جەهەپە چوونەتە ناو پەرلەمـان، بەڵام بایکۆتی سـوێندخواردنی پەرلەمەنییـان کردووە، هەرچـی پـەرلەمەنتارانی سـەر بە BDPن، وەکو پەرچەکردارێك بۆ سڕینەوەی ئەندامێتی خەتیب دیجلەی هاوکاریان کە زۆرترین دەنگی لە دیاربەکر هێنابوو، ئەوا نەك هەر بایکۆتی چوونە ناو پەرلەمان و سوێندخواردنیان کردووە، بەڵکە لە جیاتی ئەنقەرە، لە دیاربەکر کۆبوونەتەوە.

- ئەم ڕەوشە، بارێکی ئاڵۆزی سیاسی لە تورکیا دروستکردووەو ئاق پارتی لەسەر ئۆپۆزیسیۆن و کورد ڕانەوەستاو کابینەی نوێـی ڕاگەیاند و بڕیـارە لە ١٥ی ئەم مانگەشـدا، حکومەت کارنامەی خۆی بخاتە بـەردەم پەرلەمان. سـەبارەت بەم ڕەوش و بایکۆتکردنـە، لەناو جەهەپەدا، نیگەرانی دروسـت بووە، کە داخوا سوێند بخۆن، یـان لەسـەر بایکۆتکردنەکەیان بەردەوام بن. هەرچـی پەرلەمەنتارەکانی بەدەپەن، تا ئەم دێڕانە دەنووسـم یەکڕیز وەستاون. هەرچەندە سەرۆکی جەهەپەو دوو پەرلەمەنتاری بەدەپە، هەڵبەت هەردوولا بەجیا، لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان جەمیل چیچەك کۆبوونەتەوە، پێشتریش ئەحمەد تـورك و شـەرەفەدین ئاڵچـی لەگەڵ عەبدوڵڵا گویل-ی سـەرکۆمار لەسـەر هەمان بابەت کۆببوونەوە، لێ تا ئێسـتا ئاسۆی چارەسەری ئەو قەیرانە قانوونییە پەرلەمانییە دیار نییە، کە پەرلەمانی تورکیا لە مێژووی خۆیدا، شـتی وای بەخۆیەوە نەدیوە. ئەگـەرەکان چین؟ یان ئەوەتا بە سازشێك، (٦) کاندیدە براوەکەی بەدەپەو (٢) کاندیدەکەی جەهەپە ئازاد دەکرێن و هەمووان دێنە ناو پەرلەمان و سـوێندی یاسایی دەخۆن و قەیرانەکە بە کۆتا دێت. یان ئەوەتا ئاق پارتی خۆی لە مەسەلەکە مات دەکات و هەردوو لایەنی بەرانبەریش واز لە بایکۆتکردن دێنن و بەو دیفاکتۆیە ڕازی دەبـن و دێنەوە نـاو پەرلەمان، یان ئەوەتا بەردەوام دەبن لەسەر بایکۆتەکەیان و قەیرانەکـە قووڵتر دەبێتەوە، یان کێشـە دەکەوێتە نێوان بایکۆتکـەران خۆیانەوەو بە یەکگرتوویی نامێننەوە، یان قانوونیان بەسـەردا جێبەجێ دەکـرێ. چونکە بە گوێرەی ماددەی ٤٨ی دەستووری تورکیا هەر نوێنەرێکی هەڵبژێردراوی پەرلەمان، بەبێ پاسـاوێکی ڕەوا لە مانگێکدا (٥) کۆبوونەوە ئامادە نەبێت، ئەوا کورسییەکەی لە دەسـت دەدات. بەگوێـرەی ماددەی ٧٨ی دەسـتووریش «ئەگەر کورسـی بەتاڵ لە پەرلەماندا مایەوە، ئەوا دەکرێ بۆ پڕکردنـەوەی کورسـییە بەتاڵەکان، «هەڵبژاردنێکـی تەاوکاری» بۆ بکرێ. بەڵام «هەڵبژاردنی تـەواوکاری» تەنیا یەکجار دەکـرێ و بەلانی کەمەوە دەبێت ٣٠ مانگ بەسـەر هەڵبژاردنی گشتیدا تێپەڕبووبـێ. بـەڵام لەبارێکدا لە ٥٪ی کۆی کورسـییەکانی پەرلەمان کە دەکاتە (٢٨ کورسـی ) بەتاڵ مایەوە، ئەوا دەبێت لە ماوەی سێ مانگدا «هەڵبژاردنی

**هەڤپەیڤینەکەی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دوای دەرکەوتنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ١٢ی حوزەیران بووە، کە هەموو لایەك بە کوردیشەوە بە بەشی خۆیان ڕازی و دڵخۆش بوون.**

**ڕاپۆرتەکەی جەنگیز چانداری سەبارەت بە دۆزی کورد لە تورکیا وەکو «قیبلەنما وایە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا**

تـــەواوكاری» بكرێتـــەوە. هەندێ لە شارەزایان و چاودێرانی سیاسی پێیانوایە، ئەردۆگان هیچ سازشێك ناكات و دەیەوێ قانوون بەســـەر ئەو كاندیدانەدا جێبەجێ بكات كە ســـوێندیان نەخواردووە، چونكە ئەگەر هەڵبژاردنی تەواوكاری بكرێتەوە، ئەوا دوور نییە نیوەی كورســـییەكانی ئەو دوو حزبـــەش (جەهەپەو مەهەپە بەیەكەوە ١٧١ كورســـییان هەیە) بكەوێتەوە دەست ئـــاق پارتی و ئـــەودەم ئـــاق پارتی لە پەرلەمانـــدا نزیكەی ٤٠٠ ئەندامی ببێت و بۆ تێپەڕاندنی دەســـتوورێكی نوێ كە (٢٦٧ دەنگی پێویســـتە) پێویســـتی بە هیچ لایەنێك نەبێت، چونكە وەك هەندێ لە شـــارەزایان دەڵێن تا ١٥ی ئەم مانگە دەرفـــەت بۆ كاندیدەكانـــی هەردوو حزب

**ئاق پارتی خۆی بەر لە ٢ ساڵ زیاتر لە هەلومەرجێكی زۆر ناگونجاوتر لە ئێستا، «دەسپێشكەریی كوردی» یان «كرانەوە بە ڕووی كورددا»ی هێنایە گۆڕێ و و پاشان كردیە بە «دەسپێكەری دیموكراتی، یان كرانەوە بە ڕووی دیموكراسی» و ئێستاش پرۆسەكە بووە بە «پرۆژەی یەكێتی و برایەتی»**

كراوەیە كە ســـوێندنی یاســـایی بخۆن، دەنـــا ڕەنگە دوای پشـــووی رەســـمیی پەرلەمانیی، پەرلەمان دەستوور و قانوون بەسەر كاندیدەكانی هەردوو حزبدا جێبەجێ بكات. بە مەزەندەی من، پاڵدانی رەوشەكە بەم ئاقارەی دوایی رەنگە دوا ئەگەر بێت و پێموانییە ئاق پارتی موجازەفەی وا بكات، وێڕای بێباكی ئاق پارتی كە پشتئەستوورە بە نزیكەی لە ٥٠٪ی دەنگدەرانی توركیاو رەنگە حەلوفەسڵێكی مامناوەندیی بۆ ئەو قەیرانە پەرلەمانییـــە بدۆزێتەوە. چونكە ئاق پارتی خۆی بەر لە ٢ ساڵ زیاتر لە هەلومەرجێكی زۆر ناگونجاوتر لە ئێستا، «دەسپێشكەریی كوردی» یان «كرانەوە بە ڕووی كورددا»ی هێنایە گۆڕێ و و پاشان كردیە بە «دەسپێكەری دیموكراتی، یـــان كرانەوە بە رووی دیموكراســـی» و ئێســـتاش پرۆســـەكە بووە بە «پرۆژەی یەكێتـــی و برایەتی». چونكە بنیاتنانی توركیایەكـــی گەشـــاوەو دیموكرات كە ئەردۆگان تـــا ٢٠٢٣ بەڵێنی هێنانەدی داوە، بەبێ چارەســـەركردنی ئاشتییانەو دیموكراتییانەی كێشـــەی كورد لەو وڵاتە زەحمەتە بێتەدی، ئەگەر نەڵێم ئەستەمەو پێویســـتە تورك وردە- وردە لە «فۆبیای لەبەر یەكهەڵوەشـــانەوەی توركیا» خۆیان قورتار بكەن كە گوایـــە پێدانی هەندێ مافی كەلتووری و سیاســـی بە كوردان یەكسانە بە لەبەریەكهەڵوەشانەوەو پارچە- پارچەبوونی دەوڵەتی توركیا...

- ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە دەرفەتێك هەیـــە بۆ رەوینەی ئـــەو فۆبیایە. ئەوەتا بەر لە ماوەیـــەك، دەزگای TESEV ی توركـــی كـــە ناوەندێكـــی لیبراڵیی دیراســـات و توێژینەوەیـــە، راپۆرتێكـــی جەنگیـــز چانداری ســـەبارەت بە دۆزی كورد لـــە توركیا بڵاوكردەوە بە ناوی «لە چیا هاتنە خـــوارەوە- چۆن دەكرێ چەك لە پەكەكـــە بكرێتەوە؟ پرســـی كورد لە توندوتیـــژی دەربهێندرێ. ئـــەم راپۆرتە، وەكـــو «قیبلەنمـــا وایە بـــۆ دۆزینەوەی چارەسەری كێشـــەی كورد لە توركیا». دیارە جەنگیـــز چاندار ستوونووســـێكی توركە، لە رۆژنامەی رادیكال-ی توركی دەنووســـێت و رووناكبیرێكی دیارو گوێ لە بیروبۆچوونەكانی دەگیرێ و پێوەندی و هامشـــۆی لە نزیكەوە و زۆری لەگەڵ لایەنـــە پێوەندارەكانی كێشـــەی كوردا هەیە، بە حزبە سیاسییەكانی كوردستانی عێراقیشەوە. راستە چاندار وەك نووسەرێكی سیاسی ناسراوە، بەڵام لە بواری كێشەی كـــوردا، وەكـــو «شـــارەزا»یەك چاوی لێدەكرێ. رووی دەمی راپۆرتەكەی چاندار زیاتر لـــە حكومـــەت و دامودەزگاكانی تری دەوڵـــەت و رای گشـــتی و ئینجا پەكەكە و ئۆجەلان و لایەنی تریشـــەو تا ئێستا بەگشتی لەسەر ئاستی نووسەرانی ســـەر بە بەرەی ئاق پارتـــی، تا ڕادەیەك دەتوانـــم بڵێم بـــە ئیجابیەتێكی بەپارێزەوە وەڵامدراوەتـــەوە. چانـــدار بـــەر لەوەی پێشـــنیازو هەنگاوەكان بخاتە ڕوو، قســـە لەسەر پێناســـەكردنەوەی چەمكەكانیش


**بۆ ئەوەی كورد بە شێوەیەكی شەرعی و بە وردی و بە فراوانترین شێوە نوێنەرایەتی خۆیان لە پەرلەماندا هەبێت، پێویست دەكات، بۆ چوونە ناو پەرلەمان، ڕێژەی هێنانی ١٠٪ی دەنگەكان لەسەر ئاستی توركیا كەم بكرێتەوە**

دەكات. ئەو دەیەوێت پێناســـەی كێشەی كورد بكرێتەوەو لە كێشـــەی «تیرۆر»ەوە ناوببرێ بە «یاخیبوون- rebellion». ئەو پێناســـەكردنەوەیە، مانـــاو دەلالاتی خۆی هەیە، چونكە ڕێوشوێن و كارڕایی بەرەنگاربوونەوەو كۆتاییهێنان بە هەر یەك لە تیرۆر و یاخیبوون لێكجیان و لەســـەر ئاســـتی نێودەوڵەتیش دیســـان مامەڵەی جیا-جیا لەگەڵ ئـــەو دوو چەمك و دوو بزووتنەوەیە دەكرێ. لە راستیدا ئەو تەرزە بیركردنەوەیە، نوختەوەرچانێكی گرنگە لە بیرو زەینی نووســـەرانی توركدا. هەڵبەت یەكێك لـــە كارراییەكان بـــۆ كۆتاییهێنان بە یاخیگەرایی «مەبەســـت یاخیگەریی پەكەكەیە» گفتوگۆ و دانوستاندنە.

د. مومتـــاز تۆرگۆنە گوتەنی ئەگەر (٣) پرس هەبێت: پرســـی توندوتیژی كە پەكەكە نوێنەرایەتی دەكات، پرسی كورد لە روانگەی مافەكانی مرۆڤ و خوێندن بە زمانی كوردو مافە كەلتوورییەكانی تر، پرسی كورد وەكو ستاتۆ و باری قانوونی و سیاسی. ئەوا چارسەركردنی هەر كامێك لەوانە، نابێتە كۆتاییهێنان بە دوو پرسەكەی تر، بەڵام یارمەتی چارەسەركردنیان دەدات. بۆ هەنگاونان بەو ئاراســـتەیە، پێویســـتە توركیا وەك یەكدەوڵەتی یەككگرتوو مامەڵە لەگەڵ ئەو پرســـانەدا بكات، نەك بەدیدو تێڕوانینـــی جیا-جیاوەوە. واتە ســـوپا لە لایەك و میت لە لایەكەی ترو حكوومەت لە دیوێكی ترەوە.

هەنگاوەكانی چارەسەری كێشەی كورد لە روانگەی جەنگیز چاندارەوە ئەمانەن:

- هێنانـــە ئـــارای كەشـــوهەوای متمانە بەیەككردن لەنێـــوان حكومەت و پەكەكەدا. پێشـــمەرجی ئەوەش حكومەت هەر كەســـێكی كە بـــە تۆمەتی كەجەكە گیرابێت ئـــازاد بكات، لەوانە ســـەرۆك



شارەوانییە هەڵبژێردراوەکان و کێسەکانیان دابخرێ. ئەگەر حکومـــەت ئەوە بکات، ئەوە بەشـــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی کێشەی «خەتیـب دیجلـــە» و هاوەڵەکانی تری چارەســەر دەبێت. چەنــد حکومەت ئەوە دەکات، ئەوە روون نییە؟

- کەشـــوهەوای متمانـــە بەیەککردن ئەوەدەمە جێگەی خۆی دەگرێت و دەبێتە ئەگەرێکــی کردەنی کە چــەك بێدەنگ کرا. بۆ ئەمەش پێویستە رەوشی «بێ چالاکی» کــە پەکەکە رایگەیاندووە نەك هەر تا ١٥/٧ بەڵکە پێویستـــە تا ســـەر بەردەوام بێت. لەبەرانبەریشدا، سوپا و هێزە تایبەتەکان ئۆپەراسیۆنەکانی خۆیان دژی گەریلاکانــی پەکەکە رابگــرن. هەڵبەت ئەمەش ئەوەدەمـــە مەیســـەر دەبێت، کە دەسەڵاتی سوپایی لە تورکیا بەرفەرمانی دەســـەڵاتی مەدەنــی بێت. بــە داخەوە، هێشـتا ئەم دۆخە نەهاتۆتــە ئاراوەو لەم رۆژانەدا، دیسان ئۆپەراسیۆنەکان دەستیان پێکردۆتەوەو لە هـــەردوو لادا، زەرەروزیان هەبووە.

- بۆ ئــەوەی کــورد بە شـێوەیەکی شەرعی و بە وردی و بە فراوانترین شێوە نوێنەرایەتی خۆیان لە پەرلەماندا هەبێت، پێویست دەکات، بۆ چوونە ناو پەرلەمان، رێژەی هێنانی لە ١٠٪ی دەنگەکان لەسەر ئاسـتی تورکیا کەم بکرێتەوە. هەرچەندە کەمکردنەوەی ئەم رێژەیە بە تەنیا پەیوەندی بە کێشـــەی کوردەوە نییـــە و لە بنەڕەتدا مەتڵەبێکی دیموکراتی و بۆ سەرانسەری تورکیایە. چونکە ئەوەدەمـــە پەرلەمانێك دێتە ئاراوە، کە لایەن و حزب و پێکهاتەی تریش بگرێتە خـــۆ و یەکێتیی ئەورووپاش هانی ئەو سەمتە دەدات.

- بـــۆ ئەوەی ئـــەم هەنگاوانە جێگەی خۆیـــان بگـــرن و بەردەوامییـــان هەبێت، پێویستە دەستوورێکی مەدەنی و دیموکراتی هەبێت و ئەحکامی پابەندکارانەی تێدابێت سەبارەت بە پێناســـەکردنەوەی چەمکی هاوولاتیبـــوون و رێگەدان بـــە خوێندن و فێربوون بە زمانی دایك.

- دەســـتوور گەرەنتی بارو ستاتۆیەکی نــوێ بە کورد بـــدات کە شـــێوەیەك لە شـــێوەکانی خۆبەرێوەبردنی لـــۆکاڵ لە ناوچە کوردنشـــینەکاندا بێتەئـــاراوە، کە هاوکات لەگەڵ میســـاقی ئەنجوومەنی ئەورووپـــاش تێکدەکاتەوەو یەکێکە لە پێوەرە سیاسییەکانی کۆپنهاگن.

- ئۆجەلان بکرێتە «شـــەریکەبەش بۆ دۆزینەوەی چارەسەر». بۆ ئەمەش چاندار پێشـــنیازدەکات یەکەمجـــار هەلومەرجی زیندانیکردنـــی ئۆجەلان بـــاش بکرێ و لە مەودای ناوەندیشـــدا ئـــازاد بکرێ و بۆ ئەمەش دەکرێ لـــە ماڵەکەی خۆیدا دەستبەســـەر بێت. چونکـــە وەك چاندار دەڵێ، بێ ئەو کێشـــەکە چارەسەر نابێت و پاشـــان لە دوای گرتنەکەیەوە، هەر لە ١٩٩٩-ەوە وتوویژی لەگەڵ کراوە.. بەڵام پێویســـتە دەوڵەت بە یەکدیدو تێڕوانین و بەنیازی چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ ئۆجەلانـــدا گفتوگـــۆ بـــکات، نەك بۆ تاکتیکێکی تر...

- لێبوردنێکی گشتی دەربکرێ و بەرەبەرە جێبەجێ بکرێ چ بۆ ئەوانەی ئێســـتا لە رێزەکانی پەکەکەدان و چ بۆ ئەوانەشـــی کە رێزەکانی ئەم حزبەیان جێهێشـــتووەو لە دەرەوە دانیشـــتوون یان حوکمیان بەسەردا سەپێنراوە.

دیارە هاوشـــێوەی چانـــدار، داڤید ل. فلیپس کـــە شـــارەزایەکی ئەمەریکییە و لەســـەر رەوشـــی کورد لـــە تورکیا و پەکەکـــە کاردەکات ناوبەنـــاو بۆچوونی خۆی دەنووســـێت لـــە ١٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧دا، ئەویـــش راپۆرتێکـــی بە ناوی «چەکدانـــان بە پەکەکە و تەســـریحکردن و تێکەڵکردنەوەیان» بە هەمان ئاراســـتە بڵاوکردبۆوە، بەڵام چونکە ئەوەی چاندار تورکێك سەرپەرشتی کردووەو دەزگایەکی تورکی بڵاوی کردۆتەوە، گرنگی تایبەت بە خۆی هەیە.

بە مەزەندەی من، هەلومەرجی ناوخۆی تورکیا و هەرێمایەتـــی و نێودەوڵەتی بۆ هەڵێنانـــەوەی ئەو هەنگاوانـــە لە تورکیا پێگەیشـــتوون و گرنـــگ ئەوەیـــە بەو ئاراستەیەدا کار بکرێ.

**دەستوور گەرەنتی بارو ستاتۆیەکی نوێ بە کورد بدات کە شێوەیەك لە شێوەکانی خۆبەرێوەبردنی لۆکاڵ لە ناوچە کوردنشـینەکاندا بێتەئاراوە، کە هاوکات لەگەڵ میساقی ئەنجوومەنی ئەورووپاش تێکدەکاتەوەو یەکێکە لە پێوەرە سیاسییەکانی کۆپنهاگن.**

مەیلی تاکڕەوی ئەزموونی یوگسلافیا دووبارە دەکاتەوە

# تەنیا ڕێگە چارە بۆ عێراق فیدرالیزم و دیموکراتییە






((گەورەترین مەترسی بۆ ئێستای عێراق بریتی نییە لەئەگەری گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆری، بەڵکو مەترسیەکە بریتییە لەگەڕانەوە بۆ توندوتیژی ناوخۆیی، ئەگەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکە، کورد، شیعە و سوننە لەسەر پرسە سەرەکیەکان نەگەنە ڕێککەوتن، وەک حکومەتی نیشتمانی، ئەوکاتە توندوتیژی سەرهەڵدەداتەوە، ئەمەش زیاتر مەترسی لەسەر پاشەڕۆژی بە یەکگرتوویی مانەوەی عێراق دروست دەکات، نەک لەسەر ئاییندەی دیموکراسی، چونکە پێموایە هەر زوو کوردەکانی عێراق لەبری ئەوەی گرنگی بە فەرمانەکانی بدەن، ئەو دیکتاتۆرە فەرامۆش دەکەن کە لە بەغدا دروست دەبێتەوە، لەبەر ئەوە پێموایە مەترسییەکە زیاتر لەسەر یەکگرتوویی عێراق دەبێت، نەک ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکە)).

دان رایتەر بۆ گوڵان

پسپۆران و شارەزایانی بواری پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە و تایبەتمەند لەسەر بارودۆخی عێراق، بۆچوونی تایبەتیان لەسەر بارودۆخی عێراق هەیە و پێیانوایە ئەو بارودۆخەی ئێستا پرۆسەی سیاسیی عێراقی پێدا تێدەپەڕێت، بارودۆخێکی ئاسایی نییە، لەمەش خراپتر ئەوەیە کەڵەکەبوونی کێشە سیاسییەکان بە ئاراستەیەك دەڕۆن کە لەگەڵ وادەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا مەزندە بکرێت، بارودۆخەکە بەجۆرێك ئاڵۆز بێت کە مەزندە نەکرێت چی ڕوودەدات، هەردوو پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوایی و دانیاڵ کەیسی لە تازەترین توێژینەوەیاندا کە لە ئامۆژگای کارینجی بە ناونیشانی (العراق: ائتلاف مشدود ومتوتر) بەمجۆرە باسی بارودۆخی عێراق دەکات: (ئەو هاوپەیمانییەی بۆ پشتگیری حکومەتی یەکێتی نیشتمانی عێراق لە دیسەمبەری ٢٠١٠ پێکهات، زۆر ئاماژەی گرژی و ئاڵۆزی لێدەرکەوتووە، ئەگەری ئەوە دەکرێت ئەو هاوپەیمانییە هەڵبووەشێتەوە، هەموو ئەمانەش لە کاتێکدا ڕوودەدەن کە پێوەندییەکانی عێراق و ئەمریکا بە قۆناغێکی هەستیار تێدەپەڕێت، کە ئەویش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکایە، ئەمریکا لەگەڵ ئەوەی ئەم هەنگاوەی هەڵەیە، بەڵام بەپێی ڕێککەوتنەکە پێویستە لەسەری بکشێتەوە، هەربۆیە گوشار لەسەر حکومەتی عێراق دەکات سەرلەنوێ دانوستاندن لەسەر ئەو مەسەلەیە بکرێتەوە، لەم حاڵەتەدا سەرۆك وەزیرانی عێراق حەز دەکات هێزەکانی ئەمریکا بمێننەوە، بەڵام ناتوانێت ئەم هەنگاوە هەڵبگرێت، لەبەر ئەوەی ترسی ئەوەی هەیە چاوخشاندنەوە بە مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانییەکە، بەڵام موقتەدا سەدر کە بەکردەیی خۆپیشاندانی دژی مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕێکخستووە، هەڕەشەی ئەوەی لە مالیکیی کردووە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بمێننەوە، ئەوا لیستی سەدر لە حکومەت دەکشێتەوە).

هەردوو پرۆفیسۆر مارینا ئۆتاوای و دانیاڵ کەیسی لەمە زیاتر باس لە گرژی و ئاڵۆزی پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکەن و جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە مەترسیەکە تەنیا هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی نیشتمانی نییە وەك گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی، بەڵکو لیستی دەوڵەتی یاسا لەنێو هاوپەیمانی نیشتمانی کێشەی لەگەڵ لیستی ئەلعیراقیەش هەیە و بارودۆخەکە بەجۆرێکە هەموو لایەنەکان سیاسەتی (حافە الهاویة) پیادەدەکەن و هەوڵدەدەن تا ئەوپەڕی بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاوبگرن و ئەوەی پێیان دەکرێت بەدەستی بهێنن، ئەمەش زۆرجار لەوانەیە بەپێی مەزندەی هەڵەی لایەنە سیاسییەکان تەنگژەیەك دروست بکات، کە مەزندە نەکرێت ئاکامەکەی بەرەو کوێ دەچێت، ئەم مەترسیەی ئەو دوو پرۆفیسۆرە تایبەتمەندە لەسەر بارودۆخی عێراق ئاماژەیان پێکردووە، لە چەند خاڵێکدا کۆیانکردۆتەوە:

١- بوونی دابەشبوون و لێکترازان لەنێو ریزەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی (ئیئتیلافی شیعە).

٢- بوونی ئاڵۆزی لەنێوان پەرلەمان و حکومەتی عێراقیدا.

٣- ململانێ و رکابەری لەنێوان حکومەتی ناوەندی و هەرێم و حکومەتی لۆکاڵی پارێزگاکان.

٤- بوونی ئاڵۆزی لەنێوان شەخسی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران و موقتەدا سەدری سەرۆکی تەیاری سەدر.

٥- بوونی ئاڵۆزی لەنێوان شەخسی نوری مالیکی سەرۆك وەزیران و د.ئەیاد عەلاوی سەرۆکی لیستی ئەلعراقیە.

بەڵام ئەوەی جێگەی هەڵوەستە کردنە هەردوو پرۆفیسۆر هۆکاری گەیشتن بەم کێشانەو گەیشتن بە دەرگا داخراوەکان بۆ چۆنیەتی جێبەجێ کردنیان، دەبەستنەوە بەو مامەڵەیەی حکومەتی ئێستای عێراق لەگەڵ کێشەکان دەیکات، لەمبارەوە هەردوو پرۆفیسۆر دەڵێن: (سەرۆك وەزیرانی عێراق ئەگەر لەبەرژەوەندی خۆی بوو زیاتر مەیلی بەوجۆرەیە دەق و ڕۆحی دەستووری عێراق پشتگوێ بخات، بەڵام سەبارەت بە دامەزراندنی ئەنجومەنی باڵای سیاسەتە ستراتیژییەکان، کە بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر لە چوارچێوەی دەستپێشخەریەکەی بارزانی بڕیاری لەسەر دراوە، مالیکی جەخت لەوە دەکاتەوە دەبێت ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاری بێت هەتا دەستوور هەموار دەکرێت).

ئەم مامەڵەیە وەك ئەو دوو پرۆفیسۆرە ئاماژەی پێدەکەن، پیشاندانی چۆنیەتی مامەڵەکردنی سەرۆك وەزیرانی عێراقە دەوڵەتی یاسا لەناو هاوپەیمانی نیشتمانی کرد، بەڵام ئەمین هادی ئەم مەسەلانەی تەنیا بە گەورەکردن لەلایەن میدیاکانەوە وەسفکرد و بەوجۆرە بۆ گوڵانی باسکرد، کێشەکان ڕوو لەچارەسەرن نەك ئاڵۆزبوون، لەمبارەوە وتی: (هۆیەکانی ڕاگەیاندن بارودۆخەکان بەم شێوە گەورە دەکەن و پیشانی دەدەن. ئەگەر نا بەپێی گفتوگۆی نێوان لایەنە سیاسییەکان هیچ ئاڕاستەیەك نییە کە بارەکە بگاتە کێشە و گرفت، بەڵام بەهۆی میدیاکان و لێدوانە سیاسییەکان کە بەشێوەیەك شیدەکرێتەوە کە بارودۆخەکە خراپە و کێشە لەئارادا هەیە و وادەزانن بارەکە دەبێتە هۆی کشانەوەی هەندێك لە لایەنە سیاسییەکان لە پڕۆسەی سیاسی، بەڵام ئەوانەی کە لە نزیکەوە بەئاگان لە بارودۆخەکان باش دەزانن کە شتی وانییە و من پێموایە ئێمە گەیشتووینەتە ئاستێکی باش لە گفتوگاکان و هەموومان هاوڕاین لەسەرئەوەی کە مەسەلەکان لەڕێگەی گفتوگۆ چارەسەربکەین)).

چارەسەرکردنی کێشەکان بە گفتوگۆ ئومێدی هەموو لایەکە، بەڵام وەك دەبینین زیاتر لە ١٧ مانگ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا تێپەڕیوە، بەڵام هێشتا کێشە سەرەکیەکانی حکومەت چارەسەر نەکراوە و هێشتا مشتومڕەکان لەسەر ئەوەن چۆن هەندێك پۆست هەن پڕدەکرێنەوە، هەربۆیە پرسیاریشمان لە پەرلەمانتار جومعە عەتوانی پەرلەمانتاری ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەهاوپەیمانی نیشتمانی کرد، بەڵام ئەو پێیوایە کێشە هەیە و هۆکاری کێشەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەندێ لایەن هەوڵدەدەن بۆچوونی خۆیان فەرز بکەن یان بیسەپێنن، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (ئێمە لە قۆناغێکی گواستنەوەداین، بۆیە لەوانەیە هەندێك لایەن هەبن وەك کەسایەتی یان وەك پارت یان تەنانەت وەك فراکسیۆنی پەرلەمانی کە هەوڵبدەن دەسەڵاتیان بسەپێنن لەسەر بۆچوونی کەسایەتی و پارت و فراکسیۆنەکانی بەرامبەر، بەڵام کاتێك کە بۆچوونەکان تێکەڵ بە یەك دەبن و جیاوازی لە هەڵوێست و ڕا و بۆچوونەکان دێتەکایەوە، هەر کەسێك هەوڵبدات لایەنی بەرامبەر فەرامۆشبکات، بێگومان ئەوکات دەکەوێتە بەردەم دیموکراسییەت و دەستاودەستکردنی ئاشتییانە بۆ دەسەڵات، بۆیە بەتێپەڕبوونی کات و چەسپاندنی

پرۆسەی دیموکراسی ئەوە هەموو شتێك ئاسایی دەبێتەوە و لایەنە فەرامۆشکراوەکان دەگەنە مافەکانی خۆیان. ناکرێ بەگشتی حوکم لەسەر پرۆسەکە بکەین و بیخەینە چوارچێوەی چەند هەڵوێستێك کە لێرە و لەوێ وەرگیراوە، لەبەرئەوەی پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق ئەمڕۆ پرۆسەیەکی تازە لەدایکبوو و نوێیە، بەشێوەیەك کە بۆتە نموونەیەك تەنانەت لە تەواوی ناوچەکە، لەوانەیە ئەمڕۆ زۆربەی وڵاتانی عەرەبی ستایشمان بکەن لەسەر ئەم قۆناغە گواستنەوەیەمان و لەسەر دەستاودەستکردنی ئاشتییانە بۆ دەسەڵات، بۆیە من پێموایە کە ئەم مەسەلەیە تەنیا پەیوەستە بە کات. هەروەها ئەم راستییانە بەندن بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، هەروەك کە ئێوەیش دەزانن کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قەوارەیەکی گەورەی لێ نەکەوتەوە بەشێوەیەك کە بتوانێت حکومەتێکی زۆرینە پێکبهێنێت بەشێوەیەکی دروست و بەو شێوەیەی کە لە دەستووردا هاتووە، بۆیە لێکچوونی رێژەیی لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان سێبەری بەسەر بارودۆخەکان داپۆشییە. ئەمڕۆش هەموو کەسێك کاردەکات بۆ وەدیهێنانی ئیستیحقاقاتەکانی، هاوکات تێڕوانینی حزبی و تایفەگەریی تەسك لەسەرووی هەموو دەنگە باشەکانی دیکەیە کە باشە و چاکەیان بۆ عێراق دەوێت، تاکو ئەمڕۆش لە شیکردنەوەی دەستوور و ماددەکانی دەستوور کێشە هەیە و هێشتا نەمانتوانییە بگەینە شیکردنەوەیەکی دیاریکراو، تەنانەت گەر دادگای ئیتیحادی ماددەیەکی دەستووری بەشێوەیەك شیبکات ئەوکات دەنگ بەرزدەبێتەوە لەدژی دادگا و بە دادگایەکی نادەستووری ناوی دەنێن بەو ئیعتوبارەی کە پەرلەمانی عێراقی دەنگی لەسەر نەداوە. بۆیە ئێمە هێشتا لە قۆناغی گواستنەوەداین و پێویستیمان بە کات و سەبر هەیە لەگەڵ بەرزڕاگرتنی بەرژەوەندییە نیشتمانییە گشتییەکان لەسەرووی بەرژەوەندییە تایبەتییەکان)).

عەتوانی کە پەرلەمانتاری هاوپەیمانی نیشتمانییە ئاماژە بەوە دەکات کە مەیلێکی خۆسەپاندن لەلایەن حکومەتی ئێستای عێراق بەدی دەکرێت، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو قسانەی هادی ئەمین عەباسی پەرلەمانتاری لیستی دەوڵەتی یاسا لە هاوپەیمانی نیشتمانی دەیکات، لەناو لەگەڵ دەستوور و بەو شێوەیەی لەبەرژەوەندی خۆیدایە، هەر لەم پێناوەشدا و بۆ ئەوەی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بمێنێتەوە، هەتا ئێستا هیچ کاندیدێکی لیستی ئەلعراقیەی قبووڵ نەکردووە، هەروەها وەزارەتی ناوخۆش کە پێویستە بدرێت بە یەکێك لە لایەنەکانی هاوپەیمانی نیشتمانی ئەویش هەرلە ژێر کۆنترۆڵی سەرۆك وەزیرانە، لەمبارەوە بەدەق لە راپۆرتەکەیاندا هاتووە: (حکومەتی یەکێتی نیشتمانی لەگەڵ ئەوەی لەدوای نائومێدیەکی زۆر دروست بوو، بەڵام کاتێك نوری مالیکی حکومەتی راگەیاند، حکومەتێکی نیوەچڵ بوو، ژمارەیەك وەزیری بەسیفەتی وەزیر بەوەکالەت دانابوو، هەروەها لەگەڵ ئەوەی بڕیاربوو ئەو سێ وەزارەتە دابەشبکرێت،

**پرۆفیسۆر دان رایتەر بۆ (گوڵان):**



**مەترسیەکە زیاتر لەسەر یەکگرتووی عێراق دەبێت، نەک ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکە**

بەڵام تائێستا دابەشنەکراوە و هیچ وەزیرێك بەرەسمی بۆ ئەو سێ وەزارەتە (بەرگری، ئاسایشی نیشتمانی، ناوخۆ) دانەنراون، هەتا ئێستاش مالیکی خۆی بەوەکالەت وەزیری هەرسێ وەزارەتەکەیەو کۆنترۆڵی هەرسێ وەزارەتەکەشی کردووە).

سەبارەت بەو کێشانەی بەمجۆرە لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا بوونیان هەیەو بێجگە لەنێوەندە ناوخۆییەکان لە نێوەندە جیهانیەکانیشدا بۆتە جێگەی مشتومڕ و هەڵوەستە لەسەرکردن، پرسیارمان لە ئەمین هادی عەباس پەرلەمانتاری لیستی هاوپەیمانی نیشتمانیشدا لێکترزان هەیە، هەربۆیە بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەم لایەنە پرسیارمان لە پەرلەمانتاری لیستی ئەلعراقیە کازم شەمەری-ش کرد، شەمەری جەختی لەسەر ئەوەکردەوە جارێکی دیکە عێراقیەکان رێگەنادەن عێراق بگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری، بەڵام لە حاڵی حازردا مەیلێکی حزبی بۆ خۆسەپاندن و دیکتاتۆری هەیە، بەڵام ئەمەش بەو رادەیە مەترسیدار نییە، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو حزبە دەستبەرداری ئەو مەیلە دیکتاتۆرییە نەبێت، ئەوا لەهەڵبژاردنی داهاتوو دەنگ بەدەست ناهێنێتەوە، لەم بارەوە بە گوڵانی راگەیاند: (ئەمە مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە و زۆرینەی هاووڵاتیان بیر لەم شتە دەکەنەوە، بەڵام بەپێی میکانیزمەکانی دەستوور هیچ ئەگەرێك بوونی نییە لەوبارەیەی کە جارێکی تر دیکتاتۆرییەت بگەڕێتەوە، لەوانەیە دیکتاتۆرییەتێکی حزبی هەبێت و پراکتیکە بکرێت، بەڵام ئەم دیکتاتۆرییەتە تەنیا لەماوەی ٤ ساڵەکە درێژە دەکێشێت و پاش ٤ ساڵ کۆتایی دێت بەهۆی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ، بۆیە مەحاڵە جارێکی تر دیکتاتۆرییەت بگەڕێتەوە بۆ رژێمی عێراقی، بەڵام ئێمە تاکو ئەمڕۆش باوەڕمان بە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی نییە. بۆیە باوەڕنەبوونمان بە چەمکی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی چەند رەنگدانەوەیەك لەسەرمان دروست دەکات کە نزیکە لە دیکتاتۆرییەت، لەبەرئەوەی ئەرکی ئۆپۆزسیۆن هەمیشە راستکردنەوە و بەهێزکردنی ئەدای حکومەتە، هەروەها هەمیشە ئاگادارکەرەوەی جەماوەرە لەسەر هەڵەکان، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە جیاوازی هەیە لەنێوان گەڕانەوەی دیکتاتۆرییەت و ئاییندەی دیموکراسییەت. لەبەر ئەوەی بەهۆی سیستەم و دەستووری عێراق دیکتاتۆریەت ناگەڕێتەوە بۆ عێراق، بەڵام ئایا بترسین لەبارەی کەشوهەوا و رەوشی دیموکراسییەت لە عێراق؟ من دەڵێم «بەڵێ»، ئێمە ترسێکی گەورەمان هەیە لە نەمانی مومارەسە دیموکراسیەکان، لەبەرئەوەی ئەو درووشمانەی کە بەرزدەکرێنەوە تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی هاوبەشە سیاسییەکان و شەقامە لەوبارەیەی کە کەرەستەی دیموکراسی هەیە لە بەڕێوەبردنی پرۆسە سیاسییەکە، بەڵام

تاکرەوی پارتێك یان کوتلەیەکی دیاریکراو لە دەسەڵات سەپاندن لەسەر حکومەت و هەڵستێت بە تاکرەوانە لە بەڕێوەبردنی پرۆسە سیاسییەکە بەشێوەیەکی گشتی و لەسەر کاری حکومی بەشێوەیەکی تایبەت، من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان زۆر دەترسم لە قۆناغی داهاتوودا پرۆسە دیموکراسییەکە دووچاری فەرامۆشکردن بێت لەلایەن هەندێك لەو لایەنانەی کە باوەڕیان نییە بە چەمکی هاوبەشبوون و زیاتر باوەڕیان هەیە بە چەمکی دوورخستنەوەی لایەنەکانی بەرامبەر)).

سەبارەت بە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی

جومعە عەتوانی بۆ(گوڵان):



**دەسەڵاتی دەستووری بۆ هەرێمەکان هەیە و تەنانەت بۆ پارێزگاکانیش ئەم دەسەڵاتە هەیە کە لەگەڵ هیچ هەرێمێک نەبەستراون**

دەسەڵاتی هەرێمەکان و حکومەتی لۆکاڵی پارێزگاکان و هەوڵدان بۆ زیاتر گرێدانەوەیان بە ناوەندەوە، شەمەری لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی: (دەتوانم بە خۆم بڵێم «دەرچووی حکومەتە لۆکاڵەکان»، لەبەر ئەوەیە ساڵانێکە لە ئیدارەی لۆکاڵ کارمکردووە، وەکو ئەندامێکی «ناحیە» و ئەنجومەنی «قەزا» و ئەنجومەنی هەرێمی و ئەنجومەنی پارێزگا تاکو ئەمرۆژ کە بوومە بە ئەندام لە ئەنجومەنی نوێنەران، بۆیە من باوەڕێکی گەورەم هەیە بە ئەزموونی حکومەتە لۆکاڵەکان و هەروەها خاوەن باوەڕێکی گەورە و چەسپاوم لەوبارەیەی کە ئەم ئەزموونە فراوانتربکرێت و دەسەڵاتی زیاتر بە حکومەتە لۆکاڵەکان ببەخشرێت، بۆیە پێمواوایە کە بەبێ بەخشینی دەسەڵاتی زیاتر بە حکومەتە لۆکاڵەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان ئەوە هەرگیز ناتوانین ببین بە دەوڵەتێکی دیموکراسی و دامەزراوەیی کە بتوانێت دۆسیەی خزمەتگوزارییەکان و ژێرخانەکان بەڕێوەبەرێت، ئێمە لە عێراق ئەو کێشەیەمان هەیە کە هەمووکەسێك دەیەوێ دەسەڵاتەکان لای خۆی کۆبکاتەوە و ڕێگە بە هیچ کەسێکی تر نادات ئەو دەسەڵاتانە لەدەست بگرێت یان هاوبەشیی بکات، حکومەتیش ئەم مەبەستەی هەیە و دەیەوێ هەموو دەسەڵاتەکان لای خۆی بێت، حکومەت یاسایەکی دەرکرد ژمارە ٢١ بۆ ساڵی ٢٠٠٨ لەبارەی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە پێوەندییان بە هەرێم نییە، ئەو یاسایە چەند دەسەڵاتێکی بەو پارێزگایانە بەخشی، بەڵام دەبینین وەزارەتەکانی ئیتیحادی ڕێگەنادەن بە ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە مومارەسەبکەن، ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتی زۆر سنوورداریان هەیە و کارناکات بۆ هاوبەشکردنی ئەنجومەنەکانی قەزا و ناحیەکان لەو دەسەڵاتانە و زیاتر هەوڵدەدات بۆ قەتیسکردنی ئەو دەسەڵاتانە بۆ خۆی کە پێی بەخشراوە بەپێی یاساکە و وەزارەتە ئیتیحادییەکان، بەم شێوەیە دەبینین کە هەموو لایەنێك لە هەوڵدانە بۆ لەدەستگرتنی دەسەڵاتەکان و هاوبەشینەکردنی لایەنەکانی تر.

### عێراق ناگەڕێتەوە بۆ دیکتاتۆری بەڵام یەکپارچەیی دەکەوێتە مەترسییەوە

مەترسی شکستی پرۆسەی سیاسیی عێراق هێندەی لەسەر یەکپارچەیی عێراق هەیە، هێندە مەترسی لەسەر گەڕانەوەی عێراق نییە بۆ دەسەڵاتی تاکڕەوی یان دیکتاتۆری، ئەم بۆچوونە زیاتر بۆچوونی ئەو پرۆفیسۆر و پسپۆرانەیە کە ساڵانێکی دوورو درێژە لەسەر دۆسیێی عێراق و دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاردەکەن، یەکێك لەو پرۆفیسۆر و پسپۆرانە چارلس کورزمانە لە زانکۆی نۆرس کارۆلیناو تاراددەیەکی زۆر شارەزای سیاسەتی عێراقە، پێیوایە عێراقییەکان کۆمەڵێك دامەزراویان هەیە دەتوانن لەڕێگەی ئەو دامەزراوانەوە بوار نەدەن دیکتاتۆریەت دروست ببێتەوە، لەم چوارچێوەیەدا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو وتی: (پرسی مەرکەزیەت و نامەرکەزیەت پێوەندی هەیە بە مشتومڕی دیموکراسی و بە ڕێوشوێنە دیموکراسیەکانەوە، هیوادارم ئەم کێشەیە نەبێتەهۆی لاوازکردن و لەناوبردنی دامەزراوەکانی عێراق. لەبەر ئەوەی مەسەلەی ڕێگە گرتن لە تاکڕەوی مەسەلەیەکە دەبێت لەلایەن عێراقیەکانەوە یەکلابکرێتەوە، عێراقیەکان ئەو دامەزراوانەیان هەیە کە بتوانن لە ڕێیانەوە گوزارشت لە نارەزایی بوونی خۆیان لە ئەدای حکومەت بکەن، کە من هیوادارم ئەو دامەزراوانە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی ڕێگە لە دروستبوونی دیکتاتۆرێکی دیکە بگرن، بەڵام هەمیشە

کازم شەمەری بۆ (گوڵان):



**بەبێ بەخشینی دەسەڵاتی زیاتر بە حکومەتە لۆکاڵەکان هەرگیز ناتوانین ببین بە دەوڵەتێکی دیموکراسی و دامەزراوەیی**

دیموکراسیە نوێیەکان دیموکراسیگەلێکی لەرزۆکن، هەمیشە پارتی حکومڕان مەیلی ئەوەی بۆ دروست دەبێت ڕکابەرەکانی سەرکوتبکات، هیوادارم دیموکراسی لە عێراقدا بتوانێت لەم دۆزاری و سەختیانە ڕزگاری بێت. ئەمەش تەنیا ئەو کاتە ڕوودەدات کە عێراقیەکان داوای مافەکانیان بکەن. هەروەها ئەگەر سەیری ئێستای عێراق بکەین، دەبینین بەپێی ڕاپرسیەکان زۆربەی عێراقیەکان تەفزیلی بوونی پێوەندییەکی باش لە نێوان گرووپە ئیتنی و مەزهەبیەکاندا دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە گرووپە چەکداری و میلیشیاکان توانیویانە گرژی بخوڵقێنن و توندوتیژی ئەنجام بدەن. هیوادارم



دامەزراوە دیموکراسیەکانی عێراق خزمەت بە بەرژەوەندی زۆرینەی عێراقیەکان بکەن، نەك بە بەرژەوەندی کەمینەیەکی توندڕەو)).

پرۆفیسۆر کۆرزمان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە ئەو دامەزراوانەی سیستمی سیاسی لە عێراقدا هەڵدەسوڕێنن کۆمەڵێك دامەرزاوەی ئەوتۆن دەتوانن ڕێگە لە گەڕانەوە بگرن، بۆیە هەر لەم چوارچێوەو لە روویەکی دیکەوە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر دان رایتەر ئوستادی زانستی سیاسی لە زانکۆی میشگان و تایبەتمەند لەسەر تەنگژە نێودەوڵەتیەکان و عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، ئەو بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی: (گەورەترین مەترسی بۆ ئێستای عێراق بریتی نییە لە ئەگەری گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دیکتاتۆری، بەڵکو مەترسیەکە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ توندوتیژی ناوخۆیی، ئەگەر سێ پێکهاتە سەرەکیەکە، کورد، شیعە و سوننە لەسەر پرسە سەرەکیەکان نەگەنە ڕێککەوتن، وەك حکومەتی نیشتمانی، ئەو کاتە توندوتیژی سەرهەڵدەداتەوە، ئەمەش زیاتر مەترسی لەسەر پاشەڕۆژی بە یەکگرتوویی مانەوەی عێراق دروست دەکات، نەك لەسەر ئاییندەی دیموکراسی. چونکە پێموایە هەر زوو کوردەکانی عێراق، لەبری ئەوەی گرنگی بە فەرمانەکانی بدەن، ئەو دیکتاتۆرە فەرامۆش دەکەن کە لە بەغدا دروست دەبێتەوە، لەبەر ئەوە پێموایە مەترسیەکە زیاتر لەسەر یەکگرتوویی عێراق دەبێت، نەك ئەگەری سەرهەڵدانی دیکتاتۆرێکی دیکە، بۆیە ئەوەی بۆ ئەم قۆناغەی ئێستا گرنگە ئەوەیە دەبێت سەرکردەکانی عێراق، سەرکردە نیشتمانی و ناوچەییەکان دەست بە هاوکاری کردنی یەکتر بکەن بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە گەورانەی ڕووبەڕووی عێراق بوونەتەوە، وەك دابەشکردنی سامانی نەوت، بڕیارەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی دەسەڵات لە سیستمە فیدراڵیەکەدا، ئەمە ساتەوەختێکە بۆ ئەوەی تێکڕای سەرکردەکان چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە بدۆزنەوە)).

### بانگێشەکان بۆ دروستکردنی هەرێمە فیدرالیەکان

لایەنێکی دیکەی ئێستای بارودۆخی سیاسی عێراق داوای عێراقیەکانە بۆ ئەوەی هەرێمی فیدرالی دیکە دروست بێت، پارێزگاکانی عێراق داوا دەکەن ببنە هەرێمی فیدرالی، لەم راستەشەوە هەستدەکرێت


حکومەتی ئێستای عێراق وەڵامدانەوەیەکی پۆزەتیفانەی بۆ ئەم خواستە نییە، لەگەڵ ئەوەی بەراشکاوی رەتیناکاتەوە، بەڵام جۆرە پشتگوێ خستنێکیشی پێوە دیارە، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لە پەرلەمانتار حوسێن عەلوان لە کوتلەی ئەحرار کرد و لەلێدوانێکی تایبەتیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی خستەڕوو: (لێرە و لەوێ چەند لێدوانێك دەرچووە و کە بانگەشە بۆ فیدرالییەت دەکەن، دوا لێدوان لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران «ئوسامە نوجەیفی» دەرچوو و لێدوانەکەی روون و ئاشکرا بوو، بەڵام ئەو لێدوانەی «ئوسامە نوجەیفی» دەنگدانەوەیەکی میدیایی گەورەی لێ کەوتەوە. بەڕای من دیموکراسییەت لە عێراق لەسەر ئەو نەخشەیە دەڕوات کە بۆی دانراوە، بەڵام زیادەڕۆییەك هەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە لەسەر هەرێمەکان، هاوکات دەسەڵاتی هەرێمەکان روون و دیارە، هاوکات ئەو شتەش راستە کە دەستێوەردان هەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە لە هەندێك لە کاروبارەکانی هەرێم و پارێزگاکاندا).

هەر لەسەر پرسی هەرێمەکان جومعە عەتوانی لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە دروستکردنی هەرێمەکان بەپێی دەستوور مافێکی دەستوورییە ئەگەر دەستووریش جێبەجێ بکرێت هیچ کێشەیەك نابێت چارەسەر نەکرێت، لەمبارەوە وتی: (مەسەلەی دروستکردنی هەرێمەکان مەسەلەیەکی دەستوورییەو دەسەڵاتی دەستووری بۆ هەرێمەکان هەیە و تەنانەت بۆ پارێزگاکانیش کە لەگەڵ هیچ هەرێمێك نەبەستراون، ئەمەش دەستەبەرکردنی مافی پارێزگاکانە و هاوکات هەمان ئەو شتەیە کە لە دەستووردا هاتووە، بەڵام پێویستە لێرەدا پرسیارێك بکەین، تاچەند توانیومانە تێپەڕین لە «سەوابت» و ماددەکانی دەستوور؟ تەنانەت لە هەڵبژاردنەکان یان پێکهێنانی حکومەت یانیش لە مۆڵەتە دیاریکراوەکان لەبارەی کۆتایی هاتنی خولی پەرلەمانی پێشوو و دەسپێکی پەرلەمانی نوێ؟ ئەمانە هەمووی سێبەریان لەسەر بارودۆخەکان داپۆشییە، بەڵام لەکۆتاییدا ئەوەی کە تەنیا دروستە وەدی دەهێنرێت. ئەگەر ئێمە وریابین و بگەڕێینەوە سەر دەستوور و پشتی پێ ببەستین وەکو مەرجەعێکی باڵا لە عێراق، ئەوکات بێگومان هەموو خاوەن مافێك دەگات بە مافەکانی خۆی، پێویستە دەسەڵاتەکانی هەرێم بۆ هەرێم بمێنێتەوە و دەسەڵاتەکانی ناوەند بۆ حکومەتی ئیتیحادی بمێنێت ...و تاد. بۆیە چەند لە دەستوور و ماددەکانی زیاتر دوورکەوینەوە، ئەوەندە بارەکە دەشێوێت و لەوانەشە لەکۆتاییدا بگەڕێینەوە بۆ دیکتاتۆرییەت. هەروەها چەند زیاتر بگەڕێینەوە سەر دەستوور وەکو مەرجەعێکی باڵا، بێگومان ئەو کات هەموو خاوەن مافێك دەگات بە مافەکانی )).

**دووبارە بوونەوەی سیناریۆی یۆگسلافیای پێشوو**

لە یوگسلافیای پێشوو هەڵبژاردن و بانگێشەکردن بۆ دیموکراتی بوونی هەبوو، هەروەها تاراددەیەك کۆمارێکی فیدرالی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سەرکردەکانی

**چارلس کورزمانە بۆ (گوڵان):**



**عێراقییەکان ئەو دامەزراوانەیان هەیە کە بتوانن لە رێیانەوە گوزارشت لە نارەزایی بوونی خۆیان لە ئەدای حکومەت بکەن و رێگە لە دروستبوونی دیکتاتۆرێکی دیکە بگرن**



سـربیا مەیلێکی تاکڕەویـان هەبوو، بۆیە نەتەوەکانی نێو یوگسلافیا چیدیکە بواریان نەدا لەژێر سـایەی ڕژێمێکی تاکڕەوی و دیکتاتۆری بژین و چەند هەوڵدرا بەزەبری هێز یوگلاسلافیا بە یەککگرتوویی بمێنێتەوە، بەڵام سەرەنجام ئەوەبوو یوگسلافیا لەسەر نەخشـەی سیاسی جیهان نەماوەیە، ئەوجا ئەگەر لە ئەزموونی یوگسلافیاوە سەیری عێـراق بکەین، ئـەوا ئاشـکرایە عێراق دەوڵەتێکە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی دروسـتکراوە، هەربۆیـە بونیادنانـەوەی دەوڵەتێکی بەزۆر دروسـتکراو پێویسـتی بە کۆمەڵێـك دانپێدانانی واقیعیانە هەیە، نکۆڵی کردن و پشـتگوێ خسـتنی ئەو واقیعەش هـۆکاری ئەوەبووە، کە لەماوەی نزیکەی ١٠٠ سـاڵی رابردووەوە تائێسـتا عێراق کەم تازۆر سـەقامگیری بەخۆیەوە نەبینـووە، لـەدوای شـەڕی کەنداوی یەکەمیشـەوە، گەورەترین کێشە لەبەردەم ڕێگەچارە نێودەوڵەتیەکاندا بۆ رزگاربوونی گەلانی عێراق لە نەهامەتیەکانی، رووخانی رژێمی عێراق نەبوو، بەڵکو بونیادنانەوەی عێـراق بـوو بەشـێوەیەك کـە بتوانرێت بـە یەککگرتوویـی بمێنێتـەوە و پێکهاتە جیاوازەکانی مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێت و لە چوارچێوەی عێراقـدا پێکەوە بژین، بەڵام لەماوەی ساڵی **١٩٩٢** کە کۆنگرەی موعـارەزەی عێراقی لـە هاوینەهەواری سـەلاحەدین یەکەم کۆنگرەی خۆی گرێدا هەتا کۆنگرەی لەندەن لە کۆتایی سـاڵی ٢٠٠٢ بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ بونیادنانەوەی عێراقی دوای رژێمی بەعس، لایەنەکانی موعـارەزەی عێراقی بەچـاو گومان و دڵەراوکێەوە سـەیری ئەو ڕێگە چارەیەیان دەکرد کە خۆی لە فیدرالی و دیموکراتیدا بەرجەستە دەکرد بۆ ئەوەی عێراقی لەسەر بونیاد بنرێتـەوە، تەنانەت کە فیدرالیزمی هەرێمی کوردستانیشـیان قبوڵدەکرد، وەك رەچاوکردنی تایبەتمەندی کوردستان دانیان پێدەنا نەك وەك ئەو چارەسەرەی عێراق بۆ هەتاهەتایە لە کێشە زگماکیە سیاسییەکانی رزگار بکات، تەنانـەت لەدوای رووخانی رژێمی عێراق و نووسـینەوەی یاسـای کاتـی بۆ قۆناغی ئینتیقالـی کە تیایدا فیدرالیزمـی هەرێمی کوردسـتان ئیقرار کراو پاشـان ئەم ئیقرارکردنەش بووە بەشێك لە دەسـتووری عێراق، هەمـوو پێکهاتە سیاسـییەکانی عێـراق لەگـەڵ ئەوەی هەرێمی فیدرالی کوردستانیان قبوڵ بوو، بـەڵام پێکهێنانی هەرێمـە فیدرالیەکانی دیکـەی عێراقیان بە هەنگاو هەڵگرتن بۆ دابەشـکردن و جیابوونەوە پێناسەدەکردەوە، بەڵام ئێسـتا دوای ئەوەی گەلانی عێراق هەمـوو ناهەمەتیەکانیان بـۆ دەرکەوت، ئێستا خەریکە بانگێشە کردن بۆ فیدرالی و بەهێزکردنـی دەسـەڵاتی هەرێمەکان و سنووردارکردنی دەسـەڵاتی ناوەند، دەبێتە خواستێکی گشتی گەلانی عێراق، ئەمەش پێمان دەڵێت ئەو حکومەتەی وەڵامدانەوەی پۆزەتیفانەی بۆ خواستی عێراقیەکان هەبێت، ئەوا عێراق بەرەو دیموکراتی و فیدرالی و سەقامگیری دەبات، بەڵام هەر حکومەتێك بیەوێت بە مەیلی تاکـڕەوی خۆی فەرز بکات و خواست و داواکاری عێراقیەکان لە گوێ نەگرێت، ئەوا چارەنووسی عێراقیش لە چارەنووسی یۆگسلافیا باشتر نابێت.




حوسێن عەلوان بۆ (گوڵان):



**دیموکراسییەت لە عێراق لەسەر ئەو نەخشەیە دەڕوات کە بۆی دانراوە بەڵام زیادەڕۆییەک هەیە لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە لەسەر هەرێمەکان**

# عێراق لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە

پرۆفیسۆر مایكل گەنتەر* تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە

## پێشەکی

لە ئێستادا، کوردەکانی عێراق، بەناوی (حکومەتی هەرێمی کوردستان)ەوە نەك هەر تەنیا خاوەنی بەهێزترین حکومەتی هەرێمی خۆیانن لەدوای دروستکردنی عێراق پاش جەنگی جیهانی یەکەم، بەڵکو ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینن لە حکومەتی عێراق لە بەغدا، لە نێویاندا پۆستەکانی سەرۆك(جەلال تاڵەبانی)، وەزیری دەرەوە (هۆشیار زێباری) و چەند پۆستێکی دیکەی حکومی. پێگەی کوردەکان لەم دوو حکومەتە جیاوازەدا هەمیشە وەك یەك نەبووە. هەندێ جار تەنانەت کوردەکان دوو ڕۆڵی جیاواز لە یەکتر دەبینن، کە لە لایەکەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زۆری ( نەك بە شێوەیەکی هەمیشەیی ) هەڵوێستێکی سەرسەختانەی هەبووە، لە کاتێکدا نوێنەرەکانیان لە بەغدا هەڵوێستێکی نەرمیان هەبووە.

دوای مشتومڕێکی توند و دوورو درێژ، کوردەکان پێگەی بەهێزی خۆیان لە حکومەتی نوێی ئەل مالیکیدا پاراست، ئەو حکومەتەی بە پەلە و بێ کۆششێکی زۆر لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠١١دا پێکهێنرا.

## پێوەندییەکانی بەغدا-حکومەتی هەرێمی کوردستان

ئەم ڕۆڵە دوو جەمسەرییەی حکومەت دەیبینێت تەواو پێچەوانەی ئەو بارودۆخەیە کە لە پێش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩١ەوە تاوەکو ساڵ٢٠٠٣ لە ئارادابوون، ئەو کاتەی کوردەکان وەك هاووڵاتی پلە دوو و بگرە خراپتریش مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. بە دڵنیاییەوە گەورەترین پرسیار ئەوەیە ئایا تا چەند ئەم پێگە بەهێزەی کوردەکان درێژە دەکێشێت. زۆرێك لە عەرەبەکان هەستێکی تاڵ و تووڕەیان هەیە بەرامبەر بانگەشەی کوردەکان بۆ ئۆتۆنۆمی و پێدانی فیدراڵیەت بە کوردەکان لە چوارچێوەی عێراقدا بە تەحەددیەك بۆ خاوەندارێتی عەرەبی دەزانن، کە لە ساتەوەختی لاوازبوونی کاتیی عەرەبەکاندا لە دوای شەڕی ٢٠٠٣ەوە بەسەریاندا سەپێنراوە، بە سەرەتای جیابوونەوەی لەقەڵەم دەدەن. لە ڕاستیدا زۆرینەی کوردەکان سەربەخۆیی هەڵدەبژێرێن هەر کاتێك پێیان وابێت کاتەکە لەبارو گونجاوە. کەواتە کەی عەرەبەکان پێکەوە کاردەکەن و دووبارە دەست بە کەمکردنەوەی ڕۆڵی کوردەکان دەکەن؟

ئەم وتارە ئەوە دەخاتەڕوو کە کاتی ڕوودانی ئەمە هاتووە. «ڕاپۆرتی ساڵانەی هەڵسەنگاندنی هەڕەشە لە لایەن دەزگای هەواڵگری ئەمەریکاوە» (٢٠١٠) ئاماژە بەوە دەکات-لە کاتێکدا بەشەکانی دیکە ئیجابیانە پێداویستیە ئەمنییەکانی عێراق هەڵدەسەنگێنێت- کە:

بارگرژی نێوان عەرەب-کورد ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت ببێتەهۆی لە ڕەوت دەرچوونی ئاراستە ئەمنییەکە کە بە شێوەیەکی گشتی ئاڕاستەیەکی ئیجابییە، لەنێویاندا بەرپابوونی ناکۆکی لە نێوان گرووپە ئیتنی-مەزهەبیەکانی عێراقدا. زۆرێك لە هۆکار و پاڵنەرەکانی بارگرژی نێوان عەرەب-کورد وەك -ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، دابەشکردنی داهات و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و ئاوێتەکردنی هێزەکانی پێشمەرگە- دەبێت کاریان لەسەر بکرێت و ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، هەڵەکردن لە حسابات و لێکدانەوەدا لەلایەن هەر لایەکەوە مەترسی هەڵکشانێکی نەخوازراوی توندوتیژی لێدەکرێت. ئەگەرچی ڕۆڵی ئێستایان لە بەغدا بۆتە قەڵغانێك دژی شۆفێنییەتی نوێی عەرەب، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە وردە وردە ڕۆڵی کوردەکان لە حکومەتەکانی عێراق لە ئایندەدا بەرەو کەمبوونەوە بچێت، لەبەر ئەوەی زۆرینەی زۆری عەرەبەکانی عێراق بەشێوەیەکی خێرا ڕوو لە زیادی و بە شێوەیەکی حەتمی پێگەی خۆیان قایمتر دەکەن.

ئایا حکومەتی هەرێم دەتوانێت چی بکات بۆ ڕاگرتنی ئەم داکشانە لە سەرخۆیەی پێگەکەی؟ سەرەتا دەبێت پرسیاری ئەوە بکەین ئایا نێو ماڵی کوردی بە چەشنێك ڕێکخراوەتەوە کە بتوانێت لە ئاست ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا بێت کە بەم زووانە ڕوودەدات؟ ناکۆکی درێژخایەن لە پێناوی دەسەڵاتدا لە کوردستانی عێراق سنوورێکی بۆ دانراوە.

حکومەتی هەرێمی کوردستانی




یەکگرتوو کە لە ٧ی نیسانی ٢٠٠٦دا ڕاگەیانرا هێشتا لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دابەش بووە، سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی وا باوەڕ دەکرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی یەکگرتووە، بەڵام هێشتا وەزارەتەکانی ناوخۆ، پێشمەرگە و دارایی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیدا دابەش بوون.

لە ڕاپرسییەکدا کە ململانێیەکی سەختی تێدابوو دەستووری عێراق کە لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا، ڕەزامەندی لەسەر درا، ئەم دەستوورە بونیادێکی فیدراڵی بۆ عێراق دامەزراند کە دەسەڵاتێکی زۆر دەدات بە هەرێمەکان. لە ڕاستیدا، بۆ یەکەمجار لە مێژوودا زۆرینەی کوردەکان تەنیا بیر لە حکومەتەکەی خۆیان لە هەولێر دەکەنەوە نەك حکومەتەکەی بەغدا، ئەویش کاتێك قسە و باس و مشتومڕ لە بارەی حکومەتەوە بکرێت. هەرچۆنێك بێت، هێشتا دابەشکردنی ڕاستەقینەی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مایەی ناکۆکییە. ئەم ململانێیی دەسەڵاتە خاوەندارێتی سەرچاوە سروشتیەکان و کۆنترۆڵکردنی داهاتی ئەو سەرچاوانە لە خۆدەگرێت، هەروەها ڕۆڵی سوپای حکومەتی هەرێمی کوردستان یان پێشمەرگەو چارەنووسی کەرکوك لەخۆدەگرێت.

**نەوت**

د. ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە پێشتر یەکێك بووە لە بەڕێوەبەرە نێودەوڵەتییەکانی نەوت، لە چاوپێکەوتنێکدا لە ١٤ی تەممووزی ٢٠٠٦دا لە پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسی لە خاوەندارێتی سەرچاوە سروشتییەکان کرد. ئەو سەرسەختانە باسی لەوە کرد کە ماددەی ١١٥لە دەستووری نوێی عێراق «باس لە باڵابوونی یاسای هەرێمەکان دەکات لە بەرامبەر یاسا فیدراڵییەکاندا، ئەگەر نەتوانرا ڕێککەوتن لەسەر بەڕێوبردنی سەرچاوەکانی نەوت و گازو دابەشکردنی داهاتەکان بکرێت ئەوا ئەم ماددەیە دەوروژێنرێت.» هەروەها باسی لەوە کرد کە ماددەی ١١٢ی دەستوور تەنیا ڕۆڵێکی ئیداری بە حکومەتی عێراق دەدات کە بریتییە لە بەڕێوبردن، بەدەربڕینێکی دیکە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوت و گازی دەرهێنراو لەو کێڵگانەی لە ئێستادا لە بەرهەمهێناندان...

دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت مافی ئەوەیان هەیە ئیدارەو سەرپەرشتی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت بکەن، بە گوزارشتێکی دیکە، بەڕێوەبەری کێڵگە نەوتییە لۆکاڵییەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتە مەحەلییەکاندا بەرپرسن.» لە درێژەی قسەکانیدا هەورامی ڕایگەیاند لەبەر ئەوەی دەستووری نوێ بێدەنگ بووە لە ئاست کێڵگە پەرەپێنەدراوەکان، یان کێڵگە نوێیەکان، ئەوا هەرێم و پارێزگاکان کۆنترۆڵی ئەم کێڵگانە دەکەن.»

لە دوای قسەکانی هەورامییەوە، چەند سازشێك لە یاسای نەوت و گازدا تێپەڕێنرا. هەرچۆنێك بێت، لە شوباتی ٢٠١٠دا وەزیری نەوتی عێراق، حوسێن شەهرستانی ڕای گەیاند عێراق پێشبینی دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستانەوە دەکات.»لە ئایندەیەکی نزیکدا». لەکۆتاییدا توانرا بەرەوپێشچوون بەدی بهێنرێت لە مەسەلەی پێدانی ئەو خەرجیانەی لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون لە لایەن بەغداوە، ئەویش لە داهاتی ئەو نەوتەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمی دەهێنا، هەروەها بەشێك لە قازانجەکان بەو کۆمپانیا نێودەوڵەتیانەی نەوت دران کە لە کوردستاندا نەوتیان بەرهەم دەهێنا.

لە ڕاستیدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شوباتی ٢٠١١دا دەستی کردووە بە هەناردەکردنی نەوت و لە مانگی نیسانی ٢٠١١دا ڕۆژانە ١٥٠ هەزار بەرمیلی بەرهەمدەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا چارەنووسی ئەو گرێبەستانەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیا دەرەکییەکان کە ناکۆکیان لەسەربوو ڕوون نەبۆتەوە. بە دەربڕینێکی دیکە، ئەگەرچی بەرەوپێشچوون بەدەستهاتبوو، بەڵام هێشتا بەغدا ئیعتیرافی بە یاسایی بوونی

گریبەستە ئیمزاکراوەکان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نەدەکرد. لەبەرئەوە تێپەڕاندنی یاسایەکی گشتگیر بۆ نەوت و گاز ئامانجێکی دژوار و زەحمەتە.

### بارودۆخی ئێستا

لە ئێستادا، پێوەندی نێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێوەندییەکی گوماناوی، دوژمنکارانە و پەنابردنەبەر سیاسەتی لێواری هەڵدێرە کە « هەڕەشە لە سەقامگیری دەوڵەتی عێراق دەکات لەسەر ئاستێکی سیاسی زۆر قووڵ.

ململانێکە، کە کاریگەری وێرانکارانەی لەسەر مێژووی سەدەی بیستی وڵاتەکە جێهێشتووە، بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ ئیفلیجبوونێکی سیاسی یان خراپتر، ڕەنگە بێبەتەهەوی خێراتربوونی فیعلی لەبەریەکهەڵوەشانی عێراق، هێشتاش پێوەندی کوردو عەرەب ئەگەری ئەوەی لێدەکرێت بێبەتەهەوی خراپتربوونی بارودۆخەکە.

کاتێك حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی نووری ئەل مالیکی بەهێزتر و برِوابەخۆتر بوو، ئەوا بە شێوەیەکی سروشتی هەوڵی دووبارە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی خۆی دەدات بەسەر بەشە کوردییەکەی باکووری وڵاتەکەدا. دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ کە زەمانەتی فیدراڵیەتی ڕاستەقینەی کرد، بەو پێیە زەمانەتی نیمچە سەربەخۆیی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرد، لە ئێستادا تانەی ئەوەی لێدەدرێت کە لە ساتەوەختی لاوازی دەوڵەتدا سەپێنراوە. زۆرێك (نەك هەموو) لە شیعە و سوننەکان لە ئێستادا هەوڵی ئەوە دەدەن هەلومەرجەکە بۆ دۆخی ڕابردوو بگەڕێننەوە- بە لایانەوە دۆخێکی ڕاست و دروست بووە-، ئەم دۆخەش بریتی بوو لە بوونی دەوڵەتێك کە مەرکەزیەتێکی زیاتری هەبوو، ئەگەرچی ئەمە پێویستی بەگۆڕینی دەستوور هەیە. ئەمەش پاساوێکی بەهێز دەداتە دەست مالیکی و هەر جێگرەوەیەکی مالیکی کە عەرەب بێت، کاتێك کۆشش بۆ ئاوەدانکردنەوەی عێراق و کۆتایی هێنان بە ناکۆکی تائیفی نێوان شیعە و سوننە دەهێنێت. بە ڕەوچاکردنی باری دانیشتووان و هەموو ئەو ئیمکانیاتانەی هەردوولا هەیانە، ئەوا ئەو تێڕوانینە هەیە کە کات لە بەرژەوەندی بەغدایە.

بێتوانایی لە پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ مانگ لە دوای هەڵبژاردنەکەی ٧ی ئازاری ٢٠١٠ەوە، تەنیا بووەهۆی دواخستنی ئەم بارودۆخە. هەرچۆنێك بێت، کاتێك حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتی مالیکی لە ٢٠١١دا دەسەڵاتی گرتەدەست، ئەوا هەڵویستی عەرەب لە ئاست کوردەکان لە بەهێزبووندا دەبێت لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردووا ئەل مالیکی و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی ناو بە ناو لێدوانی توند و تووڕەیان لە بەرامبەر یەکتر لەسەر بارودۆخەکەوە داوە. بۆ نموونە لەمیانەی کۆبونەوەیەکدا لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٨ لە بەغدا کە بارگرژی باڵی کێشابوو بەسەریدا، بارزانی بە ئەل مالیکی وت، « تۆ بۆنی دیکتاتۆرت لێدێت.» و هەروەها ڕایگەیاند کە سەرۆك وەزیران یاری بە ئاگر دەکات لە ئابی ٢٠٠٨دا، ئەم لێدوانە گرژو ئاگرینانە خەریك بوو لە دەرئەنجامدا دوژمنکارییەکی بەربڵاوی لێبکەوێتەوە لەسەر شاری خانەقین کە شارێکی جێی ناکۆکییە لە پارێزگاری دیالە و ٩٠ میل لە باکووری بەغداوە دووەرە و بەسەر سنوری ناوخۆیی -ئەمری واقیعی- نێوان هەردوولا دادەنرێت و بە زۆری « هێڵی گرژی و

---

## دەسەڵاتە هەڵبژێردراوەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکانی نەوت مافی ئەوەیان هەیە ئیدارەو سەرپەرشتی پرۆسەی دەرهێنانی نەوت بکەن

---

ئاڵۆزی» تێدایە کە بەهۆیەوە پێشمەرگە کوردەکان هۆشدارییەکی هێزە ئەمنیەکانی عێراقیان بۆ کشانەوە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا فەرامۆش کرد. دوای چەند هەوڵێکی چڕی پیادەکردنی سیاسەتی لێواری هەڵدێر، هەردوولا بۆ مەسافەی ١٥ میل بۆ باکوور و باشووری شارەکە پاشەکشەیان کرد، ئیدارەدانی ئەمنیەتی شاری خانەقینیان بۆ هێزەکانی پۆلیس بەجێهێشت. هەردوولا لە چەندین بۆنەی یەك بەدوایەکدا نزیك بوونەوە لە شەڕکردن لەگەڵ یەکتردا. تەنیا بوونی هێزە ئەمەریکیەکان کە لەو نزیکانە جێگیرکرابوون ڕێگرییان لە خوێنڕشتن کرد..

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٠ەوە، ئەمەریکا لە عێراق هەوڵیداوە متمانە لە نێوان هەردوولایەندا دروست بکات، ئەویش بە پێکهێنانی دەوریەی هاوبەش (میکانیزمە ئەمنیە هاوبەشەکان) کە سەربازە ئەمریکیەکانیشیان لەگەڵدایە، هەروەها بە بەڕێوەبردنی ٢٦خاڵی پشکنین پێکەوە. لەهەندێ جێدا تەنانەت شوێنی خەوتنیشیان پێکەوەیە، ئەم پرۆسەیە لە سێ پارێزگادا بەڕێوەدەچێت، کەرکوك و موسڵ و دیالە.

بەرهەم ساڵح، سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەم ڕێ و شوێنانە دەڵێت «هاوکاری فریاگوزارییە بۆ بنیاتنانی متمانە و هێنانەئارای سەقامگیری.»لەگەڵ ئەوەشدا، دەبێت ئەم پرسیارە بکەین ئایا دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا چی ڕوودەدات؟ ساڵح ئەوەی درکاند « کاتێك بیر لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەمەوە، ئەوا زۆر زۆر نیگەران دەبم.» کەسانێکی دیکە زۆر توند گوزارشتیان لە نیگەرانی خۆیان کرد. بۆ نموونە جەنەراڵ تورهان یوسف عەبدولڕەحمان، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی کەرکوك ڕایگەیاند « کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا هەڵەیەکی کوشندەیە..

فەرماندەیەکی پۆلیسی کەرکوك کە کوردە ڕایگەیاند «دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا بمێننەوە، ئەگەرنا شەڕی ناوخۆیی ڕوودەدات» هەروەها وتی «من تەواوی قەناعەتم هەیە بەوەی لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا کەرکوك دووچاری شەڕی ناوخۆیی دەبێتەوە ئەگەر هێزەکانی ئەمەریکا بکشێنەوە.» تەنانەت لە کاتی ئامادەبوونی هێزەکانی ئەمەریکاشدا هەردوولا ناکۆکییان هەیە لەسەر ئەوەی دەبێت چ لایەك فەرماندەی دەوریاتە هاوبەشەکان بکات. لە لایەکی دیکەوە، ڕەنگە کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا بێبەتەهۆی قەناعەتپێهێنانی هەولێر و بەغدا بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لە بارەی دابەشکردنی ناوخۆیی دەسەڵاتەوە، لە نێویاندا خەتکێشانی سنووری ناوخۆیی.

کەرکوك، کە بە نەوت دەوڵەمەندە و مەوقیعێکی ستراتیژی هەیە، چەقی ئەم گرژیانەی نێوان بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بە پێی لیەم ئەندرسۆن و گاریس ستانسفیلد، کەرکوك «شارێکی تەقلیدی دابەشبووە...کە لە پێناویدا خەڵك ئامادەی شەڕکردن و خۆبەخت کردنن.....

ژمارەی ئەو گەمەکارانەی لەم پرسەوە تێوەگلاون، سروشتی سەرچاوەکان و تێوەگلانی نێودەوڵەتی.. ئاستی ئاڵۆزی کە بەهۆی چەند ناکۆکییەکەی کەمی دیکەوە لەبارەی «خاوەندارێتی»زەوییەوە ئاڵۆزتربووە.» بەلەبەرچاوگرتنی ئەو پێگە بەهێزەی کوردەکان لە سەرەتادا هەیانبوو کە پێدەچوو کەرکوك لە بارێکدا بێت بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە پێی برگەکانی ماددەی ١٤٠ دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ کۆنترۆڵ بکرێت، ئێستا شارە ناکۆکی لەسەرەکە و پارێزگاکە وەك شتێکی دووردەست وایە بۆ کوردەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، موفارەقەکە ئەوەیە، زۆرێك لە عەرەبەکان پشت بە دەستوور دەبەستن کاتێك ئاماژە بە ماددەی ١٤٢ دەکەن، کە پەیڕەوکردنی ئەم ماددەیە دەبێتەهۆی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنەی بە سونەکان دراوە بۆ پێداچوونەوە بە دەستوور، ئەویش لە ڕێی ڕێگەدان بەوە هەمووارکردنەی لە لایەن زۆرینەی پەرلەمانەوە وەك یەك کوتلە دەنگی لەسەردراوە. لە ڕاستیدا لیژنەی پێداچوونەوە بە دەستووری عێراق لە دوای تەبەنی کردنی دەستوورەوە لە ٢٠٠٥وە دەستی بە کاربووە. ڕەنگە گرنگترین کارێك کردبێتی هەوڵدان بوو بێت بۆ یەکلاکردنەوەی پێناسەی دەستوور بۆ فیدراڵیزم کە بە چەشنێك جێبەجێ بکرێت جێی ڕەزامەندی هەموولایەك بێت.

لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ٢٠١١، ٨٥٠٠ بۆ ١٢٠٠٠ پێشمەرگە لە نێویاندا یەکەکانی موداهەمەی زێرەڤانی، لە ڕۆژئاوای کەرکوکدا بڵاوکرانەوە. ئەنجومەنی سیاسی عەرەب و بەرەی تورکمانی ئیدانەی ئەم هەنگاوەی کوردەکانیان کردو داوای کشانەوەی دەستبەجێی ئەو هێزانەیان کرد. ڕایانگەیاند کە «بوونی هێزەکانی پێشمەرگە کارێکی نادەستوورییە. پێشمەرگە تەنیا لەو ناوچانەدا دەتوانێت چالاکی هەبێت کە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان.بوونی پێشمەرگە لە کەرکوکدا چەندین کێشە دەخوڵقێنێت.» بانگەشەکردن بۆ «ڕۆژی تورەیی» بۆ نارەزایی دەربرین دژی بوونی هێزەکانی پێشمەرگە تەنیا بەهۆی سەپاندنی قەدەغەکردنی هات و چۆوەوە لە لایەن هێزەکانی پۆلیسەوە ڕێگری لێکرا.

لە ٣ی ئازاری ٢٠١١دا، سەرۆك وەزیران نوری ئەل مالیکی لە ڕێی وتەبێژێکەوە

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان بنەبڕانە هۆشداری ئەوەیدا: ڕێگانادەین دەستکەوتەکانی کورد لە ناوببردرێن. ئەگەر دەستوور پێشێل بکرێت عێراق لەبەریەکهەڵدەوەشێت**

داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد هێزەکانی پاشەکشە پێبکات: « ئەم هێزانە بێ مۆڵەتپێدانی حکومەتی مەرکەزی بڵاوبیان پێکراوەو سەرۆك وەزیران داوایان لێدەکات دەستبەجێ بکشێنەوە». لەگەڵ ئەوەشداشێخ جەعفەر مستەفا وەزیری کاروباری پێشمەرگە، لە ٩ی ئازاری ٢٠١١دا ڕایگەیاند هێزە کوردییەکان تا ئاسایی بوونەوەی بارودۆخەکە ناکشێنەوە. ئەو بانگەشەی ئەوەی کرد کوردەکان ناچاربوون پارێزگاری لە کەرکوك بکەن دژی ئەل قاعیدە، گرووپە شۆڤێنیستە عەرەبەکان و بەعسییەکان، ئەوان لەسەر ئەساسی ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان ڕەفتاریان کردووە کە ئاماژەیان بەوە کردووە ئەو گرووپانە پلانی دەستبەسەرداگرتنی کەرکوکیان لە ماوەی خۆپیشاندانەکاندا دارشتبوو. « هێزەکانمان ئەو کاتە دەکشێنەوە کە کێشە و گرژییەکانی کەرکوك کۆتاییان پێبێت و شارەکە بگەڕێتەوە بۆ دۆخی ئاسایی.»

کاردانەوەی سەربازی کوردەکان ترس و دڵەڕاوکێی لە نێوان دانیشتووانە عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوك بڵاوکردەوە، بەوەی کوردەکان کار بۆ ئەوەی دەکەن لە ڕێی هێزەوە ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکەن. سیاسییەکی عەرەب لە کەرکوك، باسی لەوە کرد بڵاوەپێکردنی هێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان شێوازێك بوو بۆ لادانی سەرنجەکان لەسەر ئەو نارەزاییانەی لە لایەن هاووڵاتیەکانیەوە لە سلێمانی دژی ئەو حکومەتە بەرێوەدەچوون و لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردن. یەکێك لە ئەندامانی حزبی گۆڕان کە حزبێکی موعارەزەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاوڕایە لەگەڵ ئەوەی بڵاوەپێکردنی هێزە کوردییەکان لە کەرکوك «سیناریۆ» بوو کە لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی و یەکێتی نیشتیمانی کوردستانەوە بەسەرکردایەتی جەلال تاڵەبانی

کە حکومڕان داڕێژرابوو، ئەویش لە پێناو «ئەوەی کوردەکان نارەزایی دژی گەندەڵی لە کوردستاندا دەرنەبڕن. ویستیان خەڵك بە کەرکوکەوە سەرقاڵ بکەن.» ئەگەر وابێت، ئەوا ئەمە یەکەمجار نابێت لە مێژوودا کە حکومەتێك بە دەستی گرفتی ناوخۆییەوە بناڵێنێت و هەوڵی سەرکێشییەکی دەرەکی بدات لە پێناو یەکخستنی خەڵکەکەیدا.

ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی بەم دواییە لە ٧ی ئازاری ٢٠١٠ لە عێراق بەرێوەچوون بەشێوەیەك لە شێوەکان مایەی نائومێدبوون بوو بۆ کوردەکان، لەبەرئەوەی کەرکوك بە یەکسانی لەنێوان ئەوان و عەرەب و تورکمانەکاندا دابەش بوو. پێدەچێت ئەم گۆڕانە دیموگرافییە ببێتەهۆی ئەوەی کەمتر ئەگەری ئەوە هەبێت کەرکوك بخرێتەپاڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. عەرەبەکان ئەمەریکایان بەوە تۆمەتبارکردووە کەلەم دۆخە ئاڵۆزەی ئەم دواییەدا تەفزیلی کوردەکانی کردووە، بەڵام لەڕاستیدا کشانەوەی نەخشەبۆکێشراوی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ٢٠١١ ڕەنگە ببێتەهۆی دروستبوونی گرژی و ئاڵۆزی زیاتر لەسەر کەرکوك، ئەمەش کاتێك ناوبژیوانی ئەمەریکی دەکشێتەوە. خۆشبەختانە، هێشتا خراپترین ئەو پێشبینیانەی بۆ کەرکوك دەکران، روویان نەداوە، بەڵام تاوەکو کەی لایەنە پێوەندیدارەکان دەتوانن خۆیان لەم سیناریۆ مەترسیدارە لابدەن.؟؟

کەواتە پێوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا چۆن دەکەوێتەوە؟ ئەوەی ڕوونە ئەوەیە ئایندەی سیاسی نێوانیان مایەی گومانە. ئایا عێراق بە ڕاستی وەك وڵاتێکی فیدراڵی دەمێنێتەوە هەروەك ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای دەکات، یان هەر تەنیا بە ناو وڵاتێکی فیدراڵی دەبێت لە کاتێکدا عەرەبەکان لە کۆششی بە مەرکەزیکردنەوەی دەوڵەتی عێراقدان. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت چاوەڕێ بکەین. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی بنەبڕانە هۆشداری ئەوەیدا:» ڕێگانادەین دەستکەوتەکانی کورد لەلایەن پەرلەمانی بەغداوە لە ناوببردرێن. عێراق لەبەریەکهەڵدەوەشێت ئەگەر دەستووری عێراق پێشێل بکرێت.»

لەوە زیاتر، هەروەك ستانسفیلد و ئەندەرسۆن، کە دوو لێکۆڵەرەوەی دیاری ڕۆژئاوایین، لە ئەنجامدا پێیگەیشتوون:»

عەرەبی پێکهێنرابێت، خاڵی بێت لە نوێنەرایەتیکردنی کوردو کۆششەکانی تەرخان بکات بۆ لەناوبردنی ئەو ئۆتۆنۆمیە کوردییەی لە باکووردا هەیە، ئەوا پەیامێکی سەرەتایی بۆ کۆتایی هێنان بە یەکپارچەی خاکی عێراق بڵاو دەکاتەوە.» هەندێ کەس پێشنیاری ئەوەیان کردووە —کە سەرەڕای ئەو بە بنبەست گەیشتنە درێژخایەنەی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٧ی ئازاری ٢٠١٠وە دروست بوو-پێدەچێت کات لە بەرژەوەندی بەغدا بێت. ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کوردەکان گورزی خۆیان دەوەشێنن پێش ئەوەی کاتەکە زۆر درەنگ بێت؟ تاوەکو ئێستا سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژیرانە و کامڵانە رەفتاری کردووە کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کارێکی بەپەلەی لەم چەشنە ناکەن. ئەگەر توندوتیژی یان شەڕی ناوخۆیی رووبدات، ئەوا زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە بەهۆی رێکەوتەوە رووبدات(نەك بەشێوەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو و بڕیارلەسەردراو).

خاڵی ناکۆکی بەردەوامی نێوان هەولێر و بەغدا بریتیە لە مافی بەغدا بۆ رەوانەکردنی سوپا و ئەنجامدانی چالاکی سەربازی لە چوارچێوەی سنووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو رابردووە تاڵەی هەیانە لەگەڵ سوپای عێراق، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداگیری دەکات لەسەر ئەوەی بڕیاری مۆڵەتپێدان یان راگرتنی بڵاوپێکردنی سوپای بەغدا لە دەستی خۆیدا بێت. لە راستیدا، ماددەی ١٢/١٠٤ لە رەشنووسی دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لەوە دەکات رەنگە تەنیا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان « رێگە بە هێزە چەکدارەکانی فیدراڵییەکان بدات بۆ ئەوەی بێنە هەرێمەکەوە، ئەویش دوای وەرگرتنی رەزامەندی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، بە مەرجێك ئەرك و شوێن و ماوەی مانەوەیان دیاری کرابێت. « بە دڵنیاییەوە، بەغدا هەڵوێستێکی پێچەوانەی هەیە، ئەوە دووپات دەکاتەوە ماددەی ٢/١١٠ لە دەستووری عێراق کە باس لە دەسەڵاتە فیدراڵییە حەسریەکان دەکات رێگە بە بڵاوکردنەوەی هێزەکانی عێراق دەدات لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەدا بێت « دامەزراندنی هێزە چەکدارە بەتواناکان بۆ پاراستن و دابینکردنی ئاسایش بۆ سنوورەکانی عێراق و بەرگری کردن لە عێراق.»

هەرچۆنێك بێت، پێوەندی سوودبەخشی دوولایەنە لە نێوان هەولێر و سوپای بەغدا وەك فاکتەرێکی گرنگ دەمێنێتەوە کە رێگە لەوە دەگرێت هەردوولا بکەونە ناکۆکییەکی راستەقینەوە. بۆ نموونە، دەنیس پی. چامپان کە کۆلۆنێلێکی ئەمەریکیە ئاماژە بەوە دەدات «هێزەکانی پێشمەرگە گۆڕاون بۆ یەکەکانی بەرگری میللی عێراق، پاسەوانی نیشتمانی عێراق و یەکەکانی سوپای عێراق، پۆلیسی ژینگە و دارستان، پۆلیس و یەکەکانی پاراستنی سنوور.

رەنگە گەورەترین بەرنامەی گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بریتی بووبێت لە ئاوێتەکردنی ژمارەیەك لە هێزەکانی پێشمەرگە لەناو سوپای عێراقدا.» تەنانەت بەغدا» لە رووی مەبدەئیەوە دابینکردنی دارایی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە قبوڵ کردووە، هەروەك لە یاساکانی بودجەی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٨ ئاماژەی پێکراوە.» لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا هەردوولا نەگەیشتونەتە سیغەیەك بۆ دابینکردنی ئەو داراییە. ئەمە هەولێری سارد نەکرۆدتەوە، بەڵکو هێشتا داوا لە بەغدا

**کاتێك حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی نووری ئەل مالیکی بەهێزتر و بروابەخۆتر بوو، ئەوا بە شێوەیەکی سروشتی هەوڵی دووبارە گەراندنەوەی دەسەڵاتی خۆی دەدات بەسەر بەشە کوردییەکەی باکووری وڵاتەکەدا**

دەکات مووچەی خانەشینی بۆ ٩٠،٠٠٠ پێشمەرگەی خانەشین دابین بکات.

هەرچەندە چامپان دەنووسێت «گومانێکی زۆر هەیە لە نێو غەیرە کوردەکان لە ئاست نیاز و نییەتی کوردەکاندا. . . پێدەچێت یەکە کوردییەکانی سوپای عێراق دڵسۆزیەکی زیاتریان بۆ عێراق پیشاندابێن بەهۆی کردارەکانیانەوە بە بەراورد بە هاوشانە عەرەبەکانیان.» لە راستیدا دوای دیراسەت کردنێکی وردی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نێویاندا پێشمەرگە (سوپای رێکخراو)، چامپان بەو دەرئەنجامە دەگات « کە هێشتا پچڕانی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە فیدراڵیەکان روونەداوە، ئەویش بەهۆی ئەوەی تا رادەیەك هەردوولا دانیان بەخۆیاندا گرتووە و نەرمییان نواندووە.» بۆ نموونە، «حکومەتی مەرکەزی و هەرێمی کوردستان توانایەکی سەرسوڕهێنەریان پیشانداوە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە و (یان بۆ پەراوێزخستنی ) ئەو مەسەلانەی ئەگەری تەقینەوەیان لێدەکرێت، هەروەها بۆ هاوکاری کردن لە چەندین مەسەلەی گرنگدا.»

ئەو هەلو مەرجە سیاسییە لەرزۆکەی حاڵی حازر لە ئارادایە کە تێیدا سوننەکان بەم دواییە دەستیان کردووە بە بەشداری کردن، توندوتیژی تائیفی توندڕەوەکان سنووردارکراوە، حکومەتێکی مەرکەزی کارا هێنراوەتەئاراوە. لە چوارچێوەی ئەم هەلومەرجەدا کوردەکان بەشداربووی سەرەکین. هەروەها تۆمارێکی باشیان هەیە لە بەدامەزراوەییکردنی حکومەتە سەرکەوتووەکیاندا، حکومەتی هەرێمی کوردستان،کە لە لایەن ٧٥،٠٠٠پێشمەرگەوە دەپارێزرێت، زیاتر و زیاتر لەلایەن تورکیاوە قبوڵ دەکرێت، هەروەها زەمانەتی لاوازی ئەمەریکا بۆ پاراستنیان زیاتر مایەی گیروگرفت دەبێت کاتێك هێزەکانی ئەمەریکا دەست بە کشانەوە بکەن. هەرچۆنێك بێت، سەرەڕای ئاماژەکانی ئارامگرتنی عەرەب لە ئاست دەستکەوت و داواکارییە بەردەوامەکانی کوردەکانەوە، ئەوا هێشتا کۆدەنگیەکی گشتی هەیە بۆ قبوڵکردنی دەوڵەتی فیدراڵی، ئەویش بەلەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعەی لە عێراقی دوای سەددام حوسێنەوە هاتۆتەئاراوە. لەسەر ئەساسی ئەزموونە دووروودرێژەکەی، زەڵمای خەلیل زاد، باڵوێزی پێشووی ئەمەریکا لە بەغدا، ئەم خاڵەی لە کۆنفراسێکدا لە واشنتۆن دی.سی لە ئازاری ٢٠١٠دا خستەڕوو. کەواتە ئەوەی پێویستە بریتیە لە رەفتاری ژیرانە و کامڵانە بە چەشنێك سەربکێشێت بۆ ئەوەی هەردوولا سازش لەسەر تێڕوانینە توندڕەوەکانیان بکەن، ئەویش لە پێناو جێبەجێکردنی فیدراڵیزمێکدا کە هەردوولا رازی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا وردەکارییەکانی چارەسەرێکی گشتی دیاری نەکراون و یەکلانەکراونەتەوە.

# هەرێمی سوننەکان: تەگەرەو هاندەر

لەڕەوتی وەڵامدانەوەی نەیارەکانیدا کەتۆمەتی بانگەشەکردن بۆ جیابوونەوەی دەخەنە پاڵ، ئوسامە نوجەیفیی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دوای ئەوەی کەپاکانەی بۆ بەکارهێنانی وشەی «جیابوونەوە» کرد، چووە سەر ئەوەی کەئەو زۆرتر مەبەستی پێکهێنانی هەرێم بووەو لەم سەروبەندەدا ئاشکرای کرد کەدوو داوای لەپارێزگاکانی بەسرەو واست پێگەییوە کەتێیدا داوای پێکهێنانی هەرێمی فیدراڵ دەکەن.

پێش ئەوەش، لەهەر یەك لەسەلاحەددین و ئەنبار پێشنیاری پێکهێنانی هەرێم سەری دەرهێناو کتوپڕ مشتومڕەکانی دامرکانەوە. هەر دوا بەدوای لێدوانەکەی نوجەیفی، هەندێ لەسەرچاوەکانی ڕاگەیاندن بڵاویان کردەوە کەموقتەدا سەدر پشتیوانی لەپێکهێنانی سێ هەرێم لەعێراق دەکا. بەڵام زۆری نەبرد شێخ سەلاح عوبێدیی وتەبێژی فەرمیی ڕابەری ڕەوتی سەدر ئەم هەواڵەی ڕەت کردەوە وتی «دابەشکردنی عێراق بەسەر سێ هەرێمدا ئاکامی خراپی لەسەر پێکهاتەی مەزهەبیی گەلی عێراق لێ دەکەوێتەوەو دەبێتە هۆی زیاد کردنی ئەگەری شەڕی تایفەگەری». ئەگەرچی عوبێدی ئەوەی ڕون نەکردەوە کەبۆچی پێکهێنانی هەرێمەکان دەبێتە هۆی هەڵگیرسانی شەڕ، بەڵام ئەمە یەکەم جار نییە لایەنە عێراقییەکان خێرا لەپشتگیری کردنی دامەزراندنی هەرێمەکان پەشیمان ببنەوە.

تازەترین لایەنی مەسەلەکە ئەوەیە کەهیچ کات بەقەد ئێستا سوننەکان بەو گەرموگوڕییە باسی پێکهێنانی هەرێمیان نەکردووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گەرموگوڕییە کۆسپ نییە لەبەردەم پەشیمانبوونەوەیان لەوروژاندنی مەسەلەکە.


لەڕاستیدا هەرێمی سوننەنشین لەعێراقدا پێشینەی مێژوویی خۆی هەیە. لەسەردەمی عوسمانییەکاندا بەر لەوەی کە ویلایەتی موسڵ پێکبهێنرێ یاخود لەو قۆناغانەدا کە ویلایەتی موسل هەڵدەوشێنرایەوە، هەموو ناوچە سوننەنشینەکانی عێراق دەخرانە ژێر دەسەڵاتی ویلایەتی بەغداوە. لەو سەردەمەدا، بەتایبەتی لەبەغداو موسڵ، عەرەبە سوننەکان لەڕێی تێکهەڵکێش بوون لەگەڵ عوسمانییەکاندا، توانیبوویان تارادەیەك و بەبەراورد لەگەڵ کوردو شیعەکاندا، ئەزموونێکی تایبەتی حوکمڕانی بەدەست بێنن. لەهەندێ قۆناغی مێژوییدا، موسڵ وەك هەرێمێکی ئۆتۆنۆم لەژێر حوکمڕانیی بنەماڵەی جەلیلییەکان بەڕێوە دەچوو.

بەپێچەوانەی ئەوەی کەباوە، پاش ساڵی ٢٠٠٣ داهێنەری بیرۆکەی هەرێمی سوننی، خەڵکانی غەیرە سوننە نین. ئەم بیرۆکەیە بۆ ساڵی ٢٠٠٦ دەگەڕێتەوە، کاتێك ئەنجومەنی شورای موجاهیدەکان کە زەرقاوی ڕابەرایەتیی دەکرد لەبەیاننامەیەکدا داوای لەسوننەکان کرد خۆیان لەشیعە جیا بکەنەوەو هەرێمێك لەپارێزگاکانی بەغداو سەلاحەددین و ئەنبارو موسڵ و دیالەو بەشێکی بابل و واست پێکبێنن. بەوەی کە لەو کاتەدا ناوچە سوننەنشینەکان مەکۆی چالاکییەکانی زەرقاوییان پێك دەهێنا، دیارە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کەزەرقاوی لەو ناوچانە پشتگیرییەکی زۆر کراوەو بەشێکی زۆری چەکدارەکانیشی لەسوننەکان بون.


جۆ بایدنی جێگری ئێستای سەرۆکی ئەمریکا ساڵێك پاش زەرقاوی پێشنیاری دابەشکردنی عێراقی بەسەر سێ هەرێمدا کرد. بەڵام هەم لەسەردەمی پێشنیارەکەی زەرقاویدا هەم لەسەردەمی پێشنیارەکەی بایدندا، سوننەکان دودڵ بون لەهەنگاونان بەرەو پێکهێنانی هەرێم.

ئێستا باسکردنی مەسەلەکە لەجاران گەرموگوڕترە. ئەمەش هۆی خۆی هەیە. هیچ کات بەقەد ئێستا سوننەکان پەیوەندییان لەگەڵ حکومەتی مالیکیدا خراپ نەبووە. ئەگەر سوننەکان بیانەوێ ڕێ لەدەستوەردانی بەغدا لەپارێزگاکانیان بگرن و بڕێکی زۆرتری دەسەڵات و سەربەخۆیی بەدەست بێنن، هیچ ڕێیەك جگە لەدروست کردنی هەرێم لەبەردەمیاندا نییە. دەستووری فیدراڵی عێراق یەکێ لەو دەستوورە دەگمەنانەی جیهانە کەزۆرترین دەسەڵاتی بەهەرێمەکان داوە. لەم سۆنگەیەوە، کردنی پارێزگاکانی سوننە بەهەرێم هەم ئۆتۆنۆمییەکی زۆر فراوانیان بۆ دەستەبەر دەکا هەم هەژمونی بەغدا لەناوچەکانیان کەم دەکاتەوە. ئەمە خۆی لەخۆیدا بەو سەرەنجامە دەگا کەسوننە نەك تەنها لەهەرێم یان لەهەرێمەکانیان دەسەڵاتێکی زۆرتر پەیدا بکەن، بەڵکو لەبەغداو لەناو دەزگا فیدراڵییەکانیش زۆرتر دەستیان دەڕوا.

مەسەلەکە لەهاوکێشەیەکی ماتماتیك دەچێ: چەند سوننەکان پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی بەغدادا گرژ بێ، زۆرتر بیرکردنەوە لەپێکهێنانی هەرێم دەکەنەوەو چەند پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەغدادا خاو ببێتەوە، کەمتر بیر لەم مەسەلەیە دەکەنەوە. ئەمە نیشانەی ئەوەیە کەئەم مەسەلەیە هێشتا لەبیری سوننەدا وەك ڕێگەچارەیەکی ستراتیجی وەرنەگیراوەو زۆرتر پەیوەندیی بەهەڵبەزو دابەزی پەیوەندییەکانەوە هەیە. بەڵام گرنگترین خاڵ لەم بوارەدا ئەوەیە کەئێستا سوننەکان باشتر سەروەدەر لەوە دەردەکەن کەپێکهێنانی هەرێم یەکێ لەسەرچاوە سەرەکییەکانی هێزەو وروژاندنی مەسەلەکەش بەقەد جاران بەتاوان ناژمێردرێ.



فەرید ئەسەسەرد



# قۆناغی دووەمی پرۆسەی چاکسازی سەرۆکی کوردستان کاراکردنی سیستمی کارگێڕی و پەرەپێدانی تواناکان



ئیللۆت گرین بۆ(گوڵان):

# بوونی ئازادیی رۆژنامەگەری تا دوا ئەندازە گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و پەرەپێدانی دامەزراوەی بەهێز

کاتێك باسی بونیادی دامەزراوەو پەرەپێدانی کاری دامەزراوەیی لەنێو هەیکەلی کارگێری حکومەتدا دەکرێت، مەبەست ئەوە نییە دامەزراوەکان بوونیان نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە چۆن بونیادی توانای تاکەکان دەنرێت و چۆن تواناکان بۆ هەڵسوراندنی دامەزراوەکان دەخرێنەگەر بۆ ئەوەی بەرهەمی کاری دامەزراوەیی ببێتە هۆکارێك بۆ کار ئاسانی و نەهێشتنی رۆتین و هاندانی دژە گەندەڵی و پیادەکردنی شەفافیەت، بەڵام کێشەی دامەزراوەکانی هەیکەلی کارگێری حکومەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەوەیە دامەزراوەکان تاراددەیەك بونیادنراون، بەڵام شێوازی هەڵسوراندنی دامەزراوەکان لەبری ئەوەی ببنە هۆکارێك بۆ نەهێشتنی گەندەڵی، خودی دامەزراوەکان دەبنە هاندەرێك بۆ دروستبوونی گەندەڵی لە هەموو بوارەکاندا نەك تەنیا گەندەڵی دارایی، کەواتە کاتێك کە پرۆسەیەکی چاکسازی لەوڵاتدا دەست پێدەکات، ئەو پرۆسەیە کارێکی ئاسان و کورت مەودا نییە، بەڵکو کارێکی قورسی درێژخایەنە و دەبێت هەموو لایەنەکانی حکومرانی و هاووڵاتیان بەشداری پرۆسەی چاکسازییەکە بن، بۆ ئەوەی سەرەنجام پرۆسەکە بە قازانجی بەرژەوەندی گشتی یەکلایی بێتەوە.

لێرەوە ئەگەر سەیری بەرنامە چاکسازییەکەی سەرۆکی کوردستان بکەین کە لەنەورۆزی ئەمساڵ رایگەیاند، هەست دەکەین بەرنامەکە، بەرنامەیەکی هەمەلایەنی فراوانە و بێجگە لەوەی هەموو وەزارەت و دەسەڵاتی دادوەری دەگرێتەوە، لە هەمانکاتدا دێتە خوارەوە بۆ جومگەکانی کارگێری لە هەیکەلی دامەزراوەکانی حکومەتدا سەرلەنوێ بەهەموو جومگەکانی کارگێریدا پێداچوونەوە دەکات، بۆ ئەوەی جومگەبەندی هەیکەلی کارگێری بەجۆرێك رێکبخرێتەوە کە بتوانرێت ببێتە پرۆسەیەکی بەردەوام و رەنگدانەوەی بەردەوامی لەسەر ژیانی رۆژانەی هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی ئاستی داهات و پەرەپێدانی پەروەردە و فێرکردن و دابینکردنی چاودێری تەندروستی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە فەراهەم بکرێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی و گرنگ لێرەدا ئەوەیە پێداچوونەوە بەسیستمی کارگێری و سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە یاساکان و دەستنیشانکردنی ئەو یاسایانەی پێویستیان بەهەموار کردن هەیە و دەرکردنی یاسای نوێ بۆ قۆناغی ئایندە، ئایا ئەمانە تەنیا بەبریار دەکرێن؟ یان ئایا ئەمە بەتەنیا کەسێك یان تیمێك یان گرووپێك بەرێوەدەچێت؟ یان ئەم پرۆسەیە کە لەگەڵ دەسپێکردنی دەبێتە پرۆسەیەکی بەردەوامی هەمەلایەن و پێویستی بەهاوکاری هەموو لایەنەکانی حکومەت و حکومرانی و هاووڵاتیان دەبێت؟ بۆ بەدواداچوونی ئەم پرسە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جارلی ترۆنداڵ ئوستادی زانستی سیاسەت و کارگێری لە زانکۆی ئۆسلۆ کرد و لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربری و وتی: (بەرەوپێشبردنی دامەزراوەی سەقامگیر، فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی بەرەوپێشبردنی دەوڵەتێك کە بتوانێت کار بۆ خزمەتکردن و هێنانەدی بەرژەوەندی هاووڵاتیەکانی بکات، بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە دووبارە دابەشکردنەوەی داهات و یاسای جێگیر دەرکات و ئەو یاسایانە جێبەجێ بکات، ئەمانە هۆکاری گرنگن بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی پەرەپێدانی دەوڵەت، بەڵام بە دامەزراوەییکردن کاتی دەوێت، واتە پرۆسەیەکی درێژخایەنو تەنانەت ئەگەر بتوانیت لە شەو و رۆژێکدا دامەزراوەکان بونیاد بنێیت، بۆ نموونە لە لایەن هێزێکی دەرەکی وەك ئەمریکاوە، ئەوا ئەمە بە مانای ئەوەنییە کە تۆ دامەزراوەگەلێکی سەقامگیرت هەیە، کەواتە ئەمە پێویستی بە ئارامگرتنە. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەم دامەزراوانە تواناکان بونیاد بنێن، یان پەرە بە تواناکان بدەن ئەمەش بە مانای بوونی ستافێکی پیشەگەر دێت، کەواتە بونیادنانی توانای حکومەت تا دوا رادەە گرنگە، بەڵام ئەمە کاتێکی زۆر دەخایەنێت بۆ ئەوەی ئەو دامەزراوانەش سەقامگیر بن. یەکێك لەو شتانەی دەبێت کاری بۆ بکرێت دارشتنی رێسای رەفتارکردنە بۆ فەرمانبەران، ئەویش بۆ ئەوەی کەلتوری رەفتارکردنی باش بونیاد بنێین. لە راستیدا دەبێت میکانیزمی لێپرسینەوەش جێگیر بکرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر فەرمانبەران ملکەچی ئەو رێسایانە نەبن، ئەوا سەرپێچیەکانیان ئاشکرابکرێت و راپێچی لێپرسینەوە بکرێن. کەواتە ئەمە پێویستی بە هێنانەئارای رێساگەلێکی دیاریکراو و میکانیزمی چاودێری کارەکانی حکومەت دەکات. واتە گۆرینی بیرۆکراسیەتی سلبی بۆ بیرۆکراسیەتی ئیجابی، ئەوجا بیرۆکراسیەتی سلبی بەمانای ئەوە دێت ئیجرائات و رۆتینێکی زۆر لە ئارادایە، لە راستیدا ئەمە شتێکی زۆر باوە و لە هەموو شوێنێك هەیە، تەنانەت لە یەکێتی ئەورووپاشدا، لەبەر ئەوەی تەرکیز لەسەر کەمکردنەوەی رۆتین کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ جار زەحمەتە جیاوازی بکەین لەنێوان بیرۆکراسیەتی پێویست و بیرۆکراسیەتێك کە پێویست نییە، یان لەنێوان بیرۆکراسیەتی سلبی و ئەوەی پێی دەوترێت دیموکراسیەتی ئیجابی. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد گرنگە لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پەرە بە تواناکان بدرێت. هەروەها ئەوە روون نییە کە چ کاتێك و لە چ خاڵێکدا بیرۆکراسی دەبێتە بیرۆکراسیەتی سلبی، ئاسان نییە ئەمە یەکلابکەینەوە)).



**جارلی ترۆندالْ بۆ(گوڵان):**

**بۆ ئەوەی کەلتوری ڕەفتارکردنی باش بونیاد بنێین دەبێت میکانیزمی لێپرسینەوەش جێگیر بکرێت**

## چاکسازیی دامەزراوەیی پرۆسەیەکی بەردەوامە

چاکسازیی و بەهێزکردنی دامەزراوەکان کە لەبەرنامەکەی سەرۆکی کوردستانە گرێدراوەتەوە بە پێداچوونەوە بەسیستمی دادوەری و پیادەکردنی سەروەریی یاسا و ئەوەمان پێ دەڵێت بەرنامەکە بەرنامەیەکی فراوان و هەمە لایەنیە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر مایکل جۆنز کۆریا کرد کە ئوستادی بەڕێوەبردنی حکومەتە لەزانکۆی کۆرنیل، سەبارەت بەوەی ئایا تاچەند سەروەریی یاسا دەبێتە پێداویستیەك بۆ بەهێزکردنی دامەزراوەکان؟ پرۆفیسۆر مایکل جۆنز بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە: (ئەگەر دامەزراوەی ڕاست و دروستمان هەبێت بۆ پەرەپێدانی سەرمایەی مرۆیی، ئەوا بوونی دامەزراوەی بەهێز و دامەزراوەی بەرەوپێشچوو گرنگە بۆ پەرەپێدانی پەروەردە و بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی لە هەموو لایەکەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەگەر دامەزراوەکان وەك پێویست کارنەکەن، ئەوا ئەرکەکە قورستر دەبێت، کەواتە پێوەندی هەیە لەنێوان دامەزراوەکان و بەرەوپێشچوون و سەرمایەی مرۆییدا. کارکردن بۆ کاراکردنی دامەزراوەکان بە کۆششی تەنیا کەسێك نابێت و ناگاتە ئەنجام، بەڵکو پێویستی بە کۆششی هەزارەها کەس هەیە، کەسانی پیشەگەر، ئەندازیار، پارێزەر و پزیشك هەیە بۆ ئەوەی کارێك بکەن تاوەکو دامەزراوەکان وەك پێویست کاربکەن، کەواتە ئەمە پێویستی بە کار و کۆششی هەزارەها کەس هەیە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بەرەوپێشبچن، بونیادنانی دامەزراوەکانیش چەندین پێداویستی هەیە، بۆ نموونە دەبێت سەروەریی یاسا هەبێت، دەبێت چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێت، واتە ئەگەر هەموو لایەك ڕێکبکەون لەسەر ئەو یاسایانەی لە ئارادان، ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە بونیادنانی دامەزراوەی بەهێز و دروستبوونی کەرتی تایبەت کە لەو چوارچێوە یاساییەدا گەشە بکات. پێموایە سەروەریی یاسا پێشمەرجە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بتوانن لە سایەیدا گەشە بکەن. لەبەر ئەوەی سەروەریی یاسا دەبێتەهۆی ئەوەی بڕیارەکان پێشبینیکراوبن، مەبەست ئەوەیە هاووڵاتیان دەزانن جێگیریەك لە دەرکردنی بڕیارەکاندا هەیە، چونکە بۆ ئەوەی بڕیار لە ئاییندەی خۆت بدەیت، ئەوا تۆ پێویستت بەوەیە دڵنیابیت لەوەی یاساکان وەك خۆیان دەمێننەوە، هەروەها سەروەریی یاسا دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی دامەزراوەکان خۆیان ببنە هۆکاری دژە گەندەڵی و ڕێگرتن لەگەندەڵی، ئەوەی ئێمە لە ئەمریکا لەبیرمان کردووە، کە هیوادارم ئێوە لە عێراق لەبیری نەکەن، ئەوەیە ئەمە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و ڕەنگە بە پێنج ساڵ تەواو نەبێت، بەڵکو ڕەنگە بە سی ساڵ و زیاتریش ئەنجام بدرێت، لە ئەمریکا لەدوای جاڕدانی سەربەخۆییەوە لە ١٧٧٦ تاوەکو ساڵی ١٧٨٧ کە بە ڕەسمی دەستوور تەبەنی کرا، کە زیاتر لە ١٠ساڵ بوو، دواتر نزیکەی بیست ساڵی دیکەی خایاند تاوەکو بناغەیەکی پتەو بۆ وڵاتەکە دامەزرێنرا، واتە دەتوانین بڵێین ئەمە پرۆسەیەکی ٣٠ ساڵی بووە بۆ ئەوەی حکومەتی ئەمریکا بە تەواوەتی ببێتە حکومەتێکی هەڵسوڕاو، پێموایە ئەمە بۆ هەموو وڵاتێك ڕاستە، ئەمە پرۆسەیەکی دوو ساڵی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکە چەندین دەیە دەخایەنێت)).



**مایکل جۆنز کۆریا بۆ (گوڵان):**

**سەروەریی یاسا دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی دامەزراوەکان خۆیان ببنە هۆکاری دژە گەندەڵی و ڕێگرتن لەگەندەڵی**

ئەگەر ئەم پرسە پرسێکی بەو جۆرە ئاڵۆز بێت، پرسیار ئەوەیە چۆن هەندێك لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو توانیان ئەو قۆناغە تێپەڕێنن و سیستمێکی کارگێڕی ئەوتۆ بونیاد بنێن کە بتوانن پەرەپێدانی بەردەوام بەرهەمبهێنێت؟ سەبارەت بەم پرسە پرۆفیسۆر ئیللۆت گرین ئوستادی پەرەپێدانی نێودەوڵەتی لەزانکۆی لەندەن لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: (ئێمە بوونی دامەزراوەکان بە سەروەریی یاساوە گرێدەدەینەوە، واتە ئەو دامەزراوانە سەروەریی یاسا دەچەسپێنن، بۆ نموونە ڕەنگە بە مانای سەرۆکی وڵات بێت، یان ئەندامانی پەرلەمان، کۆنگرێس، یان ئەنجومەنی نیشتمانی، یان حکومەتی مەحەلی کە هەمو ئەمانە کار بۆ سەروەریی یاسا دەکەن و کار بۆ ئەوە دەکەن خەڵکی بە یاساکانەوە پابەندبن، بە چەشنێك ئەوانەی پابەند نابن بە یاساوە دادگایی بکرێن. هەر بۆنموونە هەندێ جار دەوترێت کەسەکان، یان سیاسییەکان خراپن، هەندێ جاریش دەوترێت پێگە و پۆستەکە دەبێتەهۆی ئەوەی کەسێك



لە گەندەڵییەوە تێوەدەگلێت، بەڵام بەهۆی بوونی دامەزراوەکان سنووریان بۆ دادەنرێت، بۆ نموونە بەرلسکۆنی کەسێکی لەم چەشنەیە، بەڵام لە ئیتالیا ئەو دامەزراوانە هەن کە بتوانن دادگایی بکەن و لە سنوورێکدا ڕایگرن. من پێموایە مەسەلەکە پەیوەستە بە نەبوونی هاوسەنگییەوە، لە ئیتالیا، لە ئەمریکا و لە بەریتانیا کە هەمیشە بە وریاییەوە چاودێری ئەوەیان کردووە حکومەت لە گەندەڵییەوە تێوەنەگلێت. مەسەلەیەکی دیکە پەیوەست بەم پرسەوە بریتییە لە ئازادی ڕۆژنامەگەری، لەبەر ئەوەی ڕۆژنامەنووسان دەتوانن حاڵەتەکانی گەندەڵی بوروژێنن، بەشێکی کێشەکە ئەوەیە خەڵکی زانیاریان نییە لە بارەی ڕووداننییەوە، ڕەنگە بیر لەوە بکەنەوە کە ئەمە ڕوودەدات، بەڵام زانیاریان نییە لەبارەیەوە. بۆ ئەم پرسە مەسەلەی بەشداری کردن زۆر گرنگە، کاتێك خەڵکی باس لە شکست و سەرکەوتنی حکومەت دەکەن کە گرێیدەدەنەوە بە توانای حکومەتەوە بۆ هاندانی بەشداری کردن، واتە ئایا دامەزراوەکان هانی بەشداری کردنی خەڵك دەدەن، ئایا خەڵکی بۆ بەشداری کردن هان نادرێن؟. ئەمە لە کاتێکدا لە حکومەتی دیموکراسیدا پاڵنەری بەشداری کردن هەیە، بۆ نموونە موعارەزە هەمیشە کار و کۆشش بۆ ئەوە دەکەن خەڵکی چالاکتر بن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە بوونی موعارەزە بێئەندازە گرنگە، پێموایە حکومەتی ئەلەکترۆنی گرنگە لەم ڕووەوە نەك بۆ زیادکردنی بەشداری کردنی خەڵك لە حکومەتدا، بەڵکو بۆ باشترکردنی پێوەندیان لەگەڵ یەکدیدا لەڕێی کۆمپیوتەر و لەڕێی تەلەفۆنەوە. هەروەها جارێکی دیکە تەئکید لە گرنگی موعارەزە دەکەمەوە، موعارەزەیەکی باش، کە بتوانێت لەسەر ئاستە جیاوازەکان ڕەخنە بگرێت، هەروەها تەئکید لە گرنگی ئازادی ڕادەبڕین دەکەمەوە، لە گرنگی ئازادی ڕۆژنامەگەری، چونکە بوونی موعارەزەیەکی بەهێز و بوونی ئازادی ڕۆژنامەگەری تا دوا ئەندازە گرنگن بۆ پرسی بەشداری کردن، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و بۆ پەرەپێدانی دامەزراوەی بەهێز)).

### دکتۆر محەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران بۆ (گوڵان):

# سەرخستنی پرۆژە چاکسازییەکەی سەرۆک بارزانی هەماهەنگی و ڕێکخستن و ڕێکەوتنی هەموو لایەکی پێویستە

**دکتۆر محەمەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامی ئەنجومەنی باڵای یاسایی لە ئەنجومەنی وەزیران؛ سەبارەت بە پرۆسە چاکسازییەکەی جەنابی سەرۆکی کوردستان و بەتایبەتی لەبارەی چاکسازی ئیدارییەوە ئاماژەی بەو هەنگاوو قۆناغە گرنگانە کردووە کە لەپێناوی چارەسەرکردنی کەموکورتیەکانی ئیدارەدا لەم ماوەیەدا نراون، لەمبارەیەوە چەندین ڕێنمایی تایبەت بە کارگێڕی و گرتنەبەری ڕێوشـوێنی یاسایی بۆ دەستنیشانکردنی کەموکورتـی و خاڵە لاوازەکان و هەمواركردنی زۆر لەو یاسـاو ڕێنماییانەی خسـتەڕوو، لێرەدا دەقی پرسـیارو وەڵامەکانی ئەو دیمانەیە بڵاودەکەینەوە.**



*** بەپێی ئەو لێدوانانەی لە لیژنەی چاكسازی سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستانەوە گوێبیستی دەبین، قۆناخی دووەمی بەرنامەی چاكسازی هەرێم، پێداچوونەوەیە بە سیستەمی ئیداری حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەم پێداچوونەوەیە چۆنەو تاچەند گۆڕانكاری لە سیستەمی ئیداری دێنێتە ئاراوە؟**

- هەموو كارگێڕییەك و وڵات و

## تا سیستەم و دەسەڵات لە بزاڤدا بێت، چاكسازیش پێویستە شان بە شانی بڕوات و لێی دانەبڕێت، چاكسازی شتێك نییە بڵێین تەنیا بۆ قۆناغێكی دیاریكراوە

حوكمڕانییەك بە بەردەوامی پێویستیان بە چاكسازییە، چاكسازی زۆر شێوازو جۆری هەن، چاكسازی كارگێڕی و بەڕێوەبردن هەیە، چاكسازیی دارایی هەیە، چاكسازی پەیكەربەندی واتا هەیكەل هەیە كە بۆ پێشخستنی دامودەزگاكانە، سەبارەت بە كارمەندانیش چاكسازییەكە لە شێوازەكانی كاركردنیان و لە هێنانی ئامێرو تەكنیكی نوێیە بۆ بەر دەستیان، واتە چاكسازییە بۆ پێشخستنی ئەو فەرمانبەرانەی كە كاردەكەن بە بینینی خولی مەشق و پێگەیاندن و تەكنەلۆژیای تازە، بە كورتی تا حكومەت هەبێت چاكسازی بەردەوام دەبێت واتە شتێك نییە بڵێین تەنیا بۆ قۆناغێكی دیاریكراوە، تا سیستەم و دەسەڵات لە بزاڤدا بێت، چاكسازیش پێویستە شان بە شانی بڕوات و لێی دانەبڕێت..

*** لە دوای قۆناغی یەكەمی پرۆژە چاكسازییەكەی سەرۆكی هەرێمەوە ئێستا هەنگاوەكان كەوتوونەتە قۆناغی دووەمەوە، تا چەند لە قۆناغی یەكەمیدا سەركەوتن بە دەست هات؟**

- پرۆژە چاكسازییەكەی سەرۆكی هەرێم پرۆژەیەكی هەمەلایەنەو هەمەگیرە، لە هەموو بوارەكاندا دەیەوێت دامودەزگاكانی حكومی بەرەو پێشەوە بچێت، وەكو قۆناغی یەكەم زۆر سەركەوتوو بوو، كاری باشی بۆ كراوە، ئێمە چ لە ڕووی گۆڕینی یاساكانەوە یان لە ڕووی هەندێك ئەرك و ئیجرائاتی كارگێڕییەوە، چ لەڕووی بەشداری پێكردنی ڕاگەیاندن لە دەرخستن و باسكردنی مەسەلەكان، ئەمانە هەموویان هەنگاوی باشیان بۆ هەڵێنراوە بەڵام وەكو پێم وتن چاكسازی هەر بەردەوامە نابێت ڕابوەستێت...

***ئەم چاكسازییەی لە كوردستان جێبەجێ دەكرێت چ جیاوازییەكی هەیە لە چاكسازییەكانی وڵاتانی تری جیهان؟**

ـ ئێمە كۆمەڵێك گرفتی كەڵەكەبوومان بەسەردا كەوتووە، یەكێك لەوانە دوای ئازادكردنی كوردستان كە زۆر كاری تێكردوین، دوو سێ شێوە بارودۆخی ناهەموار ڕووی تێكردین و بوو بەهۆی ئەوەی ڕاستەوخۆ كاربكاتە سەر ئیدارە، یەكێك لەوانەش كشانەوەی دەسەڵات و ئیدارەی ناوەندی حكومەتی عیراقی بوو لە ناوچەكەو هەروەها بوونی بارودۆخێكی دارماوی ئابووری، وایان كرد كە هەزارەها فەرمانبەری دامودەزگا حكومییەكان ڕوویكەنە بازاڕ بۆ كەسابەت و یان خەڵك هەبوون بەبێ مووچە كاریان دەكرد، جگە لەو كارەساتە جەرگبڕانەی بەسەرمان هاتبوو لە كیمیاباران و ئەنفال و ڕاگوێزانی زۆرەملێ كە خێزان و ماڵ و منداڵی چەند سەد هەزار كەسێكی تێدا ماڵوێران و سەرگەردان بوون و ئەوەی تیاش نەچووبوو، بێ دەرامەت مابوونەوە، حكومەت بیری لەوە دەكردەوە چۆن گوزەرانیان بۆ دابمەزرێنێتەوە، جگە لە دەیان هەزار گەنجی دەرچووی زانكۆو پەیمانگا و ناوەندییەكان كە چەندین ساڵ بوو بڕوانامەیان بەدەستەوە هێنابوو بەڵام دانەمەزرێنرابوون، پێویستیان بە دامەزراندن و خستنەسەركار هەبوو ئەمانە هەموویان لە كۆنەوە تا ئێستا كۆبوونەتەوە لە هەمووشیان گرنگتر بوارەكانە، پێشتر زیاتر لە ٪٦٥ی خەڵكی كوردستان لە بواری كشتوكاڵی كاریان كردووە، بە كشتوكاڵ ژیانی خۆیان دابین دەكرد، كاتێك حكومەتی ئەوسا گوندەكانی لەناوبردو زەوی كشتوكاڵی و بەراوی نەهێشت و كەرەسەی كاركردنی كشتوكاڵی بەرەو باشووری عیراق بردەوە، ئەو خەڵكە بە لێشاو ڕوویان لە شارەكان كردو بێكاری دروست بوو، بۆیە لەبەردەم ئەم كارەساتە گەورانەو بارو گوزەران تێكچووەی خەڵكیدا حكومەتی دامەزراوی كوردستان باری شانی یەكجار قورس بوو، جگە لە كەسوكاری شەهیدان و خەباتگێڕانی كوردو پێشمەرگە و هەندێك لە زیندانیانی سیاسی كە هەموویان هاتنەوەو پێویستی هەنووكەییان بە گوزەران و ژیانی باش هەبوو، هەر هەمووان ڕووی داخوازییان لە حكومەت دەكرد، بۆیە بارودۆخی وڵاتی ئێمە بە تایبەتی لە كوردستان لەگەڵ بارودۆخی وڵاتانی دیكە گەلێك جیاوازە، ڕەنگە چەند ساڵێكی دیكەشی بوێت تا ئەو گرفتەی لەسەر حكومەتە؛ كەمبكرێتەوە پێویستە شان بە شانی ئەوانەش لە بواری چاكسازی و پاكسازی و چاككردنی دەزگاكانی حكومەت و نەهێشتنی گەندەڵی هەوڵ بدرێت و چاكبكرێت، ئێمە نالێین گەندەڵی نییە، بەلای زۆر كەسەوە وا دەزانن گەندەڵی تەنیا پارە دزینە، بەڵكو گەندەڵی شێوازی زۆرە هەر بۆ نموونە:

- كار بە ڕێك و پێكی نەكرێت گەندەڵییە.
- وەڵامی پێویستی هاووڵاتییەك نەدرێتەوە گەندەڵییە.

ئێستا بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە كوردستاندا ڕوویدا ئەوبارە زیاتر وای كرد چ لەسەر ئاستی پەرلەمان یان حكومەتەوە

## خەڵكی وڵاتێكی وەك كوردستان كە ئەم هەموو قوربانییەی بۆ ئازادی دابێت، پێویستە پاڵپشت بن بۆ چاكسازی و پێكەوە ئەزموونی كوردستان بپارێزن

پاڵپشت بن و زەمینە خۆشكەرن و هاوكاری دەسپێشخەرییەكەی جەنابی سەرۆك بكەن، ئێستا ئەوا دەستی پێكردووە ئەو بەڵێنانەی كە دراون لە كات و جێگەی خۆیان جێبەجێكراون، هیواداریین چاكسازی بە هەوڵ و هیمەتی هەموو لایەك بەردەوامی هەبێت و حكومەت پاكبكرێتەوە لە كەسانی بێ تواناو لە كاری خراپ و لە شێوازی سەرفكردنی پارەو بەهەدەردانی سامانی گشتی..

*** یەكێك لە خاڵە گرنگەكانی بەرنامە چاكسازییەكەی سەرۆكی هەرێم سیستەمی ئیداری و چاوخشاندنەوەیە بەو سیستەمەی ئێستادا، ئایا تا چەند گۆڕانكاری دێنێتە ئاراوە؟**

ـ كەموكورتییەكی زۆرو زەبەند لە ئیدارەدا هەیە، یەكێك لە گرفتەكان دامەزراندنە، لەمەوپێش دامەزراندن تەمومژی بەسەرەوە هەبووە، لە چوارچێوەی دەسەڵاتی

دیاریکراودا دامەزراندنەکان کراون یان کەسێك گەر خەڵکی باڵادەستی بناسیبایە دادەمەزرا، بۆ ئەوەی ئەم گرفتانە نەمێنن، یاسای ئەنجومەنی ڕاژەمان هێنایە پێشەوە، ئێستا تەواوبووەو تەسدیقیش کراوەو لەبواری جێبەجێکردندایە، ئەو ئەنجومەنە تەواو بێت، بەپێی یاسا مەرج و پێوەر دادەنرێن بۆ کەسانێك کە خاوەن کەفائەت و توانا بن، ئەوانە پێشتر بخرێن نەك بە پێی تەزکیەی حزبایەتی بەڵکو بە پێی پیشەگەری و حیرەفیەت و لێهاتوویی لە کارکردندا، ئەم نیشتمانە چەترە بەسەر هەمووانەوە، بەوانەی کە حزبین و ئۆپۆزسیۆنن و هەموو بێلایەنەکانیش بە جیاوازی ئایین و ئیتنی و بیرو بڕواوە، کە دڵێی حکومەت واتە نابێت کەس لە ژێرسایەی سێبەری ئەم چەترە دوور بخرێتەوە، جێگەی هەمووانە، بۆیە پێویستە پێوەرەکانی ئەو ئەنجومەنە لەسەر ئاستی

**پێشتر زیاتر لە ٦٥%ی خەڵکی کوردستان لە بواری کشتوکاڵی کاریان کردووە، کاتێك حکومەتی ئەوسا گوندەکانی خاپوورکرد، ئەو خەڵکە بە لێشاو ڕوویان لە شارەکان کردو بێکارییەکی زۆر دروست بوو**

کێبەرکێی تواناو کەفائەت و لێهاتوویی بێت، یاساکە دارێژراوەتەوەو حکومەتیش بەوپەڕی جدیەتەوە لە هەوڵدایە ئەنجومەنەکە دروست بێت وەك دەشزانن ئەمساڵ حکومەت شێوەی دامەزراندنی گۆڕی و کردی بەوەی لەسەر ئاستی پارێزگاکان بێت و دەرفەتیش بە هەموو هاووڵاتیان بە ئازادی و وەك یەك بدرێت بە پێی ئەو مەرج و پێوەرە ستانداردانەی کە بۆ دامەزراندن دانراون، گرفتی سەرەکی حکومەتیش بوونی سەدەها هەزار مووچەخۆرە کە زۆریان بێکارن واتە مووچە وەردەگرن و کارو ئیشیان نییە، بە پێی ئەو هەموو مووچەیەی سەرف دەکرێن حکومەت بەرهەمی نییە، لە ژێر دەیان ناوی لابەلا مووچە بۆ خەڵکی بڕدراوەتەوەو کاریکی ئەوتۆ ناکەن یان هەر لەماڵەوە دانیشتوون و مووچەخۆرن، کە لێیان دەکۆڵیتەوە موستەحەقیش، ئەمانە باری گران بەسەر حکومەتەوە، زووری فەرمانگەی واهەیە

**بەرنامە بۆ دابەشکردنی زەوی لە سلێمانی لەئارادایەو لە هەولێریش هەروا، زیاتر بۆ ئەوگوندو قەزاو ناحیانەیە کە شارەوانییان هەیە تا سوودمەندبن لە وەرگرتنی قەرزی خانووبەرەو شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن**

کارەکان بە سێ فەرمانبەر دەکرێت، بەڵام بیست فەرمانبەری تێدایە، ناشکرێت مووچە لە زیادەکان ببڕیت کە زۆربەیان خاوەنی ماڵ و منداڵن، خزمەتیان هەیەو مووچەکە سەرچاوەی بژێوییانە، لەبەرئەوە چۆن حکومەت بەپێی ئەنجومەنی ڕاژە هەوڵ بۆ دامەزراندنیان دەدات، ئەوەش یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکان کە دەبێت و پێویستە بە بێ ئەوەی خەڵکی زەرەرمەندبن ڕێگەچارەیان بۆ بدۆزرێتەوەو سەرچاوەی ڕزقی کەس نەبڕێت و زیادەی ڕاژەی فەرمانبەران بە شێوەی گونجاو چارەسەر بکرێن..

*** لە چ بوارێکی تردا چاکسازی ئیداری دەکرێت؟**

ـ لە بواری کەفائەت، جاران فەرمانبەر کە دەگەیشتە تەمەنێك ئیتر هەوڵی خۆخانەنشینکردنی دەدا، هەیە ئێستا تەمەنی گەیشتووەتە ٦٩ یان ٧٠ ساڵ داوا دەکات دووساڵی تریشی بۆ تازە بکرێتەوە، بە تایبەتی مامۆستای زانکۆ، پێویستە لەو بوارەشدا تەمەنی یاسایی بۆ خانەنشینی دیاری بکرێت، گرفتی تر مخابن کە بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە ئاستی خوێندن لە هەموو قۆناغەکاندا دابەزیوە بە تایبەتی لە زانکۆکان، دەرچوان ئەو کەفائەتەی دەرچووانی جارانیان نییە، بۆیە حکومەت پێویستە خولی مەشق و ڕاهێنانی بەردەوامی هەبێت بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەکان بە پێی کارو پێداویستی کارەکانیان و کێبەرکێ لە نێوانیان دروست بکات و پاداشتی لێهاتووەکان بکات، هەروەها لە ڕووی تەکنیکەوە کە فەرمانبەرە کۆنەکان زۆر شارەزانین پێویستە حکومەت تەکنەلۆژیای تازەیان پێ بناسێنێت کە بەرهەمی زیاترە و کاتی کەمترەو هەڵەی کەمترە،گەرچی حکومەت بڕیاری لەسەر هەموو ئەم پرسانە داوە، بەڵام کاتی جێبەجێکردنی پێویستە کەسێك کە بڕیار لەسەر دروست کردنی خانوویەك بدات چەند سەعاتێك پێویستە بەڵام جێبەجێ کردنەکەی، یەك دوو ساڵی دەوێت، ئێستا کەموکورتی و نەخۆشییەکان دەست نیشان کراون، ئینجا زاڵبوون لەسەریان و چارەسەرکردنیان کات و تواناو دارایی و ڕێگەو شوێنی پێویستە تا ئینشائەڵڵا سەرکەوین بەسەریاندا..

*** تا چەند میکانیزمی جێبەجێ کردنی چاکسازی ئیداری کاری لەسەرکراوە، تا بتوانرێت بە ئاسانترین شێوازو ماوە کار بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانی بوارەکانی ئیدارەدانی وڵات بکرێت؟**

ـ لە چەند بوارێکدا هەنگاو بە هەنگاو دەست کراوە بە جێبەجێ کردنی چاکسازییە ئیدارییەکە لەسەر هەموو ئاستەکانەوە دوای دۆزینەوەی باشترین میکانیزمی چارەسەرکردن کە سەرەنجام کات و کاری جددی دەوێت، جگە لە کەفائەت سووربوونی ئیرادەی دڵسۆزانەی پێویستە و هەروەها فراوانترین بەشداری کەسەکانی دەوێت بە لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە، بە کورتی هەماهەنگی و ڕێکخستن و ڕێکەوتنی هەموو لایەکی پێویستە نەك تەنیا سیاسەتمەداران، بەڵکو هاووڵاتیانی ئاسایی و توێژو چینە جۆراو جۆرەکانیش کە جگە لە هۆشیاری هەمە لایەنە کەسانێکی بوێری دەوێت ڕووبەڕوو ببێتەوە، لە ئەوروپا گەر کەسێك قووتوویەك فڕێ بداتە سەر شەقامێك دەیان کەسی تری لێ ڕاست دەبێتەوەو قووتووەکەی پێ هەڵدەگرنەوەو سەرزەنشت و سزاش دەدرێت چونکە دڵیان بۆ وڵاتیان دەسووتێت، خەڵکی وڵاتێکی وەك کوردستان کە ئەم هەموو

**ئەنجوومەنی ڕاژەمان هێنایە پێشەوە، ئێستا تەواوبووەو تەسدیقیش کراوەو لەبواری جێبەجێکردندایە، بەپێی یاسا مەرج و پێوەر دادەنرێن بۆ کەسانێك کە خاوەن کەفائەت و توانا بن، تا بە پێی پیشەگەری و حیرەفیەت و لێهاتوویی لە کارکردندا نەك بە پێی تەزکیەی حزبایەتی، دامەزراندن هەبێت**

قوربانییە لەسەر ئازادی درابێت پێویستە پاڵپشت بن بۆ چاکسازی و پێکەوە ئەزموونی کوردستان بپارێزن..

*** گوێبیستی ئەوە بووین کە پێویستە لە پێداچوونەوەکاندا چەندین یاسا هەموار بکرێن وەك(( ڕاژەی مەدەنی و بەرزەفتکردنی فەرمانبەران و یاسای وەبەرهێنان و تاد)) هەروەها یاسای تازەش دەربچوێن، چەند ئامادەکاری بۆ ئەم پێداچوونەوەیە کراوە؟**

ـ هەر یاسایەك کەموکورتی تێدا بێت و پێویستە بەوە بکات لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆی دنیای پێشکەوتوو و کوردستان بگونجێت هەموار دەکرێتەوە، ئەنجومەنێکی باڵای یاساییمان لە ئەنجومەنی وەزیران هەیە، هەفتانە چوار جار کۆدەبینەوە هەرچ ڕێنماییەکی یاسایی و پرۆژە یاسایە هەبێت بە ئەنجومەنی شووڕای دەدەین و لەوێوەش ڕەوانەی پەرلەمانی دەکەینەوە، ژمارەیەك یاسا تەواوبووە لە چاوەڕوانی کۆمەڵێك یاسای تردابن کە لە پەرلەمان و چاوەڕێی تەواوبوونیان دەکەین، هەریاسایەك گرفت و کەموکوڕی تێدا بێت چارەسەری دەکەین و کار بۆ پێشخستن و هەموارکردنی هەموو یاساکان دەکەین، بۆ نموونە یاسای هاتووچۆ پێویستی بە چارەسەری هەیە، لە لایەکی ترەوە لە دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە کۆڵەکەی بنەڕەتی حکومەتن لەوانە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و بریکاری وەزیرەکان کە پۆستی هەستیارو کاریگەریان هەیە لە پێشخستنی کاروباری حکومەت لە هەوڵی پێوەرێکی پتەوو بەهێزداین بۆ دانانیان تەنانەت بۆ پۆستی وەزیریش گەرچی وەزیر پۆستێکی زیاتر سیاسییە، بەڵام هەر ڕەچاوی ئەوە دەکەین وەزارەتێکی دیاریکراو

**گەر بڕیار لەسەر دروست کردنی خانوویەك بدەیت چەند سەعاتێکت پێویستە. بەڵام جێبەجێ کردنەکەی یەك دوو ساڵی دەوێت. ئێستاش کەموکورتی و نەخۆشییەکان دەست نیشان کراون. ئینجا زاڵبوون لەسەریان و چارەسەرکردنیان کات و تواناو دارایی و ڕێگەو شوێنی پێویستە**

**سندوقی سکاڵا ڕاستەوخۆ بە بەرپرسی یەکەمی دەزگا یان فەرمانگەوە گرێبەند دەبێت و پێویستە بەزوویی وەڵامی پراکتیکی سکاڵاکاران بدرێتەوەو لە ڕاستییەکان بکۆڵدرێتەوە**

چ کەسێکی گونجاوی پێویستە بە مەرجێك تواناو لێهاتوویی ئەوتۆی هەبێت تا هەموو تواناو شارەزاییەکانی لە وەزارەتدا ئاراستە بکات و چاوێکیش بەو کەسانەدا دەگێڕینەوە کە تا ئێستاش بە ئەزموونەوە ئەرکەکانیان بەجوانترین شێوازەوە جێبەجێ دەکەن، شێوازەکانی کارکردنیش گۆڕانکاری جۆرییان تێدا ئەنجام دەدرێت..

***یەکێك لەو لایەنانەی لە پرۆژە چاکسازییەکەدا ئاماژەی پێدراوە سندوقی سکاڵاکانە، چۆن ئەم سندووقە ڕێکدەخرێتەوە تا چارەسەری بنبڕ بۆ ڕۆتین و بیرۆکراتییەتی سلبی بدۆزرێتەوە؟**

ـ پێویستە لە هەموو فەرمانگەکان سندووقێك بۆ سکاڵای هاووڵاتیان هەبێت و ئەو سندوقش ڕاستەوخۆ بە بەرپرسی یەکەمی دەزگاکەوە گرێبەند بێت و بە زوویی وەڵامی پراکتیکی سکاڵاکاران بدرێتەوە لە ڕاستییەکان بکۆڵدرێتەوە، لەم بارەیەشەوە سیستەمێکمان دەوێت بۆ ڕێکخستنی ئەو سندوقە..

***وەك ئاشکرایە گۆڕانکارییە ئیدارییەکان پابەندی گۆڕانگاری دارایین، بۆ سەرخستنی پرۆسە چاکسازییەکە لە ڕووی داراییەوە چ گۆڕانکاریەکتان ئەنجام داوە؟**

ـ پێویستە بە بەرنامەوە کار بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی لە بواری داراییدا بکرێت، چونکە کەم سەرفکردن یان زۆر سەرفکردن هەردووکیان سلبیاتی خۆیان هەیەو زیان بە ئابووری و بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن، بە درێژایی مێژوو بودجەمان لای خۆمانەوە نەبووەو لەبەردەستی خۆمان نەبووە، ئێستاش کارکردن بۆ چارەسەری کەموکورتییەکان هێندە ئاسان نییە، گەر بە ویژدانەوە قسە بکەین و پێنج ساڵێك پێش ئێستا بە ئەمڕۆ بەراورد بکەین، لە زۆر ڕووەوە بارودۆخ گۆڕدراوە، ئەمجارە بودجە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و یاسایی و دادپەروەرانە مامەڵەی لەگەڵ کراوەو هەر وەزارەتێك بەپێی پێویستییەکانی بودجە ڕێنمایی بۆ دانراوە، بودجەکە بەردەوام لەژێر چاودێری و بەدواداچووندایە، واتە شێوەی سەرفکردن دەکەوێتە ژێر کۆنترۆڵی چاودێری یاساییەوە..

***بێ شومار پرۆژەی وەبەرهێنان هەن، بەڵام بەشی هەرە سەرەکی لە نیشتەجێکردندا مۆڵیان خواردبوو، کەچی گرفتی نیشتەجێ کردنیش چارەسەر نەکراوە؟ ئایا هۆکارەکەی چییە؟**


ـ لە ڕاستیدا کاری وەبەرهێن دوولایەنەیە، لایەنێکیان وەبەرهێن پارەی خۆی سەرف دەکات تا قازانجێك بۆ خۆی بکات، بۆیە زیاتر فکری لای قازانجەکەیە، لایەنی تر ئێمە دەمانەوێت زۆرترین سوود بە هاووڵاتیان بگەیەنێت، لە هەندێك شوێن ئەمە دەسەبەرکراوە، ئێستا لەسنووری پارێزگای

**پێویستە بە بەرنامەوە بۆ گۆڕانکاری و چاکسازی لە بواری داراییدا کار بکرێت. چونکە کەم سەرفکردن یان زۆر سەرفکردن هەردووکیان سلبیاتی خۆیان هەیەو زیان بە ئابووری و بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن**

سلێمانی بە تایبەت قەزاو ناحیەکان چەند هەزار خانوویەك ئامادەکراون بۆ دابەشکردن بەڵام مەرجمان بۆ داناون تا خێزانانی هەژارو کەمدەرامەت لێی سوودمەندبن، خانووەکان لە بەرزنجە و پێنجوین و سیوسێنان و هەڵەبجەی شەهید و تاد دروست کراون، ناڵێین ئەمانە دەرمانی دەردی هەژاران، چونکە لە چاو ژمارەی دانیشتووان ڕێژەی خانووەکان کەمە، بەڵام ئەم کارە بەردەوامی هەیە، بەرنامەش بۆ دابەشکردنی زەوی لە سنووری سلێمانی لەئارادایەو لە هەولێریش هەروا، کە زیاتر بۆ ئەوگوندو قەزاو ناحیانەیە کە شارەوانییان هەیە تا سوودمەندبن لە وەرگرتنی قەرزی خانووبەرەو شوێنی نیشتەجێ بوون بۆ خۆیان دروست بکەن، حکومەت لە هەموو لایەکەوە خەریکە بە دابەشکردنی زەوی و خانوو تا قەیرانی نیشتەجێ بوون چارەسەربکات، بەڵام ڕێژەی کرێچی هێندە بەرزە هەرچەندی بکەیت هێشتا بەش ناکات..

***چی بکرێت باشە تا پرۆژە چاکسازییەکەی جەنابی سـەرۆك بارزانی لە بواری سیستمی ئیدارەش سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

ـ چاکسـازی شـتێك نییە بڵێین ئەمڕۆ دەیکەین و بەیانی تەواو دەبێت، تا حکومەت هەبێت ئەم پرۆسەیە بەردەوامە، بەڵام لە دوای پەیامەکەی جەنابی سەرۆك هەنگاوی جددی نراوەو کار کراوە، تا بارودۆخی سیاسی بەرەو باشی بچێت باشتر پرۆژەکە جێبەجێ دەکرێت، چونکە گەر بارودۆخ تێکبچێت و کارەسـات ڕووبدات کارەکانی چاکسـازی دەوەسـتێن، ئەو ماوەیەی لە سـلێمانی خۆپیشاندان دەکرا



... خەڵکییـە ڕاگیرابوو، ...ش لـەکار کەوتن، بۆ ... لە ڕووی کۆمەڵایەتی ...ەوە زەمینە بسازێت، لە ...گاتە بەرپرسێك هەموان ... ئەم پرۆژەیە، چونکە ...کەسـێك دەکرێت، ئێستا ... دادگاو دەستەی نەزاهە ... سـزادانی کەسانێکی ...دیوانی چاودێری ڕۆڵی ...کاری گشـتی کراوەتە ...ی، سەرۆکایەتی هەرێم [redacted] ...کە بە هەموو بوارەکاندا ...ی حکومـەت و پەرلەمان ...نی ئەم چاکسـازییەی کە بووەتـە زەرورەتێکی بـەردەوام، هەنگاوەکان ناچنـەوە دواوە، ئەم پرۆسـەیە پشـتگیری هەموانی دەوێت تا سەربکەوێت..

*** بۆچـی تەنفیزی راسـتەوخۆ نەماوەو پرۆژەکان لەبری ئەوەی راستەوخۆ وەزارەتەکان پێی هەستن کەچی دەدرێنە کەرتی تایبەت و لەو کەرتەشـدا تەنیا کەسانێکی کەم دەخرێنە کار، لەم لاشـەوە حکومەت ژمارەیەکی بێ شـومار ئەندازیارو تەکنیـکارو کارمەندان و ئامێرو کەلوپەلی هەیـە کە ناخرێنەکارەوە لە پرۆژەکاندا..**

ـ بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەکان پێویستمان بە هەموو شـێوازەکانە، چ کەرتی تایبەت چ تەنفیز موباشـیر، لە هەرێمی کوردسـتاندا کەرتی تایبەت پـرۆژەی فراوان و گەورەیان ئەنجام داوەو جێی پێزانینە، گەرچی بۆ سوودو قازانجی خۆیان کردوویانە، بەڵام سوودی بە وڵات و هاووڵاتیانیش گەیاندووە..

ئێستا لە هەرێم ئابووری بەرەو باشی دەچێت وبودجەیەکی زەبەلاحیش لەبەردەسـت دەبێت، بۆیە گـەر هەردوولا نەخەیتـەکارەوە بەفریا ناکەویت، بۆ ئەوەی بـە زووترین ماوە پرۆژە ئەنجام بدرێت ئێمە تەماشای تواناو لێهاتوویی ناو خۆمان دەکەین گەر بزانرێت سـەرکەوتوو دەبیـن لە تەنفیز موباشـیر دوور ناکەوینەوە، بەڵام پرۆژەو کار هـەن بە کەرتی تایبەت و کۆمپانیای گەورە ئەنجام دەدرێت، لە هەندێك کاردا تواناو کەفائەتی ئێمە دەرەقەت نادات..

لـە زۆربەی وڵاتان بـە تایبەتی وڵاتانی پێشـکەوتوو لە ڕێی کەرتەکانـی تایبەتەوە سەرکەوتوون، ئامێرو کەلوپەلەکانی حکومەت لە چاککردنـی پرۆژەکاندا ڕۆڵی باشـیان هەبووە..

لە وڵاتاندا سیستمی دیموکراتی وادەخوازێت ئیش و کارەکان دابەش بکرێت و باری شـانی حکومەت سـووك بێت، بۆیە پێویستە کەرتی تایبەت هـاوکار بێت، بەڵام لە کوردسـتان خەڵکی تەنیـا هـەر داوای دامەزراندن لە حکومـەت دەکەن، گەر گەنجـان بیانەوێت کاسـبی بکەن وەك سەرتاشی و دارتاشی و دوکانداری و کارو پیشـەی بازاڕی تر ئەوە

## لەسنووری پارێزگای سلێمانی بە تایبەت قەزاو ناحیەکان چەند هەزار خانوویەك ئامادەکراون بۆ دابەشکردن بەڵام مەرجمان بۆ داناون تا خێزانە هەژارو کەمدەرامەتەکان لێی سوودمەندبن

لەلایەن حکومەتەوە پێشینەیان پێ دەبەخشین، ئەم کارەش لە لایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییەوەیـە کە بڕی ١٥ ملیۆن دینار پێشـینە دەدرێتە هەر گەنجێـك کە بە نیازە پیشەیەك بۆ خۆی دابین بکات..

ئومێدمـان داوەتە گەنجان تا بچنە کەرتی تایبەتی و کار بکەن و ماوەی کارکردنیان بە خزمەتی مەدەنی بۆ حیسـاب بکرێت، واتە زەمانی خانەنشـینی بۆ مسـۆگەر بکرێت، چەندین پرۆژەی بچووکیش هەیە تا گەنجانی تیادا بخەینە سەر کار، حکومەت داکۆکیکارە بۆ ئەو گەنجانەی لە کەرتی تایبەت و بازاڕدا کار بکەن..

وەزارەتـی کاروبـاری کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا کۆمەڵێك پرۆژەی جوانی پێشـکەش کردووە، یاسـاکانی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ بارودۆخی ئێستا گونجاندووە ئەوەش بە مەبەستی سـووککردنی باری حکومەت لە مەسـەلە ی دامەزرانـدن، چونکە زیاتر

## دوای پەیامەکەی جەنابی سەرۆك هەنگاوی جیددی نراوەو کار کراوە. تا بارودۆخی سیاسیش بەرەو باشی بچێت باشتر پرۆژەکە جێبەجێ دەکرێت. چونکە گەر بارودۆخ تێکبچێت و کارەسات ڕوودات کارەکانی چاکسازی دەوەستێن

لـە٪٦٠ی بودجە لە مووچـەدا دەڕوات و هیچی نایەتەوە جێگـە، لە هیچ وڵاتێکی دنیا نموونەی وا نابینیتەوە، چونکە بە پێی ستانداردی جیهانی دەبێت((٪١٦ تا٪١٧))ی بودجەی حکومەت بۆ مووچەخۆران سەرف بکرێـت نەك بەو ڕێژە بـەرزەی لە هەرێمی کوردسـتاندا ئێسـتا هەیە، خۆ گەر پارەی داهاتی نەوتەکە نەبێـت دووچاری قەیرانی گەورە دەبینەوەو ناتوانین ئەو هەموو پارەیە بە موچەخۆران بدەین، ئێمە هەندێك شتمان هەر بەگاڵتە دەڕوات بـۆ نموونە زۆرترین بودجە بۆ کارەبا خەرج دەکەین، زۆر کەسیش ئامادە نییە گڵۆپەکانی کەم بکاتەوە لەکاتێکدا گەر یەك کاتژمێر کارەبا ببڕێت هەزاران قسـەت پێ دەڵێت، سـەبارەت بە ئاوی خواردنەوەش بەهەمان شـێوە هەمووی بۆ قیر شـۆردنی بەردەرگاو شوشـتنی لـۆری و ئۆتۆمبێلدا بەهەدەر دەڕوات، ئەم دیاردانە لە هیچ شوێن و وڵاتێکـدا بوونیان نییـە، چونکە نرخی کارەباو ئاو لە هەموو شـتەکانی تر گرانترە . پێویستە کار بۆ هۆشیاری خەڵکی بکرێت و ڕێگا نەدرێت کەسـانێك زیان بەسامانی ئـەم وڵاتە بگەیەنـن و بەفیرۆی بدەن. کە ئەم سامانە نەشـمێنێت لە پێش هەموانەوە هاواری لێ هەڵدەسـتێت و باس لە گەندەڵی دەکات، هـاوکات خەڵکی فێـری بەپیرۆز ڕاگرتنی کات و کاری ڕۆژانە بکرێن، ئێستا زۆر لە وڵاتانی دنیا سیستەمی سۆشیالیان هەیە، ئەگەر کار نەکەیت حکومەت ئەوەندەت دەداتێ تا نەمریت، بەڵام گەر کار بکەیت سێ ئەوەندەت دەست دەکەوێت و بەخۆشگوزەرانی دەژیت، بەڵام ئێستا لە کوردستاندا کەسانێك فێری ئـەوە بوون دەیانەوێـت کار نەکەن و پارەیان دەست بکەوێت و هەموو شتێکیشیان بۆ بکرێت لە بەرانبەریشـدا شەوو ڕۆژ تەنیا هەر واتە وات و قسە بەرهەم بهێنن.

# بەرەو میكانیزمێكی ڕوون و شەفافی چاكسازی لە كوردستان

وەك هەمیشەو هەركاتێك هەڵەی كارگێڕی و دارایی كەڵەكە ببن، لە دەرئەنجامی كەڵەكەبوون وكۆبوونەوەی هەڵەكاندا جۆرەها قەیران و گرفتی كۆمەڵایەتی دەخولقێن، بۆیە لەسەر دەوڵەتی هاوچەرخ وا پێویست دەكات پێداچوونەوەیەكی گشتی بۆ خاڵە لاوازو نارێكەكان بكات..

هەروەها حاڵەتەكە وادەخوازێت ڕێڕەوو ئاراستەی ڕێگەكانی سیاسەتی گۆڕانكاری بە شێوازێك بن، لە پیادەكردن و پراكتیك پێكردندا نەبنە هۆی پێكدادانی كۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ كۆمەڵگە، بەكورتی و پوختی پیادەكردنی سیاسەتی سەقامگیری سیاسییانە بەو شێوازە دەبێت، هەرچی ڕێگەچارەكانی كە بە مەبەستی ئارامی و سەقامگیری دەدۆزرێنەوە كەفالەت بدەن بەوەی، هەموان لەو حاڵەتانە بە دوور بخەنەوە كە لە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە مەترسی و سامناكی دروست دەكەن..

واتە كار بۆ ئەوە بكرێت لەو كێشانەدا هەڵئاوسان نەگاتە ڕادەی قەیرانێكی سیاسی، بە گشتی ئاسۆكانی گرفتە كۆمەڵایەتی و ئابووریەكان لەگەڵ دەرئەنجامەكانی دارمانی ژینگەو پیس بوونی و بولێل بوونیدا تێكەڵ دەبنەوە، وەك چۆن ئێستا ئەم دیمەنە لە سەدەی ڕابردووی جیهاندا زاڵ بووە بەسەر دیمەنەكانی تردا، كوردستانیش لەو دیمەنە بەدەرنییەو ئاوارتە(ئیستیسنای) بۆ نەكراوە، لێهاتوویی هەر حكومەتێكی لۆكاڵ بە پێی بنەماكانی ڕوانینی گشتییانەی سیاسەتەكەی بڕیاری لەسەر دەدرێت ئەمەش لەدوای ئەوەی پێداویستیەكانی ژێرخانی دروستكردنی بڕیار زامن دەكرێت(گوڵان٨٠٧ لە ٢٠١٠/١١/٢٩)..

ئەمڕۆ زەرورەت وا دەخوازێت لە هەموو كات و زەمەنێك زیاتر دەستەبژێری سیاسی و فكریی ڕۆڵێكی شەفافانەتر لە جاران ببینن بە تایبەتی لە ساتەوەختی قەیرانەكاندا..

بێگومان ئەم دیالۆگە هەر لە بنەڕەتەوە پەلكێشمان دەكاتە لای ئەو دەستەبژێرە لێهاتووانەی كە دەتوانن هاوگونجان و هەماهەنگی لەگەڵ دەستەبژێری خاوەن بڕیار دروست بكەن لە كوردستاندا بۆ گەیشتن بە چارەسەری كاراو ئەكتیف كە خزمەت بگەیەنێت بەم سەركردایەتییە سیاسییەی كە ئێستا كەوتۆتە ناو بوارەكانی چاكسازییەوە، قسەكردنیش لە دەستەبژێری ڕاوێژكاران دەمانخاتە بەردەم حەتمیەتی دۆزینەوەی پێناسەیەكی ڕوون و دیار بۆ چەمكی ڕاوێژكاری و ماهییەتەكانی هەروەها دینگە زانستی و لێزانییەكانی كە پێكەوە میسداقیەت و ڕەوابوونی ڕاوێژكار دەردەخەن، لەناو ئەو هەموو ڕاوێژكارانەی ئێستا بوونیان هەیە لەناو دەزگا و فەرمانگەكاندا بێ ئەوەی خەسڵەتەكانی جۆریی و پسپۆریی لە زۆربەیاندا هەبێت. بۆیە بەپێی پێویست ناتوانن هاوكاری سەركردایەتی سیاسی كوردی بكەن بۆ وەدیهاتنی چاكسازی ئیداری، دانانی میكانیزمی زانستییان پێ دانانرێت لەم بارەیەوە جەخت دەكەمەوە لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١ـ پێناساندنێكی ڕوون و دیار بۆ چەمكی ڕاوێژكارو ڕاوێژكردن كە پێویستە لێزانی و لێهاتووی بە درێژایی كارو ئەزموون وەرگرتبێت بەم ڕێگانە:

أ- كۆبوونەوەی زانیاری و شارەزایی لە ڕێگەی كاری ئەكادیمییەوە.

ب- كۆبۆنەوەی شارەزایی و زانیاری لە ڕێگەی پرۆسەكانی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی شیكارییەوە.


ج- كۆبوونەوەی شارەزایی و لێهاتوویی بە هۆی كاری مەیدانییەوە.

د- دەستەبەركردنی ڕاوێژكردن هەروەها شیكردنەوەی زانستی بەوشێوەیەی لە كاتی ئێستاماندا دارندەیی گشتی و وزەیی مرۆیی و كاتی گونجاو بە سوود بگەڕێنێتەوە بۆ خستنەگەڕیان لەو پرۆژانەی كە لە بواری ئابووریدا گرنگی خۆیان هەیە، یان بۆ ئەنجامدانی چەند هێدمەیەكی كۆمەڵایەتی كە مەبەست و پاشخانی سیاسی لە پشت بێت.

٢- پشت بەستن بە میتۆدی بەڵگەنامەیی و ئەرشیفكردن بۆ دەستنیشانكردنی تواناسازی و هەروەها بۆ زانینی توانای ڕاوێژكار بەرلەوەی فەرمانی دەستبەكاربوونی لە حكومەتی هەرێمی كوردستاندا. هەروەها بەسەركردنەوە و تاقیكردنەوەی بەردەوامی لە دوای هەر بەرهەم و كارێك كە ئەنجامی دەدات، بەپێی پێداویستییەكانی كارەكە و هەروەها هاوئاست لەگەڵ CV ئەو ڕاوێژكارەدا.

٣- زانینی توانای ڕاوێژكار بۆ دەستنیشانكردنی خاڵە لاواز و بە هێزەكانی ناوەڕۆك و ناواخنی هەر پرۆژە وكارێك، وێڕای ئەمانە، زانینی ئەو بوێری و دەرفەت ڕەخسان و تەحەدیاتە دەرەكییانەی كە ڕووبەڕووی دەبنەوە، تا ڕاوێژكردن ببێتە ژێرخانێكی گونجاو بۆ بڕیاری سیاسی لە كوردستاندا.

هەر قسەو باسێك لەسەر كەمكردنەوە یان زیادكردنی ژمارەی ڕاوێژكارەكانی كوردستان، پێویستە بە زانستانە دەستنیشانی ئەو پێوەرانەی سەرەوە بكەین بۆ هەڵسەنگاندنیان، چ هەڵسەنگاندنی كارەكانی پێشوویان، یان ئەوكارانەی كە بەنیازن ئەنجامی بدەن لەدیاریكردنی مەسەلە چارەنووسسازەكانی كوردستان، بەبێ ئەو پێوەرانەی سەرەوە هەر باسكردنێك لەم بوارەدا ڕاماندەكێشێتە ناو هێدمەیەكی توندتر و سامناكتر لەداهاتوودا.



د. ئەنور عەبدوڵڵا بەرزنجی*

*** ڕاوێژكاری پەرەپێدانی بەردەوام**



*** لە قۆناغی دووەمی بەرنامەی چاکسازی هەرێم بڕیارە پێداچوونەوە بە سیستەمی ئیداری هەرێمی کوردستان بکرێت، ئایا پێت وانییە بێ چاکسازی دارایی ناکرێت چاکسازی ئیداری ئەنجام بدرێت یا سەرکەوتنی تەواو بەدەست بهێنێت؟ ئایا ئەم پێداچوونەوەیە چۆنەو تاچەند گۆڕانکاری لە سیستەمی ئیداری دێنێتە ئاراوە؟**

- چاکسازی ئیداری بەشێوەیەکی گشتی زنجیرەیەکی سەرەکییە لە چاکسازی دارایی، حکومەت بەکردار هەنگاوی چاکسازی ئیداریی و دارایی ناوە، چونکە سیستەمی ئیداریی و دارایی سیستەمێکی کۆنەو لەگەڵ واقیعی ئەمرۆ تاڕادەیەك ناگونجێت، بۆیە دەبێت ئەو سیستەمە ئیدارییە دووبارە ڕێکبخرێتەوە و حکومەتی ئەلەکترۆنی بێتە دروست کردن. دەبێت چاکسازی بنەڕەتی بەبەردەوامی لە سیستەمی ئیداریی و دارایی ئەنجام بدرێت و کاروباری ئیدارەش شەفاف بکرێت و دامودەزگای حکومی تەرشیق بکرێت، سەرەڕای ئەوەش دەبێت لەم هەنگاوانەی سەرەوە خەڵکی شارەزاو خاوەن ئەزموون بەشداری پێ بکرێت و سوود لەئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێت.

***بەپێی ئەوەی ئێمە گوێبیستی بووین، لەم پێداچوونەوەیەدا پێویست دەبێت چەند یاسایەك هەموار بکرێت، بەتایبەتی یاساکانی ڕاژەی خزمەتی مەدەنی ئایا تاچەند ئامادەکاری بۆ ئەم پێداچوونەوەیە کراوە؟**

- بەڵێ لەڕێگای وەزارەتی پلاندانانەوە ئامادەکاری کراوە بۆ دووبارە هەموارکردنی یاساکانی ڕاژەی شارستانی بەشێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سیستەمی ئیداریی جیهانیدا، بۆ ئەم مەبەستەش هەماهەنگی تەواو کراوە لەگەڵ هەندێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا.

*** بەپێی ئەو بەرنامەیەی ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەو ئیدارەکردن پێڕەوی دەکات، بریتییە لەوەی کە زیاتر کەرتی تایبەت فراوان بکات، ئەمەش مانای وایە پێویستە حکومەت بچووك بێتەوە و کەرتی تایبەت فراوان بکرێت و لەژێر چاودێری و بەدواداچوونی وردی حکومەتدا بێت، ئەوەی دەیبینین حکومەت هەر فراوان دەبێت ئایا ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟**

- نەخێر من پێم وانییە حکومەت فراوان

## بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابووری
## حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دیمانەیەکدا بۆ گوڵان:

# سیستەمی ئیداریی و دارایی سیستەمێکی کۆنەو تاڕادەیەک لەگەڵ واقیعی ئەمڕۆ ناگونجێت، بۆیە دەبێت ئەو سیستەمە ئیدارییە دووبارە ڕێکبخرێتەوە



**لەچاوپێکەوتنێکــی تایبەتی گۆڤاری گوڵان بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردســتان باس لەو هەنگاوە عەمەلیانە دەکات کە لەبواری چاکســازی ئیداریی گیراونەتە بەر، تاڵەبانی پێی وایە بەمەبەســتی ئەنجامدانی چاکسازی ئیداری پێویستە خەڵکی شــارەزاو خاوەن ئەزموون بەشداری پێ بکرێت، لەڕووی عەمەلیشەوە هەنگاونراوە بۆ دووبارە هەمواركردنەوەی چەند یاسایەك و هەر فەرمانبەرێکیــش لەکەرتــی حکومییەوە بچێتە کەرتی تایبەت بواری پێ دەدرێت بە نیــوەی مووچەکەی و بەهەمان پێوەری فەرمانبەرانی حکومیش خانەنشین دەکرێت. وەزیری دارایی و ئابووری بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

ببێــت، حکومەت فــراوان نابێت، بەڵکو هەوڵێکی جددی لــە ئارادایە لە هەموو بوارەکانیــش بۆ بەگەڕخســتنی کەرتی تایبەت و هەنــگاوی فیعلیش هاوێژراوە، حکومەت مەبەســتێتی ئەم کارە ئەنجام بدات ئەنجامەکانیشی بەدەرکەوتون .

*** لــەدوای پەســەندکردنی بودجەی ٢٠١١ و نزیکبوونــەوەی دەرکردنــی ڕێنماییــەکان بەنیاز نیــن خەرجییەکانی حکومەت کەمبکرێتــەوە تاوەکو خەرجی زیادە نەمێنێت؟**

- لەکاتــی دانانــی بودجــە بەپێــی پێویست خەرجی حکومی کەم کراوەتەوەو ڕێنماییــەکان لەســەر دەرچوونــن بــۆ جێبەجێکردنیان.

*** لایەنێکــی دیکــەی گرنــگ لە پرۆســە چاکســازییەکەی ســەرۆکی کوردســتان دابینکردنی هەلــی کارە بۆ لاوان، جێگەی دەستخۆشــییە حکومەتی هەرێمی کوردســتان، ژمارەیەکی یەکجار زۆر هەلی کار لە حکومەتتدا بۆ بێکاران دابین دەکات، بەڵام ئایا بێکاری تەنیا بەم ڕێگایە چارەسەر دەکرێت، ئەگەر ناکرێت بەرنامەتان چییە؟**

- نەخێــر بێــکاری تەنیــا لەڕێگای دامەزراندنی حکومییەوە چارەسەر ناکرێت، راستە حکومەت بەشــێکی لەنەهێشتنی بێکاری گرتۆتە ئەستۆ، بەڵام حکومەت بــەردەوام لەهەوڵی دۆزینەوەی هەلی کار و پلاندانانە بۆ چارەســەرکردنی بێکاری، بــۆ نموونە ئەگــەر تەماشــای پرۆژە یاسایی بودجەی ســاڵی ٢٠١١ بکەین، جگــە لەدامەزراندنــی ٢٥ هەزار میلاك لە حکومەت، حکومەتی هەرێم ٢٥ملیار دیناریــش بۆ دۆزینــەوەی هەلی کار بۆ گەنجان لە کەرتی تایبەت و پشــتیوانی ســندوقی قەرزی بچووك تەرخانكردووە، هەروەها بەمەبەســتی پشــتگیریکردن و هاندانــی کار کــردن لەکەرتــی تایبەت حکومــەت پێدانی نیــوەی مووچەی بۆ هەرفەرمانبەرێــك داناوە گــەر بیەوێت لەکەرتی حکومیەوە بــۆ کەرتی تایبەت بچێت کە بەهەمان پێوەری فەرمانبەرانی حکومی خانەنشین دەکرێن، هاوکات قەرزی کشــتوکاڵی و پیشەسازی بۆ جوتیاران و پیشــەوەران دابینکردووە، هەروەها هاتنی ئەو هەموو کۆمپانیــا بیانیانە کە هەلی کار زیاتر دەڕەخســێنێت بــۆ هاووڵاتیان، ئەمانەش هەموو هاوکاری و ئاسانکاریی حکومەتە بۆ کەرتــی تایبەت بەتایبەتی وەك لەیاسای وەبەرهێناندا هاتووە .







# سیدەکان.. س

## تۆپباران ئاستەنگە لەبەردەم

سیدەکان ناوچەیەکی سێگۆشەیە لەنێوان سنووری ئێران و تورکیاو هەرێمی کوردستان، دەڤەرێکی کوێستانی بەرفراوانە و لەوەڕگاو مێرگ و باخ و بێستان و دارودرەختێکی یەکجار زۆری هەیە، ساڵانە ڕەوەند و مەڕدارانی ناوچەکانی تری کوردستان ڕوو لەم سنوورە دەکەن، ئەم شارۆچکەیە چەندین جار بەر شاڵاوی وێرانکردن و ڕاگوازتن کەوتووە. سیدەکان لە ساڵی ١٩٣٢ بۆتە ناحیەو سنوورەکەی ٢٥٤ گوند لەخۆ دەگرێت و ١٤٠ گوندی ئاوەدانکراوەتەوە، گوندەکانی تر لەبەر بارودۆخی سەرسنووریی ئاوەدان نەکراونەتەوە، ڕووبەری ناحیەی سیدەکان ١٦٢٤ کیلۆمەتر










# ـــــێگۆشەی سنوور

## ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان

دووجایە، ژمارەی دانیشتووانەکەی بە گشتی (١٤) هەزار کەسە. خەڵکی سنووری سیدەکان بەتایبەتی گوندنشینان بەکاری باخ و کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییەوە خەریکن، سنووری سیدەکان سەرچاوەیەکی گرنگی بەرووبوومە شیرەمەنییەکانە بۆ کوردستان بەتایبەتی بۆ شاری هەولێر و سۆران بەروبوومەکانیش وەکو ماست و پەنیر و ژاژی و دۆو کەرە و جۆرەکانی تر، هاوکات جوانی سروشت و چیا و شاخ و مێرگ و باخ و دارستانەکانی وایکردووە کە بنەماکانی گەشتوگوزاری بەهێزی هەبێت ساڵانە لە وەرزی گەرما و هاوین خەڵك و گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن.



ئەحمەد قادرە سوور بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان بۆ(گوڵان):

# هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاری لەلایەن حکومەت و کەرتی تایبەت ئەنجام نەدراوە

**ناحیەی سیدەکان لەسەردەمی رژێمی بەعس بەرشاڵاوی خاپوورکردن و ڕاگوازتنەوە کەوتووەو ژێرخانی خزمەتگوزاریەکانی وێرانکرا، لە دوای ساڵی(١٩٩١)وە لەبەر بارودۆخی سنووریی نەتوانراوە بەپێی پێویست ئاوڕی لێبدرێتەوە، لە بەسەرکردنەوەیەکی گۆڤاری (گوڵان) بۆ ناحیەی سیدەکان و سنوورەکەی بە گشتی، چەند هاووڵاتییەکی سەنتەری ناحیە و سنوورەکەمان دواند، گلەیی و گازاندەیان هەبوو بەتایبەتی لە بواری ڕێگاوبان و پەروەردە و کەمی ئاوی خواردنەوە و پرۆژەکانی تری خزمەتگوزاری، گلەیی و گازاندەو داواکاری هاووڵاتیان و چەند پرسیارێکی ترمان لە (ئەحمەد قادرە سوور) بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان کرد، بەم شێوەیە وەڵامی پرسیار و ڕەخنە و داواکاریەکانی دایەوە.**

### بەدرێژایی(٢٠) کیلۆمەتر ئاو بە بۆڕی لە کوێستانەکانەوە ڕادەکێشرێت

ناحیەی سیدەکان بەپێی هەڵکەوتەی جوگرافیا و سروشتەکەی سەرچاوەی ئاوی زۆرە بەتایبەتی ئاوی کانی، بەڵام وەکو دەزانین لەسەردەمی حکومەتی عێراقی لەگەڵ وێرانکردنی ناوچەکە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ناحیەکە و سنوورەکە تێکدراون، لەمبارەوە بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: ناحیەی سیدەکان لە چوارچێوەی ئەو شوێن و ناوچانە بووە کە لەسەردەمی بەعس بەرشاڵاوی خاپوورکردن و ڕاگوازتنەوە کەوتووە، بۆیە ژێرخانی خزمەتگوزاری بەگشتی داتەپێوەو پرۆژەو سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەش یەکێکە لەم بوارانەی خراپ کرابوو، لە دوای ڕاپەڕین و دەستبەرکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان کارێکی قورس کەوتە سەر شانی حکومەتی کوردستان کە پرۆژەی خزمەتگوزاریان بۆ ئەنجام بدات، یەکێك لەو کار و پرۆژانە ئاوی خواردنەوەیە، هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێم کار و پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی ئەنجامدا، ئێستا کە سنوورەکە لە (٨٠٪)ی گرفتی ئاوی خواردنەوەی نییە و ساڵانەش چوار تا پێنج گوند پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی بۆ ئەنجام دەدرێت، سەنتەری ناحیە پرۆژەیەکی باشی ئاوی خواردنەوەی هەیە، بەڵام سەرچاوەی پڕۆژەکە ئاوی کەم کردووە، بۆیە داوای پرۆژەیەکی ترمان کرد بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە، بۆ ئەو پرۆژەیەش لەلایەن حکومەت و لایەنی پێوەندارەوە دەرخستەکراوە کە بەدرێژایی(٢٠) کیلۆمەتر ئاو بە بۆڕی لە کوێستانەکانەوە ڕادەکێشرێت بۆ سەنتەری ناحیە و لە ئایندەیەکی نزیکدا بە ئومێدین ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکرێت، بە گشتی لە وەرزی هاوین بەتایبەتی لە وشکە ساڵی گرفتی ئاوی خواردنەوە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوەو لەو کاتەشدا بەتانکەر ئاوی خواردنە بەتایبەتی بۆ گوندەکان دابین دەکەین، لەلایەکی ترەوە زۆر پرۆژەی گرنگی ئاوی خواردنەوە لە سیدەکان کراوە، بەڵام هەر تووشی گرفت و کەمی ئاو دەبین، چونکە زۆر جار ئاستی هۆشیاری لەبەکارهێنانی ئاوی خواردنەوە بەپێی پێویست نییە، بۆیە پێویستە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە کار بۆ ئەوە بکرێت کە خەڵك بەڕێکوپێکی بەپێی پێویستی ڕۆژانەی خۆی ئاو بەکاربێنێ، نەك بە فیڕۆی بدات یا بۆ مەبەستی باخ و بێستان و باخچە و ...تاد بەکاری بێنێت، لەلایەکی تر چەند ناوچەکە ئاوەدان ببێتەوە و ژمارەی دانیشتووانەکەی زیاتر بێت، ئەوە زیاتر پێویستمان بە ئاوی خواردنەوە دەبێت.

### خراپی ڕێگاوبانەکان ئاستەنگە لەبەردەم پرۆژەی گەشتوگوزاری

سەبارەت بە گەشتوگوزار، سیدەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەگەر گرنگی پێبدرێت و کار و پرۆژەی گەشتیاری بۆ ئەنجام بدرێت زیاتر گەشە دەکات و خەڵك و گەشتیاران ڕووی تێدەکەن، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: لەڕووی سروشتەوە سیدەکان شوێنێکی جوان و دڵڕفێنی گەشتیارییە، بەڵام بۆ برەودان و گەشەکردنی ئەم لایەنە، پێشەکی پێویستە تۆڕی ڕێگاوبانی سنوورەکە بەتایبەتی بۆ ناو مێرگ و باخ و دارستانەکان دروست بکرێت یا بەشێوەیەکی باش و گونجاو ڕێگاکانی ڕێکبخرێت کە بگونجێت بۆهاتوچۆ کردن، بۆیە لە کاتێکدا ڕێگاوبان بەپێی پێویست نەبێت ئەوە بواری گەشتوگوزاریش باش و پێش ناکەوێت، وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا سنووری ناحیەکەمان وێران بووەو ڕێگاکان بەتایبەتی ئەوەی بۆ کوێستانەکان و شوێنە گەشتیارییەکان دەچێت خراپ و بێسەروبەر بوون، بۆیە هاتووچۆکردن ناخۆش و زەحمەتە، لەلایەکی ترەوە سەقامگیری سنوورەکانیش ڕۆڵی خۆیان لەبواری گەشتوگوزاری دەبینن، چونکە لەو کاتەدا کەرتی تایبەت دەتوانێ بێت پرۆژە و کاری وەبەرهێنانی گەشتوگوزاری لە ناوچەکە ئەنجام بدات، ئێمەش لەو لایەنانەی پێوەنداربین هاوکاری و پاڵپشتیان دەکەین، بەڵام تا ئێستا هیچ پرۆژەیەکی گەشتیاری لەلایەن حکومەت و کەرتی تایبەت ئەنجام نەدراوە.

> **لە وەرزی هاوین بەتایبەتی لە وشکە ساڵی گرفتی ئاوی خواردنەوە ڕووبەڕووی ناوچەکە دەبێتەوەو لەو کاتەشدا بەتانکەر ئاوی خواردنە بەتایبەتی بۆ گوندەکان دابین دەکەین**

### نەخشەی بنەڕەتی نییە و زێدەڕۆیی هەیە

سەبارەت بەوەی کە ماستەرپلان بۆ گەورەبوون و بەرفراوانی هەموو شارو شارۆچکەیەك، نەخشە ڕێگایەکی پێویست و گرنگە و هۆکارێکە کە پێش لە زێدەڕۆیی دەگرێتەوەو کێشەو گرفتی کوژاندنەوەی زەوی و تاپۆش چارەسەر دەکات، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: بۆ گەورەبوونی شارو سەرکەوتن لەکارو پرۆژەکان یەکێك لەو کارانەی پێویستە ماستەرپلانە، بەڵام ناحیەی سیدەکان تا ئێستا کە ماستەرپلانی نییە و لەسنوورەکەماندا کێشەی تاپۆش هەیەو لەلایەن شارەوانی جیاکردنەوەی زەوی ئەنجام نەدراوە،



بۆیە بەبێ جیاکردنەوەو نەخشەی بنەڕەتی و دیزاین، خەڵك خانووی دروست کردووەو زێدەڕۆیی لەناحیەی سیدەکان هەیە، بەڵام ڕێگاگیراوە لە زێدەڕۆیی گەورە، بەتایبەتی ئەوانەی کە کاریگەریان لەسەر ناشیرین کردنی شارۆچکەکە هەیە، بۆ نموونە ڕێگامان گرتووە لە زێدەڕۆیی کردنە سەر شوێنی جووت سایدەکەی کە بەناو سەنتەری ناحیەکەدا دەڕوات، هەروەها زەوی شارەوانی و شوێنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، هۆکاری سەرەکی زێدەڕۆیی لەناحیەکەدا نەکووژاندنەوەو جیانەکردنەوەی زەوییە، هەر بۆیەش ناتوانین پێش لەخەڵکەکە بگرین بۆ خانوو دروستکردن، چونکە بەردەوام خەڵك دەگەڕێتەوە بۆ شارۆچکەکەو پێویستی بە خانوو وشوێنی حەوانەوە و نیشتەجێبوونە لەو کاتەشدا لەبەرنەبوونی ماستەرپلان و نەکوژاندنەوەی زەوی زێدەڕۆیی هەر دەکرێت.

### کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك

سەبارەت بە پاککردنەوە و خۆ ڕزگارکردن لە زبڵوخاشاك و ئەو کارو پرۆژەیەی پیادەی دەکەن بۆ ئەو مەبەستە چەند سەرکەوتووە، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: ساڵانی ڕابردوو بەپێی پێویست شارۆچکەکە پاك نەدەکرایەوە گەرچی شارەوانی بەکارەکانی خۆی هەڵدەستا، ناو شاری پاك دەکردەوە و زبڵۆخاشاکەکەی لە ژێر گڵ دەنا یا دەسووتێنرا، ئەمەش سیستەمێکی کۆنە و زۆر سەرکەوتوو نییە، بەڵام ئەمساڵ پاککردنەوەی ناو شارۆچکەو خۆ ڕزگارکردن لە زبڵۆخاشاك دراوەتە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت، ئەم کۆمپانیایە ڕۆژانە هەڵدەستێت بە پاککردنەوەی ناو کۆڵان و گەڕەك و شەقامەکانی سەنتەری شارو شەقامە سەرەکییەکانی کە دێت بۆ شارۆچکەکە، هاوکات زبڵو خاشاکەکە دەباتە شوێنێك لە دەرەوەی شار دەیخاتە ژێر گڵ یا دەیسووتێنێت، کارو ئیشی کۆمپانیاکە لە زۆرلایەنەوە باش و سەرکەوتووە، بەڵام ژێر گڵ خستن یا سووتاندنی زبڵۆخاشاکەکە زۆر ترسناکە و هۆکارێکی سەرەکی پیسبوونی ژینگەیە.

### کەمی ئامێرە خزمەتگوزارییەکان

سەبارەت بەوەی لە ناحیەی سیدەکان ئامێری پێویستیان هەیە، وەکو سەلەی کارەبا و شۆفڵ و بلدۆزەر و..تاد. یا ئەوە یەکێکە لە کەموکوڕی و گرفتەکانی سنوورەکە، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: ئەو ئامێرانەمان نییە، جگە لەوەش ئەگەر ئەو ئامێرانەشمان هەبێت ئەوە پێویستی بە چاککردن و بودجەی تایبەت هەیە،ئەو ئامێرانە هەر هەموو گرنگی خۆیان هەیە، بۆ نموونە سەلەی کارەبا بۆ چاککردن و گرفتی کارەبا زۆر پێویستە.

### نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لە ناوچەکە

سەبارەت بەبواری پەروەردە و کێشەی میلاکات و کەمی مامۆساتای پسپۆڕی وانەکان بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: لە بواری پەروەردەییەوە لەبەر نەبوونی کادیر و پسپۆڕی پەروەردەیی و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لە ناوچەکە کێشە

**هۆکاری سەرەکی زێدەڕۆیی لەناحیەکەدا نەکووژاندنەوەو جیانەکردنەوەی زەوییە، هەر بۆیەش ناتوانین پێش لەخەڵکەکە بگرین بۆ خانوو دروستکردن**

و گرفتمان هەیە، واتە لە سنووورەکە کادیرو مامۆستاو دەرچووی خۆمان نییە، لەلایەکی تر هەر مامۆستایەك کە دادەمەزرێت و دێتە ناوچەکە پاش تەواوکردنی ماوەی دیاریکراوی خۆی دەگوازرێتەوە و لە سنوورەکەمان نامێنێت، ئەمەش کێشەو گرفتی بۆ بواری پەروەردە لە سنوورەکە دروست کردووەو کێشەشمان لە بواری مامۆستای پسپۆڕی هەندێ وانە هەیە، لە بواری بینایەی قوتابخانە کارمان بۆ کراوەو ساڵانەش لە سەنتەری شارۆچکەو چەند گوندێك قوتابخانە دروست دەکرێت، بۆ ڕەوەندەکانی لە سنوورەکەن قوتابخانە و خوێندنی گەڕۆك هەبوو، بەڵام ئەم پرۆسەیە ئێستا نەماوە.

### بنکەکانی تەندروستی

سەبارەت بە بواری تەندروستی و پێداویستییەکانی سنوورەکە بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: سەنتەری ناحیەی سیدەکان بنکەیەکی تەندروستی گەورە و باشی لێیە و دەوامی ئێشکگری تێدا هەیەو ڕۆژانە پزیشکێکی پیاو و پزیشکێکی ئافرەت لە نەخۆشخانەکە دەوامیان هەیەو چارەسەرو پشکنین بۆ خەڵکەکەی سەردانیان دەکەن ئەنجام دەدەن و زۆر بەجوانی و بەدڵنیایی خزمەتی هاووڵاتیان دەکەن، هەروەها لە گوندەکان و سنوورەکەش چەند بنکەیەکی تری تەندروستی شیاو هەیە کە کادیرو کارمەندی پزیشکییان بۆ دامەزراوە، سەرەڕای ئەمانەش ناحیەی سیدەکان و سنوورەکە پێویستی بە نەخۆشخانەیەکی چەند قەرەوێڵەیی هەیە کە پزیشکی پسپۆڕ و هۆڵی نەشتەرگەری و لە دایکبوون و منداڵانی هەبێت.

### پێویستمان بە سەلەی کارەبا هەیە

سەبارەت بە بواری کارەبا و گەیشتنی تۆڕی کارەبای نیشتمانی بە سنوورەکە بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: ناحیەی سیدەکان و سنوورەکەی

کارەبایی لێ نەبوو، ئێستاکە دەتوانین بڵێین لە(٨٠٪)ی سنوورەکە تۆڕی کارەبای بۆ چووەو چەند گوندێک ماوە تۆڕی کارەبایان بۆ بچێت، بەڵام بۆ ئەوانیش ماوەیەکە کەشفیان بۆ کراوەو بەرنامەشیان بۆ دانراوە کە تۆڕی کارەبایی بگەیەنینە ئەم گوندانەش، بۆیە دەتوانم بڵێم کەمترین کێشە و گرفتمان لە بواری کارەبا هەیە، سەرەڕای ئەمەش ناحیە و سنوورەکە لە کاتی پچڕانی تۆڕێکی کارەبا یا دابەزینی سویچی محاویلەیەک یا هەر گرفتێك کە ڕوودەدات پێویستمان بە سەلەی کارەبا دەبێت، ئەم ئامێرەشمان نییە.

### بەستنەوەی گوندەکان بە سەنتەری ناحیەکەوە

یەکێک لەو لایەنانەی کە لە کاتی خۆی خراپ و پێسەروبەر بوو و گرنگی پێنەدرا بوو تۆڕی ڕێگاوبانی سنوورەکەو ڕێگای سەرەکی نێوان سیدەکان و سۆران بوو، دەبێ ئێستاکە ئەو گرفتە داخۆ چارەسەرکراوە لەمبارەوە بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: ڕێگاوبانی سنوورەکە بەتایبەتی تۆڕی ڕێگاوبانی گوندەکان هەر هەمووی وێرانکرابوون، ڕێگای نێوان زۆر لە گوندەکان و ناحیەکە هەر نەمابوو، بەڵام لەلایەن حکومەتەوە پلان و بەرنامە دانرا بۆ چاککردنی، ماوەی دوو ساڵە پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی ڕێگای سەرەکی نێوان سیدەکان — سۆران ئەنجامدراوە، ئێستاکە ڕێگاکە زۆر باش و شیاوە بۆ هاتوچۆکردن، هەروەها ئێستاکە پرۆژەیەکی گرنگی ڕێگاوبان بۆ (٦٠) گوندی سنوورەکە جێبەجێ دەکرێت کە پرۆژەی ڕێگای دەشتی هەرتییە کە بری حەوت ملیارو هەشت سەدو نۆزدە ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە بە تەواوبونی ئەو پرۆژەیە هەمەوو ئەو گوندانە بە سەنتەری ناحیەی سیدەکان دەبەسترێنەوە، هەروەها ئەو گوندانەی کە ڕێگاکانیان باش نییە بەرنامە بۆ ئەوانیش دانراوە، هەروەها لە سەنتەری ناحیەدا بەشێکی زۆر لە کۆڵان و گەڕەکەکان کۆنکرێت و قیرتاوکراون و کۆڵان و گەڕەکە تازەکانیش بەرنامەیان بۆ دانراوە کە ئەوانیش کۆنکرێت و قیرتاو بکرێن، هاوکات بەرنامە هەیە بۆ جووت سایدێك کە بە سەنتەری ناحیەدا دەڕوات و ئومێد دەخوازین ئەمساڵ ئەو جووت سایدە جێبەجێ بکەن، جگە لە ئاسانکاری بۆ هاتوچۆکردن، جوانکارییەکی زۆر بۆ شارۆچکەکە دەستەبەر دەکات.

### دەسەڵاتی ئیداری بەبێ دەسەڵاتی دارایی سوودی نییە

سەبارەت بەوەی کە بڕیاربوو دەسەڵاتی ئیداری بۆ یەکەی ئیدارییەکانی دابەزێتە خوارەوە، ئەو بڕیارە بەچی گەیشت و بە پراکتیکی دەسەڵاتەکە دابەزیوە، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: ئەو بڕیارە تەنیا بە نووسراوێك بە دەستمان گەیشتووە تا ئێستاکە کاری پێ نەکراوە، من شەخسی خۆم هیچ دەسەڵاتێکی زیاد نابینم کاری پێ بکەم، لەلایەکی تر دەسەڵاتی ئیداری ئەگەر بۆمان بێتە خوارەوەش بەبێ دەسەڵاتی دارایی و بوونی بودجەیەك سوودی نییە، ئێمە وەکو بەڕێوبەری ناحیە لە کاتی هەر پێویستییەك یا داواکارییەکی بچووکی خەڵك توانامان نییە بۆیان ئەنجام بدەین، چونکە هیچ بودجەیەکمان

## لە بواری پەروەردەییەوە لەبەر نەبوونی کادیر و پسپۆڕی پەروەردەیی و نەبوونی مامۆستای پسپۆڕ لە ناوچەکە کێشە و گرفتمان هەیە

لەبەردەست نییە و لە زۆر داواکاری و کاردا بەرامبەر بە هاووڵاتیانی سنوورەکەمان شەرمەزار دەبین، بەبوونی دەسەڵاتەکان دەتوانین ڕاستەوخۆ زیاتر خزمەتی سنوورەکە بکەین و خەڵك زیاتر دڵی بە شوێن و گوند و کارەکەی خۆش دەبێت.

### لەئاکامی تۆپبارانکردن خەڵکی هەست بەئارامی ناکەن

سەبارەت بەوەی کە سیدەکان ناوچەیەکی سنوورییە و ژمارەیەکی زۆر مین لەم دەڤەرە چاندراوە و چۆن کار بۆ هەڵگرتنەوەی دەکرێت، هەروەها ساڵانە ماوە ماوە لە هەردوو سنوور تۆپباران دەکرێن و چەند زیان بە ناوچەکە دەگەیەنێ، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان گوتی: بێگومان هەردوو وڵات ئێران و تورکیا لە ئەنجامی ئەو بارودۆخەی لە سنوورەکان و ناوچەکە هەیە ساڵانە ماوە ماوە ناوچەکە تۆپباران دەکەن، ئەمەش کاریگەری خراپی لەسەر سنووری ناحیەی سیدەکان دروستکردووە، بەتایبەتی لە ڕووی دەروونییەوە خەڵکەکە هەست بەجێگیری و ئارامی ناکات و هۆکارێکیشە بۆ ئاوەدان نەبوونەوەی گوندەکان، هەروەها لە ئەنجامی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە ژمارەیەکی زۆر مین لەلایەن هەردوو لاوە لە ناوچەی سیدەکان و سنوورەکە چاندراوە، لە دوای ڕاپەڕینەوە لەلایەن چەند ڕێکخراوێکی جیهانی دەستکرا بە پاککردنەوەی چەند کێڵگەیەکی بەمین چێندراو، هەروەها ئێستاکەش لەلایەن دەزگای مین کە سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانە بەردەوام بەسێ تیم کار دەکەن لەسەر هەڵگرتنەوەی مین، بەڵام ژمارەی مینەکانی لە ناوچەکە چێندراوە یەکجار زۆرە، لەلایەکی تر کاری هەڵگرتنەوەی مین خۆی پرۆسەیەکی لەسەرخۆیە، بۆیە چەندین ساڵی تر پێویستە بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە، لەسەرەتای ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە ئەو کێڵگە مینانە زەرەروزیانێکی زۆری هەبوو بۆ ڕەوەندەکان و خەڵکەکەشی و قوربانی لێ دەکەوتەوە.

### وەزارەتی کشتوکاڵ کاروپرۆژەی لە ناوچەکە کەمە

سەبارەت بەوەی کە ناوچەکە کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە، وەزارەتی کشتوکاڵ کاروپرۆژەی ئەنجامداوە، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان گوتی: وەزارەتی کشتوکاڵ کاروپرۆژەی لە ناوچەکە کەمە بەتایبەتی کاری لەسەر ئەوە نەکردووە کە کارگەیەکی شیرەمەنی دابمەزرێنێ بە حوکمی ئەوەی ناوچەکە بەرووبوومی شیر و ماست و پەنیر و ژاژی زۆرە، بەڵام ئێستاکە لە بانکی کشتوکاڵییەوە قەرزی کشتوکاڵی بە جوتیاران و خەڵکەکە دەدەن، ئەمەش هاوکاری و هاندانێکی زۆر باش و گرنگ و کاریگەرە لەسەر بردوادن بە کاری کشتوکاڵی و مەڕداری لە سنوورەکەماندا، لەلایەکی تر دیراسە و کار کراوە بۆ دروستکردنی بەنداوی کشتوکاڵی، چونکە ناوچەکە زۆر گونجاو و لە بارە بۆ بەنداوی گەورە و کشتوکاڵی، پێویستە ژمارەیەك بەنداوی کشتوکاڵی دروست بکرێت، پێویستە ئەوەش بڵێین ئەگەر زەمینەی سنوورەکە لەباربوو ئەوە دەکرێت کارگەی قووتوو بەندو شیرەمەنیش دابمەزرێت.

### بۆ بنەماڵەی شەهیدان لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی (٢٠٠) خانوو لە دەشتی بەرازگر دروستکراوە

سەبارەت بەدەستەی وەبەرهێنان هیچ کاروپرۆژە بەتایبەتی یەکەی نیشتەجێبوونی لەم سنوورە ئەنجامداوە یاخود خانوو بۆ بنەماڵەی شەهیدان کراوە، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان گوتی: دەستەی وەبەرهێنان هیچ جۆرە پرۆژەیەکی لە ناحیەی سیدەکان و سنوورەکە نەکردووە، بەڵام بۆ بنەماڵەی شەهیدان لەلایەن جەنابی سەرۆك بارزانی (٢٠٠) خانوو لە دەشتی بەرازگر دروستکراوە، هەروەها لە گەڵی شێخ زادە نزیکەی (٨٠) خانوو بۆ ئەو پەناهەندانەی کە ئاوارەی ئێران ببوون دروستکراوە، لە سەنتەری ناحیەش ماوەی چەند ساڵێك پێش ئێستا(١٠٣) خانوو بۆ شەهیدان و ئەو خەڵکانەی کەمدەرامەت و مافیان هەبوو دروستکراوە، لە ساڵی ڕابردوو هەر لەسەر بودجەی جەنابی سەرۆکی هەرێم(١٠٠) خانووی تر لە سەنتەری ناحیە و گوندەکان بۆ بنەماڵەی شەهیدان و کەمئەندام و پەککەوتووان دروستکراوە و ئێستاش پێشینەی خانووبەرە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەدرێت کە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و باشە بۆ چارەسەر و کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون لە ناوچەکەدا و زیادکردنی پێشەنی خانووبەرەش هەنگاوێکی تری گرنگە بۆ ئاوەدانبوونەوەی دەڤەرەکە. سەبارەت بەوەی یەکەی ئیداری و فەرمانگەکان بینایەی هەیە یا لە خانووی کرێدان بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان گوتی: یەکەی ئیداری کۆمەڵگایەکی باش و سەردەمیانەی بۆ کراوە و هەموو فەرمانگەکانمان بینایەی خۆی هەیە و زەویشیمان بۆ دروستکردنی بانك تەرخانکردووە و ئێستاکە نووسینگەیەکی بانکیمان هەیە، کە کارو ئیشەکان بەڕێوەدەبات.

### هەڵمەتی کوتانی مەڕوماڵات و ئاژەڵەکان

سەبارەت بەوەی لە کاتی بڵاوبوونەوەی تووشبوونی مەڕوماڵات و ئاژەڵەکانی ناوچەکە بە نەخۆشی چی دەکەن، بەڕێوەبەری ناحیەی سیدەکان وتی: ئێمە بنکەی ڤێتێنەریمان لە ناحیەکە هەیە و ساڵانە بە بەردەوامی هەڵمەتی کوتان بۆ مەڕوماڵات و ئاژەڵەکانی سنوورەکە ئەنجام دەدەن، بەڵام زۆر جار هەندێ کەس خۆیان لەو هەڵمەتانە دەدزنەوە، بەتایبەتی کاتێك پەتایەك بڵاو دەبێتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ڕایبگەیەنم و بە خاوەن ئاژەڵەکان بڵێم پێویستە ساڵانە لە کاتی هەڵمەتی کوتاندن مەڕوماڵات و ئاژەڵەکانیان بکوتن.